# نووسەری کورد

٤
ئەیلوولی
٢٠٢٥

**گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیرییە یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی دەریدەکات/ خولی نوێ**

**خاوەنی ئیمتیاز**
**یەکێتیی نووسەرانی کورد**

**سەرنووسەر**
**پرۆفیسۆر د. هیمداد حوسێن**

**جێگری سەرنووسەر**
**ئازاد عەبدولواحید**

**دەستەی نووسەران**
**ئەحمەد عارف**
**ئەنوەر محەمەد تاهیر**
**ئاکۆ کەریم مەعروف**
**حەمە عەباس**
**د.عادل گەرمیانی**
**موحسن قوچان**
**نیازی حەمەعەزیز**

**هەڵەچن**
**حەمە ئەحمەد جاف**

**بەڕێوەبەری هونەری**
**فەهد شوانی**

* ناوەرۆکی بابەتەکان گوزارشت لە بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکات.
* دەتوانن بابەتەکان بۆ ئەم ئیمێڵانە بنێرن:

nusarikurd@gmail.com
hemdad9@gmail.com

ژمارەی سەرنووسەر
٠٠٩٦٤٧٥٠٤٦١٧٢٦٧

بەڕێز (د. ڕێواس فایەق) تێچووی ئەم ژمارەیەی لە ئەستۆ گرتووە.

نرخ: ٢٠٠٠ دینار
تیراژ: ٥٠٠ دانە

**ناونیشان: هەولێر - جووت سایدی عەدالە.**

## لەم ژمارەیەدا:


سووکایەتی بە کتێب.. سەرنووسەر........................................................................................ ٣

*** رەخنە و توێژینەوە:**

هەڤرکیا جڤاکی د رۆمانا «بوهڤزین» یا (نافع ئاکرەیی)دا.. د. زوزان سادق سەعید.............. ٤

کۆتایی لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا.. د. سەنگەر نازم........................................................ ١٩

شێوازی ئاوێتەبوونی ژانرەکان لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا.. د. ئەڤین ئاسۆس حەمە...... ٤٨

*** وتار:**

سایکۆلۆژیای ئەدەبی و بوارەکانی.. پ. د. عومەر پەتی....................................................... ٧٧

کێشەی نێوان بلیمەتەکانی دنیای فیکر و ئەدەب.. و: لوقمان محەمەد رەشید..................... ٨٢

*** شیعر:**

سەفەرێکی نەبڕاوەیە ئەم غوربەتە.. محەمەد کەساس.........................................................٩١

ژبەرزەبونێ ڤەگەرە.. سەلام بالایی......................................................................................... ٩٤

مەخلووقێک لە گەردوونی شەودا.. ڕێدار سابیر.................................................................. ٩٦

لەبێ تۆییدا درۆێنەی گەنجێتیم دەکەم.. بورهان بەرزنجی.................................................... ٩٨

قامەتی شیعر.. شەنگە هاوار کاکەیی.................................................................................. ١٠١

*** چیرۆک:**

گردە قالۆنچە.. زێنەب یووسفی.......................................................................................... ١٠٣

گوڵەبەڕۆژە لەنێو دەریایەکی سەوزدا.. دابان عەتار........................................................... ١٠٦

٢٥ی ئابی ١٩٨٣.. وەرگێڕانی: بەهزاد حەوێزی.................................................................. ١٢٠

*** تەوەر:**

ئەزموونی نووسینی (هایکۆ).. سازدانی تەوەر: حەمە ئەحمەد جاف.................................... ١٢٧

*** خوێندنەوەی کتێب:**

لێکدانەوەی شیعری (مەنزڵی نوێم)ی فازیل شەورۆ.. د. هاوژین صلیوە............................ ١٥٢

*** ناساندنی کتێب:**

کورتەیەکی ڕێزمان و وشەسازیی.. لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق............. ١٥٦

# سووکایەتی بە کتێب



سەرنووسەر

نووسەری کورد ئەگەر بیەوێ کتێبێک چاپ بکات ئەمڕۆ وای لێهاتووە بڕوات لە کتێبخانەکانی بازاڕ بپاڕێتەوە بۆ ئەوەی رازیان بکات هەموو مافێک بۆ خۆیان بەس کتێبەکەی بۆ چاپ بکەن. ئەگەر کابرا بە خێری خۆی لە کۆتایی دوای چاپکردنی کتێبەکە بیست دانەیەکی بداتێ. کابرای کتێبخانەیش هەزار و یەک بەند و بالۆرەی بۆ دێنێتەوە،کە بازاڕ نییەو کتێب نافرۆشرێ و ناچارە لە کۆگا هەڵیگرێ و وردە وردە لە پێشانگاکاندا سەرفی بکات. نووسەرەکەیش دەبێ زۆر مەمنوون بێت بەرهەمی هزر و ماندووبوونی هەڕاج بکات. ئەو هەموو گەڕان بە دوای سەرچاوەو شەونخوونی و ماندووبوونی خۆی بە ئاسانی بخاتە دەست کەسانی ترەوە. لە وڵاتانی دی، باسی رۆژئاوا ناکەم کابرای رۆمانووس یان شاعیر چەندین ساڵ لەسەر قازانجی کتێبەکانی دەژی و نووسین بۆتە پیشە نەوەکو حەز و ئارەزوو وەکو لای خۆمان. زۆر دوور نەڕۆین دەرو دراوسێکانمان وەکو ئێران و تورکیا خانەی بڵاوکردنەوەکان بە پەرۆشەوە بەدوای نووسەردا دەگەڕێن تا گرێبەستی لەگەڵ مۆر بکەن و بڕە پارەیەکی باشیشی بدەنێ وەکو مافی نووسین و تەنانەت ئەگەر جارێکی دیکەیش چاپ بکرێتەوە دیسانەوە مافە نووسەر پشتگوێ ناخرێت و بەشی لە قازانجەکە دەبێت. چ کارەساتێکە و چ میحنەتییەکە لە کوردستان دەزگایەک نییە کتێبت بۆ چاپ بکات. رەنگە هەندێ کەس بیانوو بۆ ئەو حاڵەتە بێننەوە،کە خوێنەر نییەو باری ئابووری کوردستان باش نییە.یان نووسینەکان قووڵ نین و تاسەی خوێنەری زیرەک ناشکێنن و زیاتر روانینەکان ناوەکین و لە بازنەی بیرکردنەوەی ناوچەکە تێناپەڕن،بەڵام ئەمە راستە؟ یان کێشەکە لە سووک کردنی کلتور و ئەدەبیاتی نەتەوەیی خۆمانەو بەکەم وەرگرتنی بەرهەمی خۆمانە؟ئێ هەندێ بەرهەمی بێگانە دەخوێنینەوە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە یان فڵانە خەڵاتی وەرگرتووە زۆر لاوازن. تۆ بڵێی هەموو جارێ خەڵات پێوانەی بەرهەمی باش بێت؟چەند کەس تاوەکو ئێستا لە رۆژهەڵات لە ئاسیا و ئەفریکا خەڵاتیان وەرگرتووە؟ یان مەسەلەکە بە دیوێکی تردا سیاسییەو بەکەم ڕوانینی ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتییە، یان بە دیوێکی دیکەدا کێشەو ململانێی شارستانی و پاراستنی سێنترالیزمی مەسیحیەتی رۆژئاواییە؟دەشێ تۆیش بیرکردنەوەیەکی جیاوازت هەبێت.

# هەڤڕکیا جڤاکی

## د رۆمانا «بوهژین» یا (نافع ئاکرەیی) دا

## بەشێ ئێکێ وەکو نموونە

(١ - ٢)



د. زوزان سادق سەعید

هەواڵنامەی کتێب

**کورتی:**

هەلبەت رۆمان ب گشتی دەربرینێ ژ کەتواری دکەت ب هەمی باشی، خرابی، خۆشی ونەخوشێن خۆ یێن ژیانێ ڤە و ب چاڤێ کامیرەکا هونەری وێنەدکەت. رومانڤێس هەولددەت هەمی وان هێلێن ژیانێ بکەتە بابەت دناڤ رۆمانا خۆ دا و ب سادەترین شێوە وان هێلا بکێشیت ئەوێن وێنەکێ رون بەرچاڤ بکەت وئەو نهێنیێن ڤەشارتی ژ زار دەڤێ هندەک کارەکتەرا ئاشکرا بکەت.

رۆمانا «بوهژین» یا رۆمانڤێس «نافع ئاکرەی» بەشێ ئێکێ بەحسێ وی جورێ هەڤرکیێ دکەت ئەوا مرۆڤ ژ بۆ بەردەوامیا ژیانێ دکەت،

بەحس ل وی سەردەمی دکەت دەمێ ئوروستوکراتیەت وهەبوونا چینایەتیێ دناڤ جڤاکی کوردی دا هەمی سنورێن مرۆڤایەتییێ بەزاندین وستەما ئاغا ونەریتێن جڤاکی بووینە ئەگەر بۆ مرنا خەونێن کەسێن هەژرا ورێگری لێکرتن ل ژیانێ، لەوما کارەکتەرێن رۆمانێ جار ژ هەڤرکیەکا جڤاکی بەرەف هەڤرکیەکا خۆدی (الذات) چووینە وجار ژی دگەل دەوروبەرێن خۆ شەرەنیخ کریە، هەروەسا فاکتەرێن سەرەکی یێن پەیدابوونا هەڤرکییێن جڤاکی دزڤرنە بارودوخێن ئابووری یێن لاواز ونەبوونا پارە وداهاتەکێ گونجای بۆ ژیانێ، لەوما تاکە کەس دێ پەنایێ بەتە بەر هندەک رێکێن نەدورست یان یێن دەرکەتی ژ داب ونەریتا ئەوا فاکتەرەکێ دیتر یێ هەبوونا هەڤرکیا پێ دهێتە هەبوونێ؛ چونکی دمیانا چەسپاندنا وان نەریتان دا گەلەک کەس دبنە قوربان وئەو کەسێن ئەو نەریت دانایین –دبیت دبەرژەوەندا وی دابیت– لەوما نە جێبەجێکرنا وان نەریتا دیسان ئالەکێ دی یە ژ پەیدابوونا هەڤرکیێن جڤاکی. رۆماننڤێسێ رۆمانا «بوهژین» ئەو لایەنە ژبیرنەکریە ئەوا زۆربەیا ژیانا مللەتێ کورد گرێدای وێ کەیسێ ئەوژی گرێدانا هەڤرکیێ دگەل هەستا نەتەوەی وهەبوونا رێکخستنێن نهێنیێ دناڤ جڤاکی دا.

پەیڤێن کلیلی: هەڤرکی، ململانێ، چینایەتی، شەرەنیخ، داب ونەریتێن جڤاک، هەژاری، دەستهەلاتا ئاغا و بەگا، دەرەبەگاتی.

**پێشەکی:**

هەڤرکیا جڤاکی وەکو جۆرەکێ سەرەکی ژ وێ دابەشکرنا بسپۆر وتایبەتمەندێن بوارێ کومەلناسی دەستنیشانکری، ئاماژە ب وان بنەمایان کرینە ئەوێن دبنە ئەگەر بۆ پەیدابوونا وان شەر وپەڤچوونا دناڤبەرا تاکێن جڤاکی چ دگەل خۆ یان دگەل دەوروبەرێن خۆ، ئەڤ زەمینەسازیە بۆ نڤیسەرێن ئەدەبی ژی دەلیڤەکا گونجاییوو تێدا وان هەمی کێشێن کومەلایەتی ب شێوەکێ هونەری بەرچاڤبکەن پێخەمەت ڤەدیتنا چارەسەریێ بو وان دوخێن هەڤرک.


ئەڤ ڤەکولینە لسەر بنیاتێ دوو بەشا هاتیە نڤیسین، بەشێ ئێکێ

گرێدای تێگەهێ زاراڤێ هەڤرکی یە و تێدا ئاماژە ب لایەنێ زمانی، زاراڤەی، فەلسەفی یێ هەڤرکیێ دهێت کرن و د لایەنێ فەلسەفی دا رەهندێن هەردوو فەلسەفێن (هەبوون ومارکسیەتێ) هاتینە وەرگرتن.

دبەشێ دووێ دا باس ل ساخلەت وبەرجەستەبوونا جۆرێن هەڤرکیێ هاتیە کرن، تێدا جودا جودا ئاماژە ب ساخلەت هەڤرکیێ وئەگەرێن پەیدابوونا وێ وجۆرێن هەڤرکی هاتیە کرن ودهەمان دەمدا د ڤی بەشیدا پراکتیزەکرن لسەر رۆمانا «بوهژین» لدویف پێدڤیاتیا ڤەکولینێ هاتیە ئەنجامدان.

**- گرنگیا بابەتی:**

هەلبەت بەرفرەهیا سنورێن رۆمانێ دخازیتە وێ چەندێ کو چەندین ڤەکولین وبابەت لسەر ئێک رۆمان بهێن کرن، چونکی دیتنا خاندەڤانا بۆ هەر رۆمانەکێ ژ هەڤدوو جودایە، گرنگیا هەلبژارتنا ڤی بابەتی (هەڤرکی درۆمانا بوهژین/ بەشێ ئێکێ) ژئەنجامێ وێ خاندنێ هاتیە ئەوا ڤەکولەری ب دیتنەکا چێژوەرگر ودیتنا وێ بیشا گونجای یا هەبوونا



نافع ئاکرەیی

هەڤرکیێن جڤاکی دناڤ کومەلگەها کوردی دا. هەروەسا وەرگرتنا ئێک جورێ هەڤرکیێ دەرگەهەکە بۆ ڤەکولینکرنێ ل جورێن دیتر لێ ب هندەک تێروانینێن دیتر، ئەڤە وژبلی تاکو نوکە بەحس ل بابەتێ هەڤرکی دناڤ رومانێ دا ب ڤی ناڤێ زیق نەهاتیە کرن لەوما ڤەکولەری ب فەر دیت ڤێ ڤەکولینێ ب پراکتیک ڤە بەرهەڤبکەت.

**- ئەگەرێن هەلبژارتنا بابەتی:**

ئێک ژ وان ئەگەرێن ڤەکولەر پالدای وەرگرتنا ڤی بابەتی ئەوە نەبوونا ڤەکولینێن کوردی دڤی بیاڤی دا ژ

لایەكی ڤە وفەراموشكرنا ڤێ رومانێ ژلایێ ڤەكولەران ڤە ژلایەكێ دیتر. هەروەسا هەبوونا نموونێن گونجای وژهەژی یێن هەڤركییێن جڤاكی كو بابەتەكێ باش بوویە بهێتە نڤێسین بۆ پتر دەولەمەندكرن ومفا وەرگرتن ژ لایێ خاندەڤان وتایبەتمەنداڤە.

**– رێبازا ڤەكولینێ:**

لدویف پێدڤیاتیا ناڤ ونیشانێن ڤەكولینی وئەوە رومانا هاتی پراكتیزەكرن ڤەكولەری پەنا بریە بەر بكارئینانا میتودا رەخنا جڤاكی، داكو پتر دەلیڤا شیكاركرنێ بهێت رەخساندن.

## بەشێ ئێكێ: تێگەهێ زاراڤێ هەڤركیێ

**١- جەمكێ هەڤركیێ ژ لایێ (زمان و زاراڤەی)ڤە:**

ژ بۆ پتر ئاشنابوون لسەر پەیڤا هەڤركی وئەو شلوڤەكرنێن زمانی وزاراڤەی وچاوەنیا پیادەكرنا وێ دبیاڤێن ئەدەبی دا، دێ ب شێوەكێ دەربرینكری ب ڤی ئاوای بیت.

**أ- ژ لایێ زمانیڤە:**


هەلبەت ئەو زاراڤێن ب ڤی شێوەی بەرفرەه رهێن خۆ دناڤ هەمی بواندا دبەنە خارێ، دبینە جهێ راوەستاندنێ ژ لایێ بسپور وتایبەتمەنداڤە ب تایبەت شلوڤەكارێن زمانی وزاراڤەی، داكو پتر رەهند و ئاراستا وی زاراڤەی بهێتە رونكرن و پاشی دبیتە بەرپەرەكێ نیف ئامادەكری بو ڤەكولەران هەر ئێك دبیاڤێ خۆ دا.

هەڤركی ژ وان زاراڤایە ئەوێن جهێ خۆ د هەمی جومكێن ژیانێ دا دیتی وبوویە بابەتێ روژانە د هەمی بیاڤاندا؛ ئێكەم جار ئەڤ پەیڤە بكارهاتی دقورئانا پیروزدابوویە[سَخَّرَهَا عَلَيْهِمْ سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَانِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومًا فَتَرَى الْقَوْمَ فِيهَا صَرْعَى كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ] (سورة الحاقە، ایە ٧) دڤێ ئایەتێ دا پەیڤا (صرعی) ب رامانا بهەڤچوون تاكو ئێخستیە ئەردی دهێت، دیاردبیت كو هەڤركی دڤی دوخی دا ژ سنورێ شەرەدەڤی دەركەفتیە وبەرەف بكارئینانا جەستەی چوونە، لەوما هەر چ واتایەك بو ڤی زاراڤەی دژێدەرێن زمانی وزاراڤەی دا بهێن گوتن دێ ڤەرێژا ڤێ سەرۆكانیێ بیت.

نڤێسینێن نڤێسەرێن مە یێن ئەدەبی ژی چ شعر یان پەخشان دویر

نەکەتینە ژ دیمەنێن هەڤرکیێ ئەگەر چ نەبیت وێنێ هەڤرکیێ د پەیڤێن واندا یا رەنگڤەدای-چ بشێوەکێ راستەوخو یان نەراستەوخۆ- جهێ تێبینیێ یە کو دزوربەیا زۆر یا فەرهنگێن زمانی و زاراڤەی دا بەحس ل زاراڤێ (صراع ونزاع) ب شێوەکێ ژێک جودا هاتیە کرن، (نزاع) لدویف دیتنا (ویلموت وهوکر ١٩٩١) ((هەڤرکیەکا کرداری یە دناڤبەرا دوو لایەناندا یان پتر، هەر لایەنەک ژ وان هزردکەت کو ئارمانجێن وی دگەل لایەنێ دی ناگونجیت)) (عبدالله واخرون، ٢٠١٨، ٢٧). وەسا دیارە کو ئەگەرێ سەرەکی یێ هەڤرکیێ نەگونجاندنا هزر وپرنسیپایە. وهندەک بسپور ناڤەرۆکا هەڤرکیێ ب گەهشتنا ئارمانجا ڤە گرێدەن وەکی (میتشل ١٩٨١) دیار دکەت کو (هەر دوخەکێ دوو لایەنێن جڤاکی هزر بکەن کو ئارمانجێن وان وەکی ئێک نینن وی دەمی دێ هەڤڕکی دروستبیت) ( عبدالله واخرون، ٢٠١٨، ٢٧). ئانکو ژ ئەنجامێ وان ناکوکیێن لسەر بابەتەکی هەڤڕکی دروست دبیت، هەر چەندە لێک نێزیکی یا دگەل زاراڤێ ململانی یا هەی لێ دبوارێ جێبەجێکرنێ دا و دزمانیێن بیانی دا هەر ئێک د چارچوڤەکێ دیارکری دا بکاردهێت.

پەیڤا (هەڤڕکی) د فەرهەنگێن کوردی دا مینا (فەرهەنگا سپیرێز) زاراڤێ (النزاع) ب دوو پەیڤا بکارهاتیە ئەو ژی: النزاع: لێککەفتن. النزاعە: شەر. وەسا دیارە کو زاراڤێ (الصراع) دهەمان فەرهەنگدا ئاماژە



پێ نەهاتیە کرن، چونکی (نزاع) بەرامبەر وێ واتایێ ب ڤی شێوەیە: «النزاع»یێ خەلکی پێکرا بەرددەت. (دوسکی، ٢٠٠٨، ٧٢٠). کەواتە (نزاع) ژ ئەنجامێ ڤێککەفتنا دوو جەمسەرێن ژێک جودا دورست دبیت کو چ سازان دناڤبەرا واندا نینە، بەلێ هەڤرکی ئەو شەرەنیخە ئەوا ژ ئەنجامێ ژێکجودابیێ دهەبوونا هزر وپالدەراندا پەیدادبیت. دفەرهەنگا کرمانجی دا ((ململانێ بەرامبەر هەڤ بەرکی، هاوبەرکی ))( محمد علی، ٢٠٠٨، ٧٦٦) هاتیە بکارئینان و بەرامبەر پەیڤا هەڤرکی ((لبەر راوستیای دا وەکی بکەن، یەک کارکردن)) (عائشە محمد علی، ٢٠٠٨، ٨١٧) بکارئینایە. هەروەسا دفەرهەنگ عەرەبی دا مینا (اللغە العربیە المعاصرە)دا هاتیە: ((هەڤرکی: هەڤرکی هەڤرک ومونافسێ خۆیە، شەر، شەرەدەف، هەڤرکیا نەوەیان یا بەردەوامە، ئەو یێ دهەڤرکیا ژیانێ دا، هەڤرکی لسەر دەستهەلاتی)) (عبدالله واخرون، ٢٠٠٨، ١٢٨٩). کەواتە روون دبیت کو هەڤبەرکرن دبوار و دوخەکێ نەئاسایی دا ب مەرەما بدەستڤەئینانا وی تشتییە ئەوێ بوویە جهێ شەرەنیخێ چ دناڤبەرا دو کەسان یان زێدەتر یان دناڤبەرا مروڤی ب خۆ وئەو ئارمانجێن هەولێن گەهشتنێ بو ددەت.

د فەرهەنگا ( الصحاح و الوسیط) دا هاتیە: ((«اصطرع» القوم: تصارعوا. (تصارع) الرجلان: حاول کل منهما ان یصرع الاخر)) (الجوهری، ٢٠٠٥، ٥٨٧). هەلبەت ب هەمان شێوێ فەرهەنگا بەری خۆ هاتیە لێ دڤێرێدا پتر فوکس ئێخستیە سەر هەڤرکیێ دناڤبەرا نەتەوەکی دا یان دناڤبەرا دو کەسان کو هەر ئێک ژ وان هەڤرکیێ لسەر یێ دیتر دکەت.

دبیاڤێ ئەدەبی ژی دا دهەمان فەرهنگ (اللغە العربیە المعاصرە) دا هاتیە کو هەڤرکی: هەڤدژی و ژێک دوورکەتنەکا رون و بەرچاڤە دناڤبەرا کارەکتەر و وان هێزێن بەشداری کارێ دراما و ئاشوپێ دبن نەخاسمە ئەو هەڤدژیا کارتێکرنێ لسەر گرێیێ دگەل ڤێککەفتنا ئارمانجا دکەت، کو د ئەنجامدا دبیتە ئەگەرێ شەر یان هەڤرکیێ دناڤبەرا گروپەکی دا بەرامبەر ئاراستەکێ کو دڤێت لسەر وێ گروپێ یان وی تاکی بسەرکەڤیت (عبدالله

واخـرون، ٢٠٠٨، ١٢٨٩). دیاردبیـت کـو دکارێ هونـەری دا هەڤرکـی گریـێ ئالـوز دکـەت؛ چونکـە ئـەو بربـرا سـەرەکی یـا هاریـکارا روودانێـن رۆمانـێ یـان چیروکـی یـان هـەر کارەکـێ درامـی یـە لەومـا ژی هـەر چەنـد ئاگـرێ هەڤرکیـێ خوشـبیت و شـەرەنیخ دناڤبەراکارەکتەرانـدا زێدەبیـت گـرێ پتـر مـەزن دبیـت و بـەرەف گوپیتـکا کاری دچیت و پاشی بـەرەف ژوردانییا چارەسـەریێ رێکـێ دگریت. ئـەڤ وێنێ دناڤا دراما وکارێن هونـەری دا دهێنە دیتـن رەنگڤەدانا ژیانا راسـتەقینەیە جونکی مـروڤ چ دگـەل خـۆ یان دگـەل دەوروبەرێـن خـۆ هـەردەم د هەڤرکیـەکا بـەردەوام دایـە.

**ب- ژ لایێ زاراڤەی:**

هەڤرکـی وەکـو دیاردەکا رەفتارکرنـێ دهێتـە هژمارتـن و دوو جەمسـەرێن هەیـن و ئێـک بابـەت وهـەردو جەمسـەر ناڤـەروکا بابەتـێ هەڤرکیـێ دزانـن ئەڤجا ئـەڤ هەڤرکیا دناڤبـەرا مروڤـی وخـودێ مروڤـی ب خـۆ دابیـت یـان دناڤبـەرا مروڤـی و کەسـەکی دی یـان گروپەکـێ یـان دناڤبـەرا نەتـەوە و نەتـەوەکا دیتـر دا بیـت. زوربەیـا وان ژێدەرێـن ئـەڤ ئیدیەمە شـلوڤەکری و ب گرنگـی وەرگرتـی ژێدەرێـن دەروونناسـینە وەکـی فرویـد کـو دچارچوڤـێ غەریزێـن مروڤـی دا بەحسـکریە وەکـی پەرتـوکا وی (الغریـزة والثقافـة)، چونکـی وەکـو رەفتـار دگـەل دەروونـێ مرڤـی دهێتـە کرن و هـەر کریارەکا دهێتـە ئەنجامـدان ژی ئـەو گرێیا دەروونـی یـە ئـەوا هەمـی مـروڤ هەدلگـرن و وی کەسـی بـەرەف هەڤرکـی و شـەرەنیخێ دبـەت چ دگـەل خـۆ یـان دەوروبەرێـن خـۆ، ژبـەر تێکەلبـوون وبەرفرەهیـا زاراڤـەی دیتـن وبوچوونێـن جـودا بـوو هاتینـە کـرن.

(محمـد قاسـم القریوتـی) ئاماژە دکەت کـو هەڤرکـی ((کریـارەکا کارلێکـی یـا جڤاکـی یـە دناڤبـەرا دوو لایەنـان یـان پتـر، ژ وێ چەنـدێ دەسـتپێدکەت دەمـێ لایەنـەک دبیتـە رێگـر بەرامبـەرا ئارمانجێـن لایـێ دیتـر وب ڤـی ئـاوای هەسـتکرن ب تونـدی و بـێ ئومێدیـێ دهێتـە کـرن و ئـەڤ چەنـدە دبیتـە ئەگـەر بـو وەرگرتنا هەلویسـتەکێ کـو د چارچوڤـێ هەڤرکیـێ دا دهێتـە دیتـن وهێـدی هێـدی بـەرەف کەشـەکرنێ دچیـت تاکـو دگەهیتـە گوپیتکـێ)) (القریوتـی، ٢٠٠٩،٢٥٨). دیاردبیـت کـو

هەردەمێ لایەنەکێ ئاستەنگ بەرامبەر ئارمانجێن لایەنەکێ دیتر پەیداکرن دێ بیتە ئەگەر بۆ پەیدابوونا شەر و هەڤرکیا. و گەلەک جارا هەبوونا مونافەسێ دناڤبەرا هندەک کەساندا ژ بێخەمەت ئێک ئارمانج دبیتە پالدەر کو ئەو مونافەسە گەشەبکەت وبچیتە د چارچوڤێ هەڤرکی و شەرەی دا. ئانکو رێگرتن بەرامبەر ئارمانجێن هەڤدوو چ لسەر ئاستێ کەسایەتی بیت یان لسەر ئاستێ نەتەوابیت هەڤرکیێ پەیداکەن. ژبەر وان شلوڤەکرنێن بو ڤی زاراڤەی هاتی کرن هندەک نمونە ژێ بەرچاڤ بووینە ((هەڤرکی ژئەنجامێ ڤێککەفتنا بەرژەوەندییا پەیدادبیت ودبیتە ئەگەرێ دابەشبوونا جڤاکی لەوما ژی هەڤرکی ئەگەرێ ژێک دوورکەتنێ یە، سێ نمونێن سەرەکی وەکو جۆر بو هاتینە دانان ئەوژی: شەر، یاریکرن، گفتوگوکرن)) (عبدالکافی، د.ت،٢٦٣). هەر چەند دیتن وشروڤەکرن بو هەڤرکیێ بهێن کرن بابەتێ سەنتەری دێ هەر بەرژەوەندی وتێکدانا وان بیت.

ژبەر تێکەلبوونا زاراڤێ هەڤرکی (Conflict) دگەل زاراڤێ شەر یان هەڤدژی (dispute) ڤەکولەر و بسپور نەشیاینە وان هەردو زاراڤا ژێکدوور بکەن، بەلکو نێزیکی دناڤبەرا هەردووکا گەلەکا لەورا ژی هەردو زاراڤ ب هەڤرا و بۆ ئێک ئاراستە دهێنە شلوڤەکرن و دزوربەیا وان فەرهنگ و ئینسایکلوپیدیاییێن گرێدای زاراڤان ب هەڤرا هاتینە بەحسکرن ودناڤەروکا خۆ دا ب ڤی واتایێ دهێت کو ((دوخەکێ دوودلیێ و نەرازیبونێ یە ئەوا دناڤبەرا تاکە کەسان یان گروپەکی دا پەیدادبیت ژ بەر وێ هەڤپشکیا هاوتەریب د هەبوون و گەهشتنا ئێک ئارمانجێ دا)) (المغربی، ١٩٩٤، ٣١٢).دریاردبیت کو هەڤرکی دیاردەکا سروستی یا هەبوونێ یە د ژیانا مروڤ ومروڤایەتیێ دا و ژ ئەنجامێ ژێکچوودابوونا ئارمانج و پرنسیپا پەیدادبیت. سەرەرای ڤێ چەندێ فەرهەنگێن ئەدەبی ژی د چارچوڤێ ئەدبیاتادا دیارکریە، کو ((هەڤرکی دناڤبەرا نەوەێن ئەدەبیدا لدور ئەنجامدانا کارێ ئەدەبی و یاسا و دیتنێن هونەری یە، و ئەڤ هەڤرکیا دناڤبەرا کەڤن و نویاندا شەرعیەتا خۆ ژ پێشکەفتنا مێژویێ

وشەپولێن وێ وەردگریت...)) (علوش، ١٩٨٥، ١٣٤). کەواتە هەڤرکی دهەر چ بوارەکی دا بهیت دیتن بنەمایێ وێ دێ لسەر دوبەرەکیێ بیت دناڤبەرا دو جەمسەرێن هزر و بیرێن ژێک جودا دهەمی بنەماییێن خۆدا.

**٢- زاراڤێ هەڤرکی د بیاڤێ فەلسەفی دا:**

وەکی هاتی دیارکرن کو هەڤرکی دناڤبەرا دوو لایەنا دایە، لەوما پێدڤی یە ئامادەکرن بۆ پێشوازیکرن و چاوەنیا وەرگرتن و قەبیلکرنا وێ هەڤرکیێ بهیت کرن. ئێکەم فەیلەسوفێ زاراڤێ هەڤرکی بکارئینای فەیلەسوفێ یونانی (ئیمبیوکلیس) خودانێ تیورا هەرچار رەگەزا (ئاڤ، ئاخ، با، ئاگر) یا پێکهاتەیا عەردی و گونجاندن دناڤبەرا ڤان توخمادا ئەگەرە بۆ دویرکەتنێ ژ هەڤرکیێ ودهەمان دەمدا نەبوونا گونجاندنێ. وئەڤەیە هاوکێشا پێکهاتەی یا وان دەرئەنجامێ وێ هەڤرگییێن دوم درێژن-هەلبەت ئەڤ جورە بابەتە ژی د چارچوڤێ فەلسەفا (هەبوونێ) دا پتر دهێنە دیتن- ئاکو ئەو فەلسەفێن پتری هەمیا ئاماژە ب شێوە و شێوازێ هەڤرکی ددەن دڤان بیاڤێن فەلسەفی دا دیاردبن:

**أ- فەلسەفا هەبوونێ دا:**

وەکو ریبازەکا فەلسەفی توخیبن وێ بتنێ د وی سنوری دا نە راوەستایە، بەلکو گەهشتیە بوارێن ئەدەبی ژی و ژ بۆ پیادەکرنا وان هەمی پرنسیپ و ئارمانجێن رێبازێ ڤیای ئەدەبێ چیرۆکی وەکو زەمینەکا خۆشبوو بۆ بەرجەستەکرنێ؛ داکو پتر رڤیشتە و بنەماییێن سەرەکی و رەسەن بهێنە دیارکرن. دەستپێکا پەیدابوونا ڤێ رێبازێ لسەر دەستێ فەیلەسوفێ دانیمارکی (کیرکجارد) کو ب رێکا چیروکێ ڤیایە بیروبوچوونێن خۆ بێژن فەلسەفی بەلاڤبکەت (البدوی،١٩٨٤، ٣٢٦). هەلبەت پیادەکرنا هزرێن بونگەرایی بابەتێ هەڤرکیێ ژی ب خۆ ڤە دگریت نەخاسمە ئەگەر دەستپێکێ لسەر چیرۆکێ هاتبیتە بەرجەستەکرن و چیروک ب خۆ لسەر بنیاتێ رەگەزێ هەڤرکیێ دهێتە هەبوون و گەشە دکەت. (سارتەر) وەکو لایەنێ هەڤدژ وهەڤرک بەرامبەر پەیدابوو کو هەلگرێ ئاراستەکا ئیلحادی بوو و نە بتنێ د پەرتوکا خۆ دا (الوجود والعدم) دا ئەڤ بوچوونە دیارکرینە

بەلکو پەنایا پیادەکرنێ وی بریە بەر ئەدەبێ ڤەگێران وشانویی ژی وئەڤ چەندە ب شێوەکێ ئاشکرا دهێتە دیتن (سارتر، ١٩٦٤، ١١، شیا،١٩٨٦، ١٣١).

کەواتە زەمینەسازی و کێلگەیا بەرهەڤ بۆ دیاردیتنا بابەتێ هەڤرکیێ دباوەشا ژانرەکێ ڤەگێرای ژ وان ژی رۆمان و چیرۆک و شانوویێ یە، چونکی ژیان لسەر هەڤرکیێ دناڤبەرا هێزا باشیێ وهێزا خرابیێ پەیدابوویە و زوربەیا بابەتێن ژانرێن ڤەگێرانێ دچارچوڤێ کەتوارێ ژیانا روژانە یان مرۆڤاندایە کو بەشێ سەرەکی ژ ژیانا مرۆڤی وەردگریت و پاشی نڤیسەر تێکەلی ئاشوپ وفانتازیایێ دکەت ب مەرەما چێژ وەگرتن و بەردەوامیا خواندنێ. چونکی بونگەرایی دکوکا خۆدا لسەر دوو بنەمایا پەیداببوو ئەو بنەما ببوونە شەنگستە بۆ هەڤرکیەکا هزری و واقعی یا بەردەوام دناڤبەرا تاکە کەساندا نەخاسمە کەسێن ئولدار وباوەری ب هەبوون و نەبوونێ هەی و کەسانێن بێ باوەر وپتریا کەیسێن هەڤرکیێ ئەڤ تەوەرەبوون:

**تەوەرێ ئێکێ: پێکهاتی بۆ ژ هەبوونا گومانێ د راستیا کەلتوورێ مروڤایەتییا روحی.**

**تەوەرێ دووێ: هزرکرن د تەوەرێ ئێکێ دا زێدەباری راستیا هەبوونا خودێ و بهایێن ئاکاری یێن مانیایی** (المنصوری، ٢٠٠٠، ١٦٣). دیاردبیت کو دەسپتێکا پەیدابوونا بونگەرایێ وەکو رێباز و فەلسەفەکا تێکەلکریبوو ژ ڤان هەردوو تەوەران و ئەو ببوونە ئەگەر کو شەرەنیخا هەڤرکیێ بەرەف بەرزبوونی بچیت.

**ب- فەلسەفا مارکسی دا:**

هەلبەت ئەوا پێدڤی دفەلسەفا مارکسی دا وپەیوەندیا وێ دگەل بابەتێ ڤەکولینێ ئەوە ئەو هەڤرکییا چینایەتی ئەوا مارکسی بەحس لێ کری، چونکی جڤاک بسەر چەند تەخا دا هاتبوو دابەش کرن ژ وان ژی تەخا دەولەمەندا کو ب ناڤێ تەخا ئوروستوکراتی دهێتە نیاسین و تەخا ناڤین کو ب تەخا بورجوازی دناڤداربوون دگەل تەخا هەژارا کو ب ناڤێ پرۆلیتاریا دهاتنە نافکرن چونکی وێ تەخێ چ کەرستە وئامیرێن کارکرنێ نەبوون تەنها بو کاروکریارا

وبدەستڤەئینانا پاریێ ژیانێ پشت بەستن لسەر هێزا زەڤلەکێن خۆ دکر.
ئێک ژ وان تیورێن بەربەلاڤ کو پتر جهێ خۆ دناڤ زوربەریا بوارێن ژیانێ دا کری نەخاسمە بوارێن سیاسی وجڤاکی «مارکسیەتە» لەوما بوویە جهێ گرنگیدانا شلوڤەکارا و شیایینە وان هێلێن کەیسا هەڤرکیێ و ئەو هەڤدژییا دناڤ جڤاکێ سەرمایەداری دا دەستنیشان بکەن ئانکو وان خالێن هەڤدژ دناڤبەرا تەخا بورجوازی و تەخا کارکەرا دا. هەلبەت مارکس هزرا فەلسەفا خۆ ژ میتودا دیالێکتیکی یا «هیگل»ی یا وەرگرتی، بەلێ ئەو وەرگرتنە یا دەقا ودەق نەبوو بەلکو نیڤشکێ هزرا وی وەرگرتیە وگهورین وراستڤەکرن لسەر وێ میتودێ کریە وبابەتێ وێ ژ دیالێکتیکیا هزر ودیتنێن مێشکی بەرەف دیالێکتیکیا سروشت وجڤاکی بریە، ئانکو ((ڤەگوهاستن ژ هەڤرکیا هزرا بۆ هەڤرکیا چینایەتی)) ( الحورانی، ٢٠٠٨، ٨٨). مارکسیەت بابەتێ جوت جەمسەرییا جڤاکی دئێخیتە بەرچاڤ تاکو دگەهیتە ڕادا هەڤرکی وژێک دوورکەتنێ دناڤبەرا هەردوو تەخێن سەرەکی یێن جڤاکێ بورجوازی، ئەوژی تەخا کارکەر وهەژار بەرامبەرا تەخا بۆرجوازی تاکو دگەهیتە وێ ڤێکەفتنا دبیتە ئەگەرێ دویرکەتنا وان ژ هەڤدوو. لەوما فوکسا تیۆر وفەلسەفا خۆ دئێخیتە سەر جڤاکی وەکو سەنتەرێ سەرەکی یێ هەبوونا هەڤرکیا ب تایبەت دناڤبەرا هەردوو تەخێن سەرەکێ (پرولیتاریا وبورجوازیەتێ) کو ئەو دینەمویێ لڤاندنا مێژوویێ یە و دهەمان دەمدا فاکتەرێ گهورینا بارودوخێن ئابووری ورووشنبیری وسیاسی ددەستێ وان هەردوو چینادایە، لەوما (تیورا هەڤرکیا جڤاکی وەکو کارڤەدانەکێ بوویە بەرامبەرا تیورا ئەرکی ئەوا رژدیێ دئێخیتە سەر وان فاکتەران ئەوێن جێگیربوونێ دناڤ جڤاکی دا پەیدادکەت بەرامبەر ڤێ چەندێ هەمی وان بهایان فەراموش دکەت ئەوێن بناڤێ هەڤرکیا بەرژەوەندیا دئارمانجێن تاکە کەسی دناڤ جڤاکی دا دهێتە نیاسین)( فیصل ومحمد،٢٠١٩، ٣٨٣). دیاردبیت کو دابەشکرنا ئەرکا لسەر تاکێن جڤاکی فاکتەرەکە بۆ هەبوونا هەڤرکیا نەخاسمە ددابەشکرنا ئەگەرێن بلند ونزمدا. بەلێ ئەوا

هەوالنامەی کتێب

مارکسیەتێ پێ مەرەم ئەو هەڤرکیا چینایەتیە ئەوا جڤاکی دابەش دکەت لسەر بنەمایێ دەولەمەند وهەژارا هەلبەت تاکە کەسێن هەژار وەکو ئەرکێن بچویک پێ دهێن بەخشین وب دەست دکەڤن مینا: خزمەتکار، جوتیار، کریکار... و تاکێن دەولەمەند هەولددەن وێ چینێ ئیستغلال بکەن بۆ مەرەم وکارێن تایبەت لەورا ((هەڤرکی بوویە ساخلەتەکا سەرەکی یا ژیانا روژانە یا تاکێن هەر جڤاکەکی؛ چونکی هەر تاکەک هەولددەت بارێ ژیانا خۆ خوش بکەت و بەرژەوەندێن خۆ بپارێزیت)) (عبداللە،١٩٩٩، ٢١). لدەف مارکس دیاردبیت کو سیستەمێ ملکیەتێ ژێدەرێ هەمی خرابی ونەخوشییێن جڤاکی یە لەوما پێدڤیە بهێنە گهورین ب ستسەمەکی کو ملکیەتەکا ب کوم یا هەبوونا ئامیرو کەرستێن بەرهەمئینانێ بهێنە قەرەبووکرن داکو یەکسانی ودادپەروەری دناڤ جڤاکی دا بەلاڤببیت.

وەسا دیاردبیت کو هەبوونا هەڤرکیێ دناڤبەرا جڤاکی وگهورینێن جڤاکی مفایەکێ گشتی بۆ وان پەیدادکەت؛ چونکی هندەک دەروازێن سەرەکی بۆ ڤەخواندن لسەر کومەلگەهێ ڤەدکەت مینا هەبوونا سامان وهێز ودەستهلاتێ کو رژدیا ڤی دەرگەهی دکەڤیتە سەر دوو جەمسەرا ژ لایەکی ڤە سەروەت وسامان وژلایەکێ دیتر ڤی هەبوونا هێزێ ودەستهلاتێ ئانکو هەردوو جەمسەر ب هێزا خۆ داپوشینێ لسەر تەخا پرولیتاریا دکەت.

ئەگەر ڤی بیاڤی لسەر کارێن ئەدەبی وچاوانیا پیادەکرنا ڤێ هێز ودەستهلاتێ دناڤ تێکستێن چیرۆک ورۆمانا دا پیادەبکەین دێ دیاربیت کو ئەو تێکستێن دهێنە نڤێسین هندەک ژ وان ب شێوەکێ ئاشکرا دەربرینێ ژ وێ هەڤرکیا چینایەتی دکەت ژ لایەکی ڤە وژلایەکێ دیتر هەڤرکیا تاکە کەسی دگەل خودێ خۆ یان ئەو بارۆدوخێن ئابووری یێن سەخت، لەورا بیاڤێ ئالوزکرنا گرێیا رۆمانێ یان چیرۆکێ بۆ نڤیسەری یا بەرفرەهە ودشێت ئەو هزرا وی/وێ دڤێت بەرجستەبکەت وررووداناا هەڤرکیێ ژ چریسکەکێ بکەتە گوریەکا بلند وپاشی وێ گوریێ ب هندەک رووداێن دیتر ب ڤەمرینیت. ئەگەر ب شێوەکێ

ئەدەبی گرێدان دناڤبەرا مارکسیەتێ وبیاڤێن ئەدەبی دا بهێت کرن دێ د وێ دیتنێ دا دیاربیت ئەوا مارکسی دیارکری ((جڤاک ژ دوو ستراکچەرێن سەرەکی پێکدهێت ئەوژی: سەرخانە کو بابەتێن هزر وبیر، داب ونەریت، بهایێن مرۆڤی وسیاسی ورەوشتی وئاینی. و ژێرخانە کو بابەتێن وان دەزگەهێن ئابووری وجڤاکێ بریڤە دبەن ب خۆڤە دگریت و ئەڤە زالگەهێ لسەر سەرخانێ دکەت وهەر گهورینەک یان پێشکەتنەک بسەر ژێرخانێ بهێت کرن دێ رەنگڤەدەتە سەرخانێ ژی)) (فیصل ومحمد، ٢٠١٩، ٣٨٦). کەواتە ئەڤ هەردوو ستراکچەرە پێکڤە دگرێداینە وهەرئێک تەمامکەرا یا دی یە و ب پەیوەندیا کارتێکرن وکارلێکرن دهێنە نیاسین ئەوا لدەف مارکسی ب پەیداکرنا مادییا هەڤرکی ودیالیکتیکیێ دناڤبەرا جڤاکی ودەزگەهێن رێڤەبرنێ دهێتە زانین.

**بەشێ دووێ: ساخلەت و بەرجەستەبوونا جورێن هەڤرکیێ درومانێ دا**

**٢-١: ساخلەتێن هەڤرکیێ:**

هەلبەت هەر بابەتەکێ ڤەکولین وخاندن لسەر بهێت کرن، دمیانا وێ چەندێ دا ساخلەتێن وی بابەتی خویا دبن، ساخلەتێن گشتی یێن هەڤرکی وب تایبەت هەڤرکیێن جڤاکی ب خۆ ڤە دگریت دڤان خالاندا دیاردبن:

١- هەر هەڤرکیەک دوو لایەنا یان پتر ب خۆ ڤە دگریت و ب شێوەکێ بەرچاڤ-هندەک جارا- دناڤ تێکستێن ئەدەبی دا بێ جوداهی دیاردبیت، چونکی تێکەلبوون وکونتاکا بابەتێ هەبوونا هەڤرکی وململانی وگرێدانا وێ ب ژیانا روژانە یا مرۆڤی دبیتە ئەگەر کو دناڤ هەمی ژانرێن ئەدەبی دا رەنگڤەددەت ((هەڤرکی دجیهانا واقیعی دا دناڤ گێلگێن ئەدەبێ ژی دا دچیت خارێ، ئەدەب خودیکا ژیانێ یە وتێدا رەنگڤەدەرا دیاردێن هەڤرکیا یە ب هەمی قەبارە وشێوێن خۆ)) (ادریس، د.ت، ١٣٥). کەواتە رومان وەکو ژانرەکێ بەرفرەهێ ئەدەبی دشێت بەرجەستەبوون ونواندنا وان

دیمەن وێنێن هەڤرکیێ بکەت؛ ژبەرکو رۆمان وژیانا مروڤی وەکو دوو هێلێن هاوتەریبن پێکڤە رێدکەڤن.

٢- هندەک ئەگەر وپالدەرێن دەرەکی ونافخویی دبنە بنەما بۆ پەیدابوونا روودانا.

٣- نەبوونا سازانێ دناڤبەرا هەردو لایێن هەڤرک، ئانکو ژێکجوداهیا هزروبیرا دناڤبەرا تاکێن جڤاکی (اریخا،٢٠١٩، ١٣). دیارە ئەڤ چەندە ژی ژ ئەنجامی هەبوونا ئاستێن جودا یێن تێگەهشتنێ دروست دبیت، چونکی بەرزی ونزمیا ئاستی فاکتەرەکێ هاریکارە بۆ راکێشانا هەڤرکیێ.

٤- ئەنجامێن هەڤرکیێ دیارنابن تاکو بدوماهی دهێت.

٥- دهەڤرکیا جڤاکی دا -هندەک جارا- دوخ دگەهیتە قوناغێن توندوتیژیێ ((...کاتێک کێبرکێی نیوانیان نائاشتیانە دەبیت، واتا هەر یەکێکیان ئامادە دەبێت شێوازی توندوتیژی لە دژی کەسەکەی دیکە بەکاربهێنێت، ئەوا ئەم کێبرکێیە بەپیێ ئەو بارودوخ وحالەتانەی تێدا سەرهلدەدات دەگورێت بۆ ململانێیەکی شاراوە یان ئاشکرا)) ( ئەلحەسەن، ٢٠١٢، ٥٢٩).

**٢-٢: ئەگەرێن پەیدابوونا هەڤرکیێ:**

دیارە چ ململانێ پەیدا نابن ئەگەر هندەک پالدەر نەبن ببنە فاکتەرێن هاریکار بۆ پەیدابوونا هەڤرکیێ، ب شێوەکێ گشتی دڤان خالاندا بەرچاڤ دکەڤن:

١- نەبوونا تێگەهشتنێ دناڤبەرا هەردوو لایەنێن هەڤرک. کو ب هەڤرکیا هزروبیرا دهێت نیاسین ((وەسا دهێتە زانین کو هەڤرکی دیاردەکا گەردوونی یە پیادەکرنا وێ د رەفتار و کریارێن بزاڤ و ئایدیولوژیەتا مروڤی وشیانێن وی هاتیە گرێدان، بەرامبەر ڤێ هەڤرکیێ بەرگیریکرن ژی لایەنێ دیتر یێ هەڤرکی یە)) (بورنان، ٢٠١٦، ١٨)دیاردبیت کو هەڤرکی دگەل مرۆڤی ژدایک دبیت وەکو غەریزەکا زکماکی.

٢- ژێکجوداهیا بها ونەریت وئارمانجا، ئەڤ دیتنە «لویس کوسیە» یا دیارکری ودبینیت کو (هەڤرکی قوربانیدانە پێخەمەت نەریتان وبزافکرنە ژ بۆ بدەستڤەئینانا دەستهەلات وهێزێ و سامانی ب ئارمانجا دەستنیشانکرنا

لایەنێ خۆ یێ هەڤرک وسەرکەفتن لسەر) (المعشر،٢٠٠٥، ٤٢).

٣- ژێکجودابوونا رێکێن دیتنا چارەسەرییا بو هەبوونا کێشەکێ دناڤبەرا هەدوو جەمسەرێن هەڤرک.

٤- هەبوونا هەڤرکیێ پێخەمەت بدەستڤەئینانا دەستهەلاتێ.

٥- هەڤرکی لسەر سامانی.

٦- هەڤرکی لسەر ئەپێگیریکرنێ ب یاسایێن جڤاکی یان یێن وەلاتێ.

**٢-٣: جورێن هەڤرکیێ.**

رۆمان وەکو ژانرەکێ ئەدەبی پتری هەمی جۆرێن دی یێن ڤەگێرانێ دشێت رووداوان وگرێ وبابەتێن هەمە جۆر دناڤەرۆکا خۆدا باوەش بکەت، ئەگەرێ ڤێ چەندێ ژی دزڤریتە هەبوونا وی بیاڤ و رووبەرێ بەرفرەه وزەمینا ئامادە بۆ پیادەکرنا رووداوا ب هەمی جۆر وشێوێن خۆڤە. هەڤرکی ژی وەکو ئەلەمێنتەکا سەرەکی پێدڤیاتیەکا گرنگە بۆ بەردەوامییا رووداوا؛ ژبەرکو رۆمان رەنگڤەدانا ژیانێ یە وژیان یا پڕە ژ هەڤرکی وململانێ لەوما جێگیربوونا وێ دناڤ توخمێن رۆمانێ پێدڤیایتەکا رەهایە وهاوتەرییێ کارەکتەرایە درێڤەچوونا رووداناادا. و دبیتە دینەمویێ گهورین ولێکزڤراندن وگەشەکرنا رووداناێن رۆمانێ، هەبوونا پتر ژ رووداناەکێ پالدەرەکە کو فرە جوری دهەبوونا هەڤرکیا دا هەبیت.

هەرچەندە شانو یا بەرنیاسە ب هەبوونا هەڤرکیا بەلێ ئەڤە وێ چەندێ ناگەهینیت کو رۆمان یان ژانرێن دی یێن ئەدەبی دبی بەهرن بەلکو ئەو ژانرە ژی شیاینە ڤی ئەلەمێنتی ب بلیمەتانە پیادەبکەن وبیخنە دخزمەتا پەرەپێدانا رۆمانێ دا لەوما ژی ئەو جورێن هەڤرکیا ئەوێن دشانویێ دا دهێن دیتن هەمان جورن دناڤ رۆمانێ دا هاتینە بکارئینان بەلکو شێواز وشێوێ بابەتی ژێک جودایە، لدویف هندەک ڤەکولینا ب ڤی شێوەی جۆر بۆ هەڤرکیێ هاتینە دانان:

١- هەڤرکی لدویف ئەگەرا: ئەوژی ڤان شێوا ب خۆڤە دگریت: هەڤرکی دناڤبەرا تاکە کەس وخەلکی، هەڤرکی لسەر کێشیا زارنیاریا، هەڤرکی پێخەمەت بەرژەوەندیا، هەڤرکیا ستراکچەری یان پەیکەری، هەڤرکیا بها ونەریتا.

# کۆتایی
# لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا



د. سەنگەر نازم

**١- کۆتایی لە کورتیلەچیرۆکدا**

کۆتایی وەک دوا کۆڵەگەی پەیکەری دەق خاوەن بەها و گرنگییەکی تایبەتە و بەبێ بوونی کۆتاییەکی باش هیچ دەقێک ناتوانێت سەرکەوتنێکی هونەری باش تۆمار بکات، چونکە کۆتایی ئەنجامی هەموو ئەو شتانە نیشاندەدات، کە نووسەر لە سەرەتاوە نەخشەی بۆ کێشاوە. ئەگەر ئەو کۆتاییە هاوشان و هاوتای پارچەکانی دیکە نەبێت، ئەوا دوای تەواوبوونی دەقەکە خوێنەر نرخێکی ئەوتۆ بۆ دەقەکە دانانێت، بۆیە نووسەری شارەزا بە وریاییەکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ کۆتایی دەقەکەیدا دەکات و هاوشێوەی سەرەتا و ناوەڕاست لە تانوپۆی

جەستەی دەقەکەدا گرنگی پێدەدات.

بەدەر لەمەش«کۆتایی یەکێکە لەو ڕەگەزە ئیستاتیکییانەی، کە دەستی لە جوانکاری دەقدا هەیە، بەو پێیەی کە چیرۆکنووس دەتوانێت لە ڕێگەی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم ڕەگەزەوە بۆ شیکردنەوە و گەیشتنە ئەنجامی ململانێ و ڕووداوەکانی نێو دەقەکە زیاتر خوێنەرانی سەرسامی دەقەکەی بکات.» (عەبدوڵڵا،٢٠٢١: ١٣٢).

(جۆج ئیلیۆت) لەبارەی سەختی کۆتاییەوە دەڵێت:«دەرئەنجامەکان خاڵی لاوازی زۆربەی نووسەرانن» (لاج،٢٠١٩: ٣٠٤).چونکە نووسەر دەگاتە هەستیارترین شوێنی دەقەکەی و ئەگەر بچووکترین هەڵە و کەموکوڕی لێرەدا دەرکەوێت، ئەوا تێکڕای دەقەکە نابووت دەکات. خوێنەریش بە بوونی کۆتاییەکی خراپ و نەگونجاو، هەموو شتەکانی پێشوو نادیدە دەگرێت.

کۆتایی لە کورتیلەچیرۆکدا شوێنێکی هەستیارە و دوا وێستگەی نووسینە و هیچی کەمتر نییە لە بەشەکانی دیکە و بگرە زۆرجار نووسەر ئەرکی قورسی چیرۆکەکە بە کۆتاییەکەی دەسپێرێت. لەمەشدا مەبەستی ئەوەیە بە جۆرێک لە جۆرەکان خوێنەر بهێنێتە ناو ڕووداوەکە، چونکە «چیرۆکی نوێ وەک سندوقێکی سیحری وایە، چیرۆکنووس خۆی دەیکاتەوە، بەڵام کلیلی داخستنەکەی لای خوێنەرە.» (ڕەشید،٢٠١٦،ا: ١٥٩). بە واتایەکی دیکە« کۆتایی چیرۆک قوفڵدان و کۆتاییهێنان بە ڕووداو و داخستنی بەڕووی خوێنەردا نییە، بەڵکو دەشێت خۆی لە کۆتاییەکی کراوە یان هەڵپەسێردراو ببینێتەوە.» (کەسنەزانی،٢٠٢١: ١٢٤).

کورتیلەچیرۆک بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەم کراوەیی و ئاوەڵاییەی کۆتایی دەکاتە بنەمایەکی سەرەکی بونیاتی هونەری خۆی و دەتوانین وەکو خەسڵەتێکی دانەبڕاو لە کورتیلەچیرۆک هەژماری بکەین، چونکە بەشێکی زۆری نووسەران پێشوەختە هەوڵدەدەن تا بۆیان بلوێت بە چەشنێک بنووسن، کە کۆتایی چیرۆکەکانیان داخراو و بە بنبەست گەیشتوو نەبێت.

کورتیلەچیرۆکنووس بۆ پتر ڕازاندنەوە و بەکارخستنی هزری خوێنەرەکەی، هەوڵدەدات کۆتایی چیرۆکەکەی بە جۆرێک بسازێنێت، کە

خوێنەر دوای تەواوبوونی چیرۆکەکە بکەوێتە ڕامان و وردبوونەوە و چەند ئەگەرێک لە مێشکیدا چەکەرە بکات، لەبەرئەوەشە دەگوترێت« ئەو گرنگییەی، کە بە ڕستەی کۆتایی دەدرێت کەمتر و نزمتر نییە لەو گرنگییەی، کە بە ڕستەی دەستپێک دەدرێت». (الیاس،٢٠١٠: ١٧٩-١٨٠). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کۆتایی و دەستپێک لە پەیوەندییەکی دووقۆڵی توندوتۆڵدان و هیچ یەکێکیان بەبێ ئەوەیتر ناتوانێت کارەکانی دەقەکە ڕایی بکات، ئەگەر دەستپێکێکی باش کۆتاییەکی باشی بەدوادا نەیەت، ئەوا بە تەنیا ناتوانێت قەرەبووی ئەو کەموکوڕییە بکاتەوە، کە دەقەکە تووشی دەبێت، بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.

بە شێوەیەکی گشتی سنور و پانتایی کورتیلەچیرۆک یەکێکە لەو کۆسپە سەختانەی، کە کورتیلەچیرۆکنووسان بۆ بونیاتنانی کۆتایی کورتیلەچیرۆکەکان دێتە بەردەمیان، چونکە لەمجۆرە چیرۆکانەدا نووسەر ناتوانێت بە وشەگەلێکی زۆر ئەوەی دەیەوێت دەریببڕێت و یەکێک لە ئامرازە هەرە گرنگەکانی دەربڕین، کە وشەیە سنوردار کراوە. بۆیە لەو جۆرە چیرۆکانەدا نووسەران بەدوای تەکنیکگەلێکی وەها دەگەڕێن، کە بتوانێت سیمایەکی کاریگەر بە کۆتایی کورتیلەچیرۆکەکانیان ببەخشێت و بە کەمترین تێچووی زمانی زۆرترین واتا بگوازێتەوە. بۆیە لە کۆتایی ئەم جۆرە چیرۆکانەدا ئاساییە چاومان بە نیشانەکانی خاڵبەندی، یا هێما و نیشانە ئەندازەییەکان بکەوێت، نەک هەر ئەمەش زۆر جار نووسەر بە ئەنقەست لە ناوەڕاستەوە دەوەستێت و کۆتایی چیرۆکەکە ڕادەستی خوێنەر دەکات، واتە لە ڕێگەی دانانی ئاماژەیەکەوە پاڵ بە خوێنەر دەنێت و سەرپشکی دەکات بەوەی، کە خۆی کۆتاییەک بۆ کورتیلەچیرۆکەکە بسازێنێت.

هەندێک لە ڕەخنەگرانی کورتیلەچیرۆک نکۆڵی لە بوونی کۆتایی دەکەن و پێیانوایە، کە ئەم جۆرە چیرۆکە لە ڕووکەشدا کۆتاییەکی دیار و بینراوی نییە و وای و بۆ دەچن، کە«ئەمجۆرە چیرۆکە لە ناوەڕاستەوە دەستپێدەکات و لە

ناوەڕاست کۆتایی پێدێت، لە ڕاستیدا کۆتاییەکی نییە و ئەمە خوێنەرە، کە پێویستە چیرۆکەکە لە مێشکیدا بگەیەنێتە کۆتایی. لەبەرئەمەشە دەگوترێت بە ئەندازەی خوێنەرانی کورتیلەچیرۆک کۆتاییگەلی جیاواز هەیە.» (کولایی و ابوخیلی،١٣٩٣: ٨٦).

«کۆتایی لە کورتیلەچیرۆکدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، لەبەرئەوەی ئەو هێڵەی ڕووداو پێیدا تێپەڕ دەبێت لە خاڵێکدا کۆدەبێتەوە، کە ماوەی چاوتروکانێکە و درەوشاوەیە و زیاتر ماناکەی لەوێدا کۆدەبێتەوە.» (سەعید،٢٠١٣: ١٣١).

لە ڕاستیدا کۆتایی لە کورتیلەچیرۆکدا خاڵێکی یەکلاکەرەوەیە لە بڕیاردان لەسەر سەرکەوتوویی ئاستی هونەری دەقەکە، چونکە ئەگەر کۆتایی کورتیلەچیرۆکەکە جیاوازییەکی گەورە دروستنەکات و خوێنەر ڕانەچڵەکێنێت، ئەوا کورتیلەچیرۆکەکە وەکو چەند ڕستەیەکی بێگیان خۆی دەردەخات.

بە لای زۆرینەی ڕەخنەگرانەوە گرنگترین فریکوێنسی لە کۆتایی کورتیلەچیرۆکدا بریتییە لە هەبوونی دژوازی و ئایرۆنی، واتا« کۆتایی چیرۆکەکە بە شێوەیەکی ئایرۆنی و دوور لەو ئەنجامەی، کە خوێنەر چاوەڕێی دەکات دێت و مەبەستە دیار و شاراوەکانی چیرۆکنووسی تێدا شاردراوەتەوە، ئەمەش کونجکۆڵی وەرگر دەجولێنێت و بۆ ڕاڤەکردن و گەڕان پاڵی پێوەدەنێت.» (یوب،٢٠١٥: ٦٠). واتە نووسەر نابێت وەکو هەواڵنووسێک بە شێوەیەکی ڕاپۆرتئاسا کۆتایی بە چیرۆکەکەی بهێنێت، بەڵکو دەبێت کارێکی وەها بکات بیرۆکەکەی دژ و پێچەوانە بێتەوە لەگەڵ ئەوەی، کە خوێنەر لە دەستپێکی چیرۆکەکەدا مەزەندەی کردووە. ئەم پرۆسەیەشە وا لە خوێنەر دەکات بڕوا بەوە بهێنێت شتێکی جیاواز و سەرنجڕاکێشی خوێندۆتەوە.

بوونی ئاڵۆزی و تەمومژی لە کۆتایی کورتیلەچیرۆکدا دیوێکی ئەرێنیانە بە کورتیلەچیرۆکەکە دەبەخشێت و وایلێدەکات ڕاستەوڕاست شتەکان ڕادەستی خوێنەر نەکات. لەم ڕێگەیەوە نووسەر گەمەیەکی ئیستاتیکی لەگەڵ خوێنەرەکەدا دەکات، کە دەبێتە هۆی

هەولێر ئەلنامەی کتێب

زێدەترکردنی چێژی دەقەکە، چونکە لەم ڕێگەیەوە خوێنەرەکە بەهرە و ئەزموونی خۆی بۆ هەڵهێنانی شتە نادیارەکان بەکاردەهێنێت و دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو لە دەقەکە. ئەم خاڵە لای ڕەخنەگرێکی وەک (جی. دەبڵیو تۆماس) یەکێکە لە لایەنە جەوهەری و بنەڕەتییەکانی نووسینی کورتیلەچیرۆک و وا ئامۆژگاری نووسەر دەکات« کە پێویستە کۆتایی چیرۆکەکەی هەندێک ئاڵۆز و پێچاوپێچ بکات.» (تەرەغە،٢٠١٣: ١٠٩).

کورتیلەچیرۆکنووس لە کۆتاییدا زیاتر ئەو ڕستانە هەڵدەبژێرێت، کە لەتوانایاندایە جۆرە ڕەنگدانەوەیەکی واتایی جیاواز دروستبکەن و زۆر جاریش زیاتر لە دەلالەتێک لە هزری خوێنەردا بوروژێنن، چونکە کۆتایی تاک واتا، کۆتاییەکە دوای کۆتاییهاتنی خوێندنەوە خوێنەر ناخاتە باری ڕامان و بیرکردنەوە، بۆیە نووسەران بەدوای ئەو وشە و ڕستانەدا وێڵن، کە لەڕووی واتاییەوە تەقینەوەیەکی گەورە دروست دەکەن.

سەبارەت بە کورتی و درێژی کۆتاییش لە کورتیلەچیرۆکدا، وا چاکترە کۆتایی زۆر کورت و پوخت بێت، لەمبارەوە (ترنتۆیل میسون وایت) باوەڕی وایە، کە«پێویستە کۆتایی کورتیلەچیرۆک زۆر کورت بێت و لەسەر خاڵێک چڕکرابێتەوە.» (مجموعة من المؤلفين،١٩٧٨: ٦). کۆتایی لە کورتیلەچیرۆکدا هیچ شێوە و شێوازێکی کلێشەیی و لەقاڵبدراوی نییە و بەهیچ کلۆجێک ناتوانین یاسا و ڕێساگەلی تایبەت بە نووسینی کۆتایی بخەینە بەردەم نووسەرانەوە و پێیانبڵێین ئەمانە مەرج و یاساکانی نووسینی کۆتایین لە کورتیلەچیرۆکدا، بەڵکو هەر نووسەرێک بەپێی لێزانی و سەلیقەی خۆی دەتوانێت شێوەیەک جیاوازی کۆتایی دروستبکات. تەنیا ئەوەی ڕەچاوی بکات ئەوەیە، کە پێویستە لەوپەڕی پوختی و جیاوازیدا بێت، هەروەها کارێک بکات، کە خوێنەر لەدوای کۆتاییەکەوە نەوەستێت، چونکە« بەهێزترین کۆتایی لە چیرۆکدا ئەو کۆتاییەیە، کە لەدوایەوە زەینی خوێنەر دەست بە بیرکردنەوە دەربارەی بیرۆکەی پەنهانی ناو چیرۆکەکە بکات.» (مستور،١٣٨٤: ٢٥).

بە بڕوای (جاسم خەلەف ئەلیاس) یەکێک لە ئەرکە هەرە بنەڕەتییەکانی کۆتایی لە کورتیلەچیرۆکدا بریتییە لە «خولقاندنی حاڵەتی سەرسوڕمانی» (الیاس،٢٠١٠: ١٨١). سەرسامیش بە گشتی لە ڕێگەی ئاوەژووکردنەوەی دەستپێکی کورتیلەچیرۆکەوە دێتەکایەوە، کاتێک نووسەر هەڵگەڕانەوەیەک لە هەڵوێست و بارودۆخی کارەکتەر دروستدەکات و پێشبینی و چاوەڕوانییەکانی خوێنەر تێکدەشکێت سەرسوڕمانی دروست دەبێت، واتە یەکنەگرتنەوەی ئەو بۆچوون و گریمانانەی، کە خوێنەر لەسەر بنەمای دەستپێک و ناوەڕاستی چیرۆکەکە بونیاتی ناوە لەگەڵ ئەو کۆتاییەی، کە نووسەر وەکو سوپرایزێک پێشکەشی دەکات، بۆیە هەمووکات کۆتایی سوپرایزئاسا و ئایرۆنییانە گونجاوترین و باشترین جۆری کۆتاییە لە کورتیلەچیرۆکدا.

(وۆڵتەر کامبیل) لەبارەی کۆتایی کورتیلەچیرۆک ئامۆژگاری نووسەران دەکات و دەڵێت« ئەگەر سووری لەسەر نووسینی کورتیلەچیرۆک، ئەوا کۆتاییەکی ڕەسەن و سوپرایزئاسا بەکاربێنە.» (مجموعة من المؤلفين، ١٩٧٨: ٢٦). چونکە کۆتایی سوپرایزئاسا و چاوەڕواننەکراو وادەکات خوێنەر هەست بەوە بکات دەقێکی خوێندۆتەوە، کە زیندوێتی تێدایە و نووسەرەکەی خۆی لەگەڵ ماندوو کردووە و وایکردووە، کە واتا تەنیا لە چوارچێوەی وشە نووسراوەکاندا قەتیس نەبێت. هەروەها خوێنەر لە ڕێگەی ئەو ڕاچڵەکینەی کۆتاییە سوپرایزئاساکە دروستی دەکات، هەست بەوە دەکات، کە دەقەکە دەتوانێت هاوشێوەی دەقە درێژەکانی دیکە مرۆڤ، بۆ خۆی کێش بکات و هزر و خەیاڵی داپۆشێت.

یەکێک لە سیما هەرە دیارەکانی کۆتایی لە کورتیلەچیرۆکدا ئەوەیە« کۆتاییەکەی کۆتاییەکی کلیلییە، واتە بە ڕواڵەت ڕووداوەکانی چیرۆکەکە کۆتاییان پێدێت بۆ کردنەوەی دەرگای شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و پاڵنەرێکە بۆ پرسیارکردن.» (الحسين،٢٠١٠: ٦٦). کورتیلەچیرۆکنووس جەمسەرەکانی ڕووداو دێنێتەوەیەک، بەڵام کارێکی وەها دەکات، کە خوێنەر هەست بەوە بکات هێشتا ئەوەی باسی لێوەدەکرێت

هەواڵنامەی کتێب

تەواونەبووە و نەگەیشتۆتە کۆتاییەکی بنبەست. واتە ئەو کۆتاییەی لە چیرۆکەکەدا هاتووە کۆتاییەکی ئاوەڵایە و دەرفەتی ئەوە بە خوێنەر دەدات بەشێک لە واتا و ئەگەرەکان بخاتە ئەستۆی خۆی، بۆیە دوای خوێندنەوەی کۆتایی چیرۆکەکە لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە کۆمەڵێک پرسیاری بۆ دروست دەبێت.

**٢- جۆرەکانی کۆتایی لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا:**

هەروەک چۆن لە دیاریکردنی جۆرەکانی دەستپێک لە کورتیلەچیرۆکدا گوتمان، کە دیاریکردن و دەستنیشانکردنیان کارێکی سانا و ئاسان نییە، لە دیاریکردنی کۆتاییشدا هەمان قسە ڕاستە، چونکە لێرەشدا هیچ یاسا و ڕێسایەکی یەکگرتوو نییە، کە نووسەران لەسەری کۆک بن و بە شێوەیەکی یەکگرتوو پێڕەوی لێبکەن. بە پێچەوانەوە هەر نووسەرێک بەپێی توانای هونەری مامەڵەی لەگەڵ کۆتایی کردووە و ئەمەش وایکردووە جۆرەکانی کۆتایی لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا ژمارەیان زۆر بێت. ئەوە هەیە، کە هەندێک جۆر لای بەشێک لە نووسەران دووبارە بوونەتەوە و ئێمە لێرەدا هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین.

**٢ ,١کۆتایی گێڕانەوەیی:** مەبەست لەم جۆرە کۆتاییە ئەوەیە، کە نووسەر لە ڕێگەی گێڕانەوەوە کۆتایی بە کورتیلەچیرۆکەکەی دەهێنێت، واتە« هەروەک چۆن دەستپێک بە گێڕانەوە دەستی پێکردووە، هەمانشێوە کۆتاییەکەشی بە شێوازی گێڕانەوەیی کۆتایی دێ.» (مەنتک،٢٠١٨: ١٢١). ئەم جۆرە کۆتاییە لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا لای زۆرینەی نووسەران بەکارهاتووە، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە یەکێکە لە شێوازە سانا و ساکارەکان و لە لایەنی هونەرییەوە هێندە ئاڵۆزی و تەمومژی تێدانییە، ئەگەر زێدەڕۆییش نەکەین هەموو چیرۆکێک لە ئەنجامدا بە شێوەیەکی لۆژیکیانە هەر بە گێڕانەوە کۆتایی پێدێت.

وردیلە چیرۆکی (چیرۆک)ی (جەلیل کاکەوەیس)نموونەیەکی دیاری ئەم جۆرە کۆتاییەیە:

« ساڵگارێ بوو سەرحەد نیگای لە کۆشی کتێب گیر دەکرد و لە



جەلیل کاکەوەیس

میحرابی عیشقی وشەدا بەچۆکدا دەهات، تا لە ئەنجامدا لە دەرگای چیرۆکی دا و دەرگای لێکرایەوە، ئیدی ساڵانێک ئەو و چیرۆک و سەربردە لەیەکتریان خواردەوە، کاتێ عەشقەکە کەوتە سەرپێ و گروگاڵ بوو بە کۆمەڵێ سەربردە و کەوتە دووتوێی کتێبێکەوە، بەڕێکەوت شەوێک کەوتە دەستی ملهوڕێک و گۆشاوگۆش سەری بڕی.» (کاکەوەیس،٢٠١٨: ٣٦). لەم چیرۆکەدا نووسەر هەروەک چۆن بە گێڕانەوە دەستپێکردووە ئاواش بە گێڕانەوە کۆتایی بە کورتیلەچیرۆکەی هێناوە. ئەم جۆرە کۆتاییە ڕاستەوخۆ دوای ناوەڕاستی چیرۆکەکە هاتووە و دژ و پێچەوانە وەستاوەتەوە لەگەڵ دەستپێکی وردیلەچیرۆکەکە.

نموونەیەکی دیکەی ئەمجۆرە کۆتاییە لە پۆستەرەچیرۆکی (مامۆستا)ی (سابیر ڕەشید)دا بەرچاو دەکەوێت:

«مامۆستا زۆر سەرقاڵ بوو..هەفتەیەک بوو خەریکی ئامادەکردنی ئەم کۆڕە بوو...هەمیشە دەیگوت: ئەگەر مامۆستاکەی دیکە بێتە ئەم دیدارە ئەوا وەدەری دەنێت و نایەڵێ بێتە ناو هۆڵەکەش..کەچی کە هاتەژوورەوە هەر ئەوەندەی پێکرا دەفتەر و پەڕە کاغەزەکانی خۆی کۆکردەوە و بە هیچ تکا و پاڕانەوەیەک نەگەڕایەوە و بۆ مامۆستای دووەمی جێهێشت.» (ڕەشید،٢٠١٦: ٧٠).

نووسەر چۆن لە دەستپێکی چیرۆکەکە بە گێڕانەوە دەستی پێکردووە بە هەمانشێوە لە کۆتاییشدا بە گێڕانەوە کۆتایی پێهێناوە.

**٢ ,٢.کۆتایی تێهەڵکێش:** مەبەست لەمجۆرە کۆتاییە ئەوەیە، کە نووسەر لە ڕێگەی وەرگرتنی پارچەیەکی وەرگیراو لە دەقێکی ئایینی، یا ئەدەبی کۆتایی بە کورتیلەچیرۆکەکەی دێنێت. ئەم جۆرە کۆتاییە لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا ڕێژەی بەکارهێنانی زۆر نییە.

لە پۆستەرەکورتیلەچیرۆکی (باران) دا (قانع خورشید)سوودی لەمجۆرە کۆتاییە وەرگرتووە:

«لە ڕێی بازاڕ سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی و گوتی: خوایە! ڕەحمەتت هەر وا بێتە خوار،اللهم صیبا نافعا». (خورشید،٢٠٢١: ٤٣). وەک دەبینین نووسەر لە ڕێگەی نزایەکی بەربڵاوی باران بارین کۆتایی بە کورتیلەچیرۆکەکەی هێناوە، بەڵام ئەم نزایەی بۆ ئەوە نەهێناوەتەوە تا باران ببارێت، بەڵکو کارەکتەری سەرەکی لەم کورتیلەچیرۆکەدا کۆمەڵێک شتی بەسەر دێت، کەچی هێشتا توورە نابێت و لەسەرخۆیە و نزای ئەوە دەکات، کە هەر ئەو شتە ئاسانانەی بۆ بێتەخوار، نەوەک بەڵای گەورەتر.

نموونەیەکی دیکەی ئەمجۆرە کۆتاییە لە پۆستەرەچیرۆکی (لە هۆبەی بووژانەوەی دڵدا)ی (فەرهاد مستەفا)دەبینرێت:«ئەفسووس ئەی شیعری قەلەندەر ئەم بەیانییە... چیتە؟» (مستەفا،٢٠١٢: ٨٩). نووسەر بۆ کۆتاییهێنان بە پۆستەرەچیرۆکەکەی هاتووە دێڕە شیعرێکی شاعیری فەرەنسی (بۆدلێر)ی وەرگرتووە و لەگەڵ کورتیلەچیرۆکەکەی لێکی داوە و خۆیشی لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا ئاماژەی بەوە داوە، کە ئەم شیعرە هی بۆدلێرە.

**٣ ,٢.کۆتایی پرسیاری:** لەم جۆرەدا نووسەر لە ڕێگەی دەستەواژە، یا ڕستە و دەربڕینێکی پرسیارییەوە کۆتایی بە کورتیلەچیرۆکەکەی دەهێنێت و نیشانەی پرسیاردا دەنێت. ئەم جۆرە کۆتاییە پتر بۆ وروژاندنی هزری خوێنەرە، چونکە نووسەر ڕاستەوخۆ پرسیارەکە ئاڕاستەی خوێنەر دەکات و بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی لە کۆتایی هێنان بە چیرۆکەکە دەدزێتەوە. ئەم جۆرە کۆتاییە بە ڕێژەیەکی فراوان لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا دەرکەوتووە و بە دەگمەن کورتیلەچیرۆکنووسێکی کورد دەبینین پەنای بۆ ئەمجۆرە کۆتاییە نەبردبێت.

یەکێک لە نموونەکانی ئەمجۆرە کۆتاییە برووسکەچیرۆکی (پشکۆی بەفری چیا)ی (مەریوان فەتحی کەریم)ە:«... من پێتاندەڵێم جاک کتومت وەک مرۆی بەرایی دەژیا،

وەک شـێت عاشـق و شـەیدا بەنـاو بەفرسـتانەکاندا دەسـوڕایەوە... بـەڵام لـە چ دەگـەڕا؟! چ شـەیداییەک بـوو؟! ئەمەیـان پرسـیارەکەیە.» (کەریم،٢٠٠١: ٩٥). نووسـەر لـەم چیرۆکـەدا بەشـێک لـە ژیانـی (جـاک لەنـدەن)ی کردۆتـە کرۆکـی چیرۆکەکـەی و بەسـەرهاتی چەنـد ساتێکی نـاو بەفـری خۆی و ئەم نووسـەرە دەگێڕێتـەوە و جـاک لەنـدەن وەکـو مرۆیەکـی دێریـن وەسـف دەکات، کە هەمیشـە وەک ئەسـکیمۆکان عاشـقی بەفرسـتان بـووە، بـەڵام نووسـەر بـە شـێوەی پرسـیار سەرسـوڕمانی خـۆی لـەو گەڕیدەییـەی جـاک دەربڕیـوە و دەیەوێت پێمانبڵێـت، کە ئـەو نازانێـت ئـەم نووسـەرە لـە چـی گـەڕاوە و بۆچـی هێنـدە شـەیدای بەفـر بـووە.

برووسـکەچیرۆکی (گەنـم ڕژابـوو) (محەمـەد عەلـی دەسـتماڵی) یەکێکـە لـەو نموونانـەی، کـە نووسـەرەکەی هـەر لـە دەسـتپێکەوە بـە پرسـیار دەسـت بـە کورتیلەچیرۆکـەی دەکات و تاوەکـو کۆتاییشـی پێدەهێنێـت واز لـەم پرسـیارانە ناهێنێت:«...کـێ بـوو ئـەو دادوەرە کـە دەهاتـە پێـش و دەمانچەیەکـی تـری پێشـکەش بـە کابـرا دەکـرد و دەیگـوت: بەمـەش تاقیبکـەرەوە بزانیـن چـۆن دەبـێ؟ کابـرا، بـۆ بە قسـەی دادوەرەکـەی کرد؟ بۆچـی ئەمجـارە، ڕێـک تەقـەی لەسـەر دڵـم کرد؟» (دەسـتماڵی،٢٠٢٢: ٧٧).

نووسـەر لـە ڕێگـەی بەپرسـیارکردنی کۆتاییـەوە هەوڵیـداوە جـۆرە نادیـاری و تەمومژییـەک بخاتـە بـەردەم خوێنـەر و خوێنـەر بهێنێتـە نـاو چیرۆکەکـە و لـە هەڵهێنجـان و دۆزینـەوەی بەشـێک لـە لایەنەکانـی برووسـکەچیرۆکەکە هاوبەشـی پێبـکات، چونکـە نووسـەر پشـتی بـە کارەکتەرێک بەسـتووە، کـە قسـەکانی لەسـەر شـێوەی مۆنۆلۆگێـک، یـا وڕێنـە، یـا گێڕانـەوەی خەونێـک دەردەکـەون و کەسـێکی بـێ جووڵـە و بێدەسـەڵاتە و ناتوانێـت بـە تەواوەتـی ئـەو شـتانەی، کـە لـە دەوروبەریـدا ڕوودەدەن درک بـکات و دوودڵ و ڕاڕایـە و هەمیشـە لـە ڕێگـەی پرسـیارکردنەوە، چەنـد ئەگەرێـک دەوروژێنێـت و خوێنـەر کاتێـک ڕووبـەڕووی پرسـیارگەلێکی لـەم چەشـنە دەبێتـە هەوڵـدەدات لـە هـزری خۆیـدا دیـوە ناتەواوەکانـی نـاو ڕسـتە دەربـڕاوەکان تـەواو بـکات و هۆکارێـک بداتـە پـاڵ ئـەو ڕووداوانـەی، کـە

کارەکتــەر باســیان لێــوەدەکات.

بــە کورتــی لایەنــی چاکــی ئەمجــۆرە کۆتاییــە لەوەدایــە، کــە خوێنــەر لــە ڕێگەیــەوە هەندێــک شــت دروســتدەکات، کــە نووســەر لــە پێنــاو نەمراندنــی چێژی خوێنەرەکــە، نەیویســتووە ڕاســتەوخۆ بــە شــێوەیەکی ئامــادە پێشکەشــی بــکات.

**٤ ,٢ .کۆتایــی دوبارەکــراوە:** ئەمجــۆرە کۆتاییــە زیاتــر لــەو کورتیلەچیرۆکانــەدا بەکاردێــت، کــە ژمــارەی وشــەکانیان زۆر نییــە و نووســەر بــە جۆرێــک لــە جــۆرەکان بــە مەبەســتی جوانکاریــی هونــەری، یاخــود جەختکردنەوەیەکــی زیاتــر لەســەر ئــەو شــتە دەیەوێــت یارییەکــی زمانــی بــە ڕســتە دەربڕاوەکان بــکات، بۆیــە دێــت لــە کۆتاییــدا ڕســتەکانی دەســتپێک، یاخــود ڕســتەی پێــش کۆتایــی بــە هەمانشــێوە، یاخــود شــێوەیەکی دیکــە دووبارەدەکاتــەوە.

ئەمجــۆرە تایبەتمەندییــە پتــر لەگــەڵ شــیعردا گونجــاوە و نموونــەی ئــەم جــۆرە ئالوگــۆڕە لەنــاو شــیعردا یەجگار زۆرە و وادەردەکەوێــت، کــە لــە شــیعردا گواســترابێتەوە نــاو ئــەم هونــەرە.

(ڕەزا ســەیدگوڵ بەرزنجــی) لــە پۆســتەرەچیرۆکی (خــەم)دا ئەمجــۆرە کۆتاییــەی بەکارهێنــاوە:

«بێئــەوەی هۆیەکــەی بزانێــت ســەری دنیــای لــێ وێکهاتبــۆوە، وێکهاتبــۆوە لێــی ســەری دنیــا، خــەم لــە پەنجــەی پێیەکانییــەوە تــا تووکــی ســەری گرتبــۆوە، لــە تووکــی ســەریەوە تــا پەنجــەی پێیەکانــی خەمــی لێدەباری.» (بەرزنجــی،٢٠٠٨: ٧٩).

بــە گشــتی ئــەم پۆســتەرەچیرۆکە پێکهاتــووە لــە دوو ڕســتەی ســەرەکی، یەکێکیــان دەســتپێکە و ئەوەیتریــان کۆتاییــە، بــەڵام هــەر یــەک لــەم ڕســتانە بــە ڕســتەیەکی هاوشــێوەی خۆیــان دووبارەکراونەتــەوە. ڕســتە دووبــارەکان لــەڕووی واتاییــەوە هیــچ جیاوازییەکییــان لەگــەڵ ڕســتەکانی پێــش خۆیــان نییــە، تەنیــا ئــەوە نەبێــت بــە مەبەســتی جوانکاریــی هونــەری یارییەکــی زمانییــان پێکــراوە.

نموونەیەکــی دیکــەی کۆتایــی دووبارەکــراوە لــە برووســکەچیرۆکی (خاڵێــک بــە ڕوومەتــی چەپــەوە) ی (فەرهــاد مســتەفا)دا بەرچاودەکەوێت. ئــەم کورتیلەچیرۆکــە دەســتپێک و کۆتاییەکــەی وەک یەکــە و هیــچ جیاوازییەکیــان تێــدا بەدیناکرێــت و

نووسەر لە ڕێگەی ئەم ڕستانەوە دەست بە چیرۆکەکەی دەکات:« سەدان کەس ڕیزیان بەستووە. چاوەڕێن نۆرەیان بێت، تاتۆچییەکە خاڵێک لەسەر ڕوومەتی چەپیان بنە خشێنێت. » ( مستە فا ، ٢٠١٩: ٧٠). بە هەمانشێوە لە کۆتایی چیرۆکەکەیدا هەمان ئەو ڕستانەی دەستپێک دووبارە دەکاتەوە بەبێ ئەوەی تەنانەت خاڵێکیان لێبگۆڕێت.

**٥ ,٢.کۆتایی نامەیی:** لە نووسینی نامەی ئاساییدا وا باوە، کە نامەنێر لە کۆتایی نامەکەیدا ناو و ناونیشان و واژووی خۆی بۆ نامەوەرگر دەنووسێت و لەمجۆرە کۆتاییەشدا نووسەر هاوشێوەی کۆتایی نامە کۆتایی بە کورتیلەچیرۆکەکەی دێنێت، یاخود لە دەستپێک و ناوەڕاستدا بابەتێک باسدەکات و لە کۆتایی چیرۆکەکەدا ئەوە ئاشکرا دەکات، کە ئەم بابەتە نامەیەکە، یاخود لە پەڕاوێک وەرگیراوە.

ئەمجۆرە کۆتاییە لە کورتیلەچیرۆکدا بەفراوانی پشتی پێبەستراوە، بە تایبەت لای ئەوانەی بە نەزم و ئیقاعێکی خۆرئاواییانەوە کورتیلەچیرۆک دەنووسن زۆر سوودی لێوەرگیراوە و نموونەگەلی زۆری ئەم جۆرە کۆتاییەمان هەیە.

(فەرهاد مستەفا)لە وردیلەچیرۆکی (نامەیەک لە نامەکانی ڤانکای گچکەڵە) دا ئاوا کۆتایی بە کورتیلەچیرۆکەکەی دەهێنێت: «... خۆزیا ئەتزانی چ حاڵێکم هەیە. من جەسارەت ناکەم خۆم بکوژم.لێت ئەپاڕێمەوە. بە دەستە پیرۆزەکانت ڕۆحم بکێشە. تکاکارم فەرمانی فەوتم بفەرموون. سەرکردەی پاسەوانانی پێشووت (بۆرە) ی خزمەتکارت.» (مستەفا،٢٠١٩: ١٢٣-١٢٤). ئەمجۆرە کۆتاییهێنانە هاوشێوەی کۆتاییهێنانە بە نووسینی نامەیەکی ئاسایی و پەیامنێر لە کۆتاییدا داواکاری و ناو و پیشەی خۆی بۆ پەیام وەرگر نووسیوە و لە ڕێگەی ئەمجۆرە کۆتاییەشەوە نووسەر دوو کەسایەتی بە خوێنەر ناساندووە، یەکەمیان کەسێکی باڵادەست و ئەوەیتر فەرمانبەرداری ئەو کەسەیە، کە نامەکەی بۆ نووسیوە.

(جەبار سابیر) لە وردیلەچیرۆکی (دەفتەری یادەوەری)دا پشتی بەمجۆرە کۆتاییە بەستووە و لە

سەرەتادا هاتووە، چەند ڕووداوێکی باسکردووە، ئینجا لە کۆتاییدا هاتووە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئەم ڕووداوانەی بۆ خوێنەر ئاشکرا کردووە و نووسیویەتی: «لە دەفتەری یادەوەرییەکانی ئادەم و حەواوە.» (سابیر،٢٠١٦: ٢٠). بەمەش کۆتاییەکە بووەتە دەروازەیەک بۆ ئاشکرابوونی کارەکتەرەکانی ناو وردیلە چیرۆکەکە.

٦ ,٢.**کۆتایی نادیار:** جۆرێکە لە کۆتایی، کە نووسەر بە ئەنقەست لە خوێنەری دەشارێتەوە، تا هەر خوێنەرێک بەپێی ڕوانین و تێگەیشتنی خۆی لە چیرۆکەکە کۆتاییەکی بۆ دروست بکات. ئەمجۆرە تەکنیکە ڕێگەخۆشکەرە بۆ بەرهەمهێنانەوەی زیاتری دەقەکە لە لایەن خوێنەران و زێدەترکردنی واتا و دەلالەتی دەقەکە، چونکە هیچ یەکێک لە خوێنەران هەمان کۆتایی بۆ چیرۆکەکە دروستناکەن. ئەمجۆرە کۆتاییەش لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا بە ڕێژەیەکی باش سوودی لێوەرگیراوە.

نموونەیەکی دیاری کۆتایی نادیار لە وردیلەچیرۆکی (نامەیەک بۆ خۆم) ی (کاروان محەمەد فەتاح)دا دەبینرێت: «... من هەنووکە گومانبڕ بووم لەوەی کە من بەڕاستی تۆم خۆشدەوێت. چاوەڕێی وەڵامیشت ناکەم...ئێرەش کۆتایی نییە، بەڵکو کۆتایی بریتییە لە...» (فەتاح،٢٠١٢: ٩٧). کۆتایی ئەم وردیلەچیرۆکە هیچ شتێکی تێدا ڕوونکراوەتەوە و بە نادیاری جێهێڵدراوە تا هاوشێوەی زەوییەکی کێڵدراو هەر کەسێک بە ئارەزووی خۆی و گونجانی بارودۆخەکەی چ تۆوێکی بووێت لێی بچێنێت، بۆیە دەشێت بە ئەندازەی ژمارەی خوێنەرانی کۆتایی هەبێت. لەمەدا نووسەر لێزانانە مامەڵەی لەگەڵ کۆتاییەکە کردووە و ڕوونیکردۆتەوە، کە ئەوەی دەیخوێنیتەوە کۆتایی نییە، بەڵکو کۆتایی لای تۆی خوێنەرە و دوای دانانی خاڵەکان دەستپێدەکات.

(فەرهاد مستەفا)لە وردیلەچیرۆکی (کتێبێکی ناتەواو)دا هەرچەندە لە دەستپێک و ناوەڕاستدا باسی ونبوونی پەڕی کتێبێک دەکات و خوێنەر مەزەندەی ئەوە دەکات، لە کۆتاییدا ئەم نادیاری و لێڵییە لابەرێت، بەڵام لە کۆتاییشدا خوێنەر لە خەرمانەیەک

لە نادیاری و مەراقدا دەهێڵێتەوە، کاتێک لە ڕێگەی ڕستەیەکی وەک: بەداخەوە لاپەڕەی ٨٧ و ٨٨ی ئەم کتێبە فەوتاوە، هەر کەسێک بیدۆزێتەوە، خەڵاتێکی تایبەت وەرئەگرێت» (مستەفا،٢٠١٩: ١٠٥-١٠٦).

وردیلەچیرۆکی (ئاو)ی (سابیر ڕەشید) نموونەیەکی دیکەی کۆتایی نادیارە: «...تا نووسینی ئەم چیرۆکە بیرم لە ئەنجامەکەی نەکردۆتەوە. ڕەنگە کۆتاییەکەی وەک کابرای جیرانمان لێبکەم کە پێش جەژن خۆی کوشت.» (ڕەشید،١٩٩٢: ٦). لەم چیرۆکەدا نووسەر ڕاشکاوانە ئەوە دەخاتەڕوو، کە هیچ کۆتاییەکی بۆ چیرۆکەکە دانەناوە، ڕاستە بژاردەیەکی خستۆتەڕوو، بەڵام هێشتا ئەو بژاردەیەی تەواو جێگیر نەکردوە و تەنیا ڕەنگە و ئەگەرێکە.

**٧,٢. کۆتایی سەرپشککەر:** ئەم جۆرە کۆتاییەش لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا بە فراوانی سوودی لێوەرگیراوە و وەک لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت نووسەر بە شێوەیەک کۆتایی بە چیرۆکەکەی دەهێنێت،




کە خوێنەر سەرپشک دەکات لە هەڵبژاردنی بژاردەیەک. زۆرینەی کاتیش نووسەران لە خوارەوە وشەی (تێبینی) بە تۆخی دەنووسن و زیاد لە بژاردەیەک دەخەنە بەردەم خوێنەر تا پێی بڵێن، کە کۆتایی ئەم چیرۆکە لای تۆیە و ئارەزوومەندی لە هەڵبژاردنی یەکێک لەم بژاردانە، یا هەر بژاردەیەکی دیکە، کە خۆت بە ڕەوای دەبینیت.

(سابیر ڕەشید)لە وردیلەچیرۆکی (دوا ژمارە)دا لە کۆتاییدا نووسیویەتی: «تێبینی یەکەم: ئەی تۆش!؟...ئا.. ئا تۆی خوێنەرا!؟. تێبینی دووەم: من وەک چیرۆکنووس تا سەر

ئێسقان بە خاکەکەی خۆمەوە نووساوم و ئێرەی دۆزەخم لەلا بەهەشتە.» (ڕەشید،٢٠١٦: ٨٥).
تیمەی سەرەکی ئەم وردیلەچیرۆکە هەوڵدانی کەسێکە بۆ چوونە هەندەران لە ڕێگەی نووسینی نامەیەک بۆ هاوڕێیەکی، کە داوای لێدەکات بە هەر شێوەیەک بێت ڕایبکێشێت بۆ ئەورووپا، بەڵام نووسەر هیچ کۆتاییەکی دیاریکراوی لەناو نامەکەدا بەدەستەوە نەداوە و لە خوارەوەی چیرۆکەوە دوو تێبینی داوەتە خوێنەر: یەکێکیان بۆچوونی چیرۆکنووسی تێدایە، کە پابەندێتی خۆی بە مانەوە لە وڵات دەردەخات، ئەوەیتریش تایبەتە بە خوێنەر و داوای لێدەکات هەڵوێست بنوێنێت و لەمەشدا سەرپشکی دەکات، کە چۆن بیردەکاتەوە و چ ڕێگەیەک هەڵدەبژێرێت.

پۆستەرەچیرۆکی (پەیام)ی (فەرهاد مستەفا) ناوەرۆکەکەی ڕووداوێکی کوشتنە و نووسەر لە ڕێگەی ڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکسییەوە دەریبڕیوە و نیشانەی پەراوێزی لەسەر ڕستەکە داناوە، ئینجا لە خوارەوە چەند ڕوونکردنەوەیەکی داوە و بە خوێنەری ڕادەگەیەنێت، کە دەشێت هەر یەکێکیان ببن بە کۆتایی چیرۆکەکە، نەک هەر ئەوەندەش بگرە لە ڕێگەی ڕستەیەکی وەک: «ڕەنگە تۆ شتی زیاترت بیستبێت. چ گریمانەیەکت لا پەسەندە؟ دروستە.» (مستەفا،٢٠١٩: ١٢٠) بە تەواوەتی خوێنەر سەرپشک دەکات لەوەی، بێجگە لەو کۆتاییە دراوانەی ناو دەقەکە دەتوانێت بەپێی بۆچوون و دونیابینی خۆی کۆتاییەک هەڵبژێرێت.

بە هەمانشێوەی ئەمانە (عەبدوڵڵا سەڕاج) لە کۆتایی برووسکەچیرۆکی (سپی)دا خوێنەری سەرپشک کردووە: « ئەی ئەمرۆکە سەردەمی ئازادی نییە! ئەی ئەوە نییە ئەم کاغەزە سپییەی بەر دەستت، باوەشی پڕ میهری خۆی بۆ تێڕوانین و دید و وشەی دیوانەییم کردۆتەوە!ئەی تۆ دەڵێی چی؟ لەگەڵ تۆمە، خوێنەری دەروون سپی و پاکژ...» (سەڕاج،٢٠٠٧: ٣٥٨). نووسەر ڕاشکاوانە کۆتایی چیرۆکەکەی داوەتە دەست خوێنەر و سەرپشکی کردووە لە هەڵبژاردنی وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارەی، کە ئایا

سپی ڕەنگە یان نا؟.

**٢,٨ .کۆتایی لێکداپچڕاو:** لەم جۆرەدا نووسەر لە ڕێگەی هێنانی وشە و دەربڕینی لێکداپچڕاو و تەواونەکراوەوە کۆتایی بە کورتیلەچیرۆکەکەی دەهێنێت. بە گشتی کاتێک نووسەر کارەکتەری چیرۆکەکەی لە بارێکی دەروونی ناتەواودایە، یاخود لە دۆخێکی وەهادایە، کە توانای قسەکردنی نامێنێت، یان بابەتی چیرۆکەکە تابووە، پەنا بۆ کۆتاییەکی لەم چەشنە دەبات و لەڕووی هونەرییەوە ئاستی ئیستاتیکی دەقەکە بالاتر دەکات. نموونەکانی ئەمجۆرە کۆتاییە لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا زۆرن.

(چنار بوداغی)لە برووسکەچیرۆکی (.....)دا، کە بابەتەکەی باسی گێڕانەوەی دەستدرێژی سێکسییە پەنای بۆ کۆتایی لێکداپچڕاو بردووە: « دەزانی ئالاکانیان لا الە الا اللە یان لێنووسیبوو دەزانی؟ هاااا.. هاتن...ن نەیاندیتم. ب ب ب با... باوکم، خ شووو..شوشەی ژێرزەویە کە. کەوت...باوکم...دانەر..ک..ک.. کەژ..ڕووت..ڕووتیان کردەوە.. منمن دەمدیت...دانەریان برد. دە.. دە...دەزانی؟ کە...کەژێ...ڕووتیان ک...کرر..دەزانی؟... لەوێ... هەر لەوێ...ز...زۆۆۆر بوون... هاا...هااتن...لەوێ کەژێ...من نەمتوانی! ت تۆۆ... تۆ نازانی چ بوو!دەزانی؟نازانی!ب...بۆ... بۆ لێم ناگەڕێی؟د...دەڵێم...ناتوانم ئ... ئە...ئەوانە بنووس...ناتوانم نا... نااا...لە کۆڵمبەوە...هەستە.هەستە بڕۆ دەرێ...بڕڕڕۆۆۆ...بڕۆ ل...لە کۆڵمبەوە.» (بوداغی،١٣٩٥: ٨٥).

کارەکتەری ئەم چیرۆکە لە بارێکی شێواو و ناتەواو دایە و لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی چۆنیەتی دەستدرێژییەکەدا زمانی لە گۆ دەکەوێت و ناتوانێت بە تەواوەتی کۆتایی بە چیرۆکەکە بهێنێت و وشە و ڕستەکانی لەسەر شێوەی نووسینێکی ناتەواو و لێکداپچڕاو دەردەکەون و ڕاستەوخۆ خوێنەر ئەوەیان لێدەخوێنێتەوە، کە ئەم کەسە لەڕووی دەروونییەوە شڵەژاوە و ئەم شڵەژاوییەش کاری کردۆتە سەر گوتە و دەربڕینەکانی.

بە هەمانشێوە (جەبار سابیر)لە وردیلەچیرۆکی (شەڕت نەدیوە)دا لە

ڕێگەی چەند دەربڕینێکی ناتەواوەوە کۆتایی بە چیرۆکەکەی هێناوە: «... دەنگی گوللەیەکی قەنناس، مۆری سووری لە هەنیەی دا و کەوتە سەر زەوی.ئیدی دوا بزە و نیگای بۆ کوڕەکەی کرد و هەر فریای ئەوە کەوت بە پچڕپچڕی بڵێت»کوڕم!... شەڕڕڕڕڕت .نە ...دیییی ..وە .نە .. شەڕڕڕڕڕ!» (سابیر،٢٠١٩: ٢١).بابەتی سەرەکی ئەم چیرۆکە باوکێکە دەیەوێت لەجیاتی کوڕەکەی بچێتە جەنگ و هەر، کە بەرپرسەکە ڕازی دەبێت ڕاستەوخۆ باوکەکە لە لایەن دوژمنەوە دەپێکرێت. ئەم کارەکتەرە لە ئان و ساتی گیانەڵادایە و ناتوانێت وەکو کەسێکی ئاسایی قسە بکات، بۆیە لە ڕێگەی دەربڕینی چەند وشەیەکی پچڕ پچڕەوە دوایین گفتوگۆ لەگەڵ کوڕەکەی دەکات.

**٩ ,٢ .کۆتایی هەواڵی:** لەم جۆرە کۆتاییەدا نووسەر دوای گێڕانەوەی تەواوی ڕووداوەکە، مانشێتی ڕۆژنامەیەک، یان دێڕێکی نامەیەک، یان گوتەی کەسێکی سەر هێڵی تەلەفۆن دەگوازێتەوە و لە ڕێگەیەوە کۆتایی بە کورتیلەچیرۆکەکەی دەهێنێت. ئەمشێوازە نوێیە و زیاتر کورتیلەچیرۆکنووسانی دوای ڕووخانی ڕژێم پەیڕەویان کردووە و لەڕووی هونەریشەوە دەبێتە مایەی زێدەترکردنی ئیستاتیکای دەقەکە.

(هێمن بەرزنجی)لە وردیلەچیرۆکی (کەوچکێک خەم)دا پەیڕەوی لەم تەکنیکە کردووە: «...ماتۆڕسوارەکە ڕۆژنامەیەکی هەڵدایە سەر مێزەکە و ڕۆیشت، کوڕەکە بەختی بوو، جگە لەو کەس خوێنەوار نەبوو، نانەواکە هاواریکرد: ئەو نانە دەربێنە. کوڕەکە وێنەی کچەکەی بینی بەئاگرەوە، چڕە دووکەڵی نانەکە فرمێسکی لە چاوی کوڕەکە هێنا، ڕۆژنامەکە بە مانشێتێکی گەورە نوسیبووی: کچە لەشفرۆشەکە ئاگری لە وێنەکەی خۆی بەردا». (بەرزنجی،٢٠١٥: ٤١). لەم وردیلەچیرۆکەدا نووسەر پێوەندی و نامەگۆڕینەوەکانی نێوان کوڕێک و سۆزانییەکی باسکردووە و دواتر لەپڕێکدا هاتووە بە مانشێتی هەواڵێکی ڕۆژنامەیەک کۆتایی بە چیرۆکەکەی هێناوە.

لە برووسکەچیرۆکی (کوژرانی ڕوونس ئەلینی)ی (تێکۆشەر خالید)دا

لە ڕێگەی گواستنەوەی هەواڵی ناو پەیوەندییەکی تەلەفۆنی کۆتایی بە کورتیلەچیرۆکەکە هێنراوە: «سوپاس، هانا خان، سوپاس، هاوڕێیەکی دیکەمان، لەسەر هێڵی پەیوەندییەکانە. فەرموون.» (خالید،٢٠١٣: ٣٨). لەم برووسکەچیرۆکەدا گێڕەرەوە ڕووداوێکی جەرگبڕ و کارەساتبار دەگێڕێتەوە، کە لەخەوندا بینیویەتی خوێنەر لە ڕێگەیەوە سەرسام دەبێت و هیچ هەستیش بەوە ناکات، کە گێڕەرەوەی ڕووداوەکە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بەسەرهاتەکە بۆ پێشکەشکاری بەرنامەیەک دەگوازێتەوە، تاوەکو نووسەر لە کۆتاییدا ئەو ڕستەی سەرەوە دەهێنێتەوە و بەر لە هێنانەوەی ئەم ڕستەیەش کاتێک کارەکتەرەکە لەخەو ڕادەپەڕێت هێشتا چیرۆکەکە کۆتاییەکی وەهای نییە، کە خوێنەر قەناعەتی پێبکات، بۆیە هێنانەوەی ئەم ڕستەیە ئاماژەیەکە بۆ داخستن و کۆتاییهێنان بە چیرۆکەکە.

١٠ ,٢ **.کۆتایی خەونئامێز:** ئەم جۆرە کۆتاییەش یەکێکە لە شێوازە باشەکانی کۆتاییهێنان بە کورتیلەچیرۆک و بە گشتی لای نووسەرانی کورد بە کۆن و نوێوە بە شێوەیەکی بەرفراوان ئاوڕی لێدراوەتەوە. مەبەستیش لێی ئەوەیە نووسەر لە دەستپێک و ناوەڕاستدا ئەوە لە خوێنەر دەشارێتەوە، کە ئەو شتەی دەیگێڕێتەوە خەون بێت تا دەگاتە ڕستەکانی کۆتایی، ئینجا کارەکتەرەکە لە خەوەکەی ڕادەپەڕێت، یاخود نووسەر بە ئاماژەی زمانی ئەوە بۆ خوێنەر ڕووندەکاتەوە، کە گێڕانەوەکە خەون بووە.

ڕەئووف بێگەرد یەکێکە لەو کورتیلەچیرۆکنووسانەی زۆرترین سوودی لەمجۆرە تەکنیکە وەرگرتووە بۆ نموونە لە برووسکەچیرۆکی (ورێنە) دا نووسەر خەونی ژن و پیاوێک تێکەڵ بەیەک دەکات و دەگێڕێتەوە، کە تامەزرۆی ئەوەیە منداڵێکیان هەبێت و لەمخەوەدا پیاوەکە هەمیشە بەدوای چەند منداڵێکەوەیە، بەڵام نووسەر لەناو گێڕانەوەکەدا بە هیچ کڵۆجێک ئەوە ئاشکرا ناکات، کە ئەم کارەکتەرانە خەون دەبینن تاوەکو دەگاتە کۆتایی چیرۆکە: «ڕاپەڕیت، کە چاوت کردەوە سەری ژنەکەت لەباوەشدا بوو، چەپکێک لە قژە نەرم و عەتراوییەکەی لەنێو لەپدا نووستبوو،

هەواڵنامەی کتێب

ئەویش وەک تۆ دەیلرخاند و هەناسەی بەگیرکەوتبوو، دیاربوو ئەویش هاواری لە فریادڕەسێک دەکرد نوزەی دەرنەدەهات، کە هەڵتساند و چاوی کردەوە پێیوتیت: ئای لەو کۆمەڵە منداڵە قژدرێژ و چاوزەقانەی کە دەیانترساندم، بەڵام خۆزگە یەکێکیان کوڕی خۆمان بوایە.» (بێگەرد،٢٠٠٦: ٤٦٢). ئەمجۆرە کۆتاییپێهێنانە بووەتە دەرچەیەک تا نووسەر لە ڕێگەیەوە خۆی لەوە دەربباز بکات، کە بە شێوەیەکی ڕاپۆرتئاسا کۆتایی بە کورتیلەچیرۆکەکەی بهێنێت، هەروەک بۆ خوێنەریش چێژەکەی لەوە دایە، کە لە کۆتاییدا بۆی ڕووندەبێتەوە نووسەر گەمەیەکی هونەری لەگەڵدا کردووە و خەونی وەک واقیع پێنیشانداوە و تا کۆتایی نەیهێشتووە هەست بەوە بکات، کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە خەونە.

لە وردیلەچیرۆکی (لێوکرۆژتن) ی (تێکۆشەر خالید)دا سوود لەم جۆرە کۆتاییە وەرگیراوە. نووسەر لە دەستپێکدا چیرۆکی کارەکتەرێک دەگێڕێتەوە، کە ئێستا تەمەنی چل و چوار ساڵە و ساڵانێکی زۆرە خولیای کۆکردنەوەی ئەنگوستیلەی هەیە و هەر کاتێک ئەنگوستیلەیەک لە پەنجەی هەر کچێکدا ببینێت لێوی بۆ دەکرۆژێت و حەزەدەکات هەموو ئەنگوستیلەکانی دونیا لای ئەو بن و لێرەدا دەوەستێت و بۆ کۆتاییهێنان بە چیرۆکەکە خەونێک دەگێڕێتەوە: «بیست و یەک ساڵ لەمەوبەر خەونم بینی، تۆ دێیت و ئەنگوستیلەیەک هەڵدەگریت، کە من نەمبینیوە. ڕەنگی ئەنگوستیلە هەڵبژاردەکەی تۆ داهاتووی منە.» (خالید،٢٠١٣: ٧٠). ئەم کۆتاییە لەڕووی لۆژیکییەوە دەستپێکی ڕووداوەکانە، بەڵام نووسەر هاتووە شوێنەکەی گۆڕیوە و خستویەتیە کۆتایی. بەمەش سیحرە هونەرییەکەی چیرۆکەکە زیاتر بووە، چونکە لەلایەک وایکردووە چیرۆکەکە دەربازی بێت لە گێڕانەوەیەکی یەک لەدوای یەک و ڕاپۆرتئاسا، هەروەک ئەم خەونە وایکردووە نووسەر شتگەلێکی سەیر بخاتە ناو چیرۆکەکە وەک ئەوەی ئەنگوستیلەیەک، کە کارەکتەرەکە هەرگیز نەیبینیوە و ڕەنگی ئەنگوستیلەکەش دەبێتە داهاتووی کارەکتەرەکە. ئەمانەش

وادەکەن خوێنەر هەر لەگەڵ تەواوبوونی چیرۆکەکەدا، بکەوێتە بیرکردنەوە و تێهزرین لەوەی ئاخۆ ئەم ڕەنگە چ ڕەنگێک بێت؟ ئەم ئەنگوستیلەیە چ جۆرێک بێت؟.

١١,٢. **کۆتایی گاڵتەئامێز:** لەم جۆرەدا نووسەر هەوڵدەدات بە جۆرێک کۆتایی بە چیرۆکەکەی بهێنێت، کە خوێنەر بهێنێتە خەندە و ئەم جۆرە کۆتاییە وادەکات کورتیلەچیرۆک لە نوکتە نزیک بکەوێتەوە و چێژێکی لێ بەرهەم بێت، کە ڕەوایەتی بدات بەوەی، کە بەرهەمەکە سەنگینە و شیاوی ئەوەیە بخوێندرێتەوە، جگە لەمەش وروژاندنی ئەم هەستە لای خوێنەر وادەکات لە کورتیلەچیرۆکەکە ڕابمێنێت. ئەم جۆرە کۆتاییە یەکێکە لە باشترین جۆرەکانی کۆتایی لە کورتیلەچیرۆکدا و زۆرینەی نووسەرانی جیهانی هەوڵ بۆ ئەوە دەدەن، کە کۆتایی چیرۆکەکانیات گاڵتەئامێز بێت. لەناو کورتیلەچیرۆکنووسانی کوردیشدا نموونەگەلی وامان هەن، کە سوودیان لەمجۆرە کۆتاییە بینیوە.

(هێمن بەرزنجی) لە وردیلەچیرۆکی (پێکەنین)دا، کە ناوەرۆکی



هێمن بەرزنجی

سەرەکیی کورتیلەچیرۆکەکە بریتییە لە بێزاری ژن و پیاوێکی لادێیی لە وەچەخستنەوە و زۆری منداڵ، بۆیە پیاوەکە هەوڵدەدات لە ڕێگەی کۆندۆمەوە ڕێگری لە سکپڕی ژنەکەی بکات و شەوێک دانەیەک بەکاردەهێنێت و ئەوانیتر دەخاتە ژێر بالیفەکە، بەڵام لە بەختی ڕەشی ئەودا بەیانی ماڵە خەزووری دێن و کۆندۆمەکان دەبیننەوە: «وەختێک مستەفا دەگەڕێتەوە، دەبینێت منداڵەکان هەریەکەیان کۆندۆمێکیان بەدەستەوەیە فووی تێدەکەن و دەینێن بە بەلوعەی تانکیەکەوە ئاوی تێدەکەن، خەزووریشی گووپی

هەواڵنامەی کتێب

پڕکردووە لە هەوا و دوای تاوێک دەڵێت: مچە گیان دوو دەستە لەم میزەڵدانە ڕەسەنە بۆ منداڵەکانی ئێمەیش بکڕە.» (بەرزنجی،٢٠١٥: ٦٤). خوێنەری ئەم چیرۆکە کاتێک دەگاتە کۆتایی، بێویستی خۆی پێکەنین دایدەگرێت، بە تایبەت کاتێک دەبینێت کەسێکی وەک خەزووری مستەفاش هاوشێوەی منداڵەکان یاری بە کۆندۆمەکان دەکات و ناتوانێت میزڵدان و کۆندۆم لێکبکاتەوە. نووسەر بۆ خولقاندنی کۆتاییەکی لەم چەشنە پەنای بۆ کارەکتەرگەلێکی نەزان و بێئاگا بردووە و ئەو نەزانی بێئاگاییەش وایکردووە کردەوەگەلێک ئەنجام بدەن، کە بە لای کەسێکی خوێندەوار و تێگەیشتوو شیاوی پێکەنین بێت.

بە هەمانشێوە (ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجی) لە پۆستەرە چیرۆکی (سەرپەل)دا بەم جۆرە کۆتایی بە کورتیلەچیرۆکەکەی دەهێنێت: «کوڕم تۆ هێشتا منداڵی پێشمەرگایەتی ئەرکێکی قورسە و بەرگەی ڕاکەڕاکە و برسێتی و ترس ناگرێت. زۆر جاران عارد ڕادەیەخین و ئاسمان بەخۆ دادەدەین... - دەزانم ...دەزانم، بەردیش بالیفمانە.» (بەرزنجی،٢٠٠٨: ٩١). وەک دەبینین نووسەر لە ڕێگەی هێنانی کارەکتەرێکی منداڵ توانیویەتی کەشێکی پێکەنیناوی و گاڵتەئامێز دروست بکات و ئەو منداڵە لە وەڵامی ئامۆژگارییەکی جیددی وەڵامێکی وەها دەداتەوە، کە خوێنەر بە خەندە دەهێنێت .

**١٢ ,٢.کۆتایی سڕاوە:** لەمجۆرە کۆتاییەدا نووسەر لە ڕێگەی دانانی چەند خاڵێک کۆتاییەکە دەسڕێتەوە و بە خوێنەری ناڵێت، ئەمەش چیرۆکەکە لە تاک لێکدانەوەیی دەرباز دەکات و دەیباتە بازنەیەکی فراوانتری خوێندنەوە و لێکدانەوە. لەم جۆرە چیرۆکانەدا خوێنەر هاوشێوەی نووسەر دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو لە دەق، چونکە ئەرکی هەڵهێنانی بەشێکی گرنگی واتای چیرۆکەکەی دەکەوێتە ئەستۆ.

ئەمجۆرە کۆتاییە یەکێکە لە تەکنیکە بەربڵاوەکانی نووسینی کورتیلەچیرۆک و بەشێکی بەرچاو لە نووسەرانی کورد هەوڵیانداوە بەمشێوەیە کۆتایی بە دەقەکانیان بهێنن.



عەبدوڵڵا سەراج

لە وردیلەچیرۆکی (پیاو و پیاو)ی (عەبدوڵڵا سەراج)دا بەمشێوەیە کۆتایی بە کورتیلەچیرۆکەکە هاتووە: «ئەفسەرەکە وەڵامی پرسیارێکی دایەوە کە لە ڕوومدا دەخوێندرایەوە. گوتی: شەوی ڕابردوو دانی بە هەموو شتێکا نا و ...» (سەراج،٢٠٠٦: ٢٦١). نووسەر لە ڕێگەی دانانی سێ خاڵەوە کۆتایی وردیلەچیرۆکەکەی سڕیوەتەوە و بۆ خوێنەری جێهێڵاوە، تا بەپێی تێگەیشتنی خۆی لە دەقەکە کۆتاییەک دابنێت.

(باهۆز مستەفا) لە برووسکەچیرۆکی (چیرۆک)دا کۆتاییەکی سڕاوەی بەکارهێناوە: «پاشان ئەمانەم ڕەشکردەوە و ویستم شتێک بنووسم نەگوترابێت و کەس هەستی پێ نەکردبێت، بۆ ئەوەی بیرکردنەوەکەم لەبیر نەچێتەوە تەسجیلە بچووکەکەم هێنا و پەنجەم بە دوگمە سوورەکەوە نا و گوتم..........» (مستەفا،٢٠٢٠: ٢١٨). لەم برووسکەچیرۆکەدا خوێنەر ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بیرۆکە دەبێتەوە، کە نووسەر لە دووتوێی چیرۆکەکەیدا گەڵاڵەی کردووە، بەڵام هیچ یەکێک لە بیرۆکەکان نابنە دوا وێستگەی نووسەر و ڕاڕایی باڵ دەکێشێت بەسەر دنیای چیرۆکەکەدا و لە کۆتاییدا نووسەر دەیەوێت شتێک بنووسێت، کە کەس نەینووسیبێت، بەڵام ئەم شتە بە نەگوتراوی دەمێنێتەوە، چونکە نووسەر شوێنەکە خاڵڕێژ دەکات.

(تێکۆشەر خالید) لە برووسکەچیرۆکی (قسەکردن لە مەرگ)دا سوودی لە کارەکتەرێک وەرگرتووە، کە تارمایی دەبینێت و هێواش هێواش باری دەروونی تێکدەچێت، تا لە کۆتاییدا لە جووڵە دەکەوێت: «...دەبێت بەیانی زوو لەگەڵ ئەو تارماییە بڕۆم...ئای ئەوە

بوون بە دوو تارمایی ئەی خوایەگیان پێڵوەکانم قورس بوون دڕک دەچێ بەگیانما ئای خوایەگیان هەناسەم بو ناد..............» (خالید،٢٠١٣: ٣٦). نووسەر لە کۆتایی ئەم چیرۆکەدا شوێنێکی زۆری بە خاڵ پڕکردۆتەوە و ئەمەش گومانێک بۆ خوێنەر دروستدەکات، لەوەی کە کارەکتەرەکە مردبێت، چونکە زۆری بۆشاییەکە بەرەو چەند ئەگەر و مەزەندەیەکی دەبات، ئەگەر وا نەبوایە، ئەوا نووسەر تەنیا سێ چوار خاڵی دادەنا و کۆتایی بە کورتیلەچیرۆکەکە دەهێنا.

**٢,١٣. کۆتایی نمایشی:** ئەم جۆرە کۆتاییە هاوشێوەی کۆتایی دەقی شانۆییە و نووسەر لە ڕێگەی دەستەواژەی (پەردە دادرایەوە) کۆتایی بە کورتیلەچیرۆکەکەی دەهێنێت. ئەم جۆرە کۆتاییە لەناو کورتیلەچیرۆکی کوردیدا دەگمەنە و لەچاو ئەوانیتر زۆر بە کەمی دەبینرێت، ڕەنگە گونجاوترین نموونە بۆ ئەمجۆرە کۆتاییە، وردیلەچیرۆکی (دیمەنی دوایی)ی (هیمداد حوسێن) بێت: ... «لەو کاتەدا ڕووناکییەکە بەرە بەرە کز دەبێت و تیشکێکی سەوز لە ڕووخساری خان دەدات و هەر ئەو کاتەش (عەبداڵ)بە ڕاکردن دێتەسەر شانۆ و باوەش بە خاندا دەکات. پەردەی شانۆ بە ئارامی دادەرێتەوە.» (حوسێن،١٩٨٨: ٩٧).

وەک دەبینین نووسەر هەروەکو کۆتاییهاتنی شانۆگەرییەک، یاخود دەقێکی شانۆیی کۆتایی بە چیرۆکەکەی هێناوە.

**٢,١٤. کۆتایی دیالۆگی:** مەبەست لەمجۆرە کۆتاییە ئەوەیە، کە نووسەر لە ڕێگەی دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان کۆتایی بە کورتیلەچیرۆکەکەی دەهێنێت و جاری وا هەیە نووسەر هەروەک چۆن لە دەستپێکەوە بە دیالۆگ دەستی پێکردووە ئاواش بە دیالۆگ کۆتایی بە چیرۆکەکەی دەهێنێت، جاری واش هەیە تەنیا کۆتاییەکە دیالۆگییە. ئەم جۆرە شێوازی کۆتاییپێهێنانە لە کورتیلەچیرۆکی کوردیدا زۆر سوودی لێوەرگیراوە و نموونەگەلی یەجگار زۆر هەن.

لە وردیلەچیرۆکی (باوێشکی مانگ)ی (فەرهاد مستەفا)دا هەروەک چۆن چیرۆکەکە بە دیالۆگ دەستپێکردووە ئاواش بە دیالۆگ کۆتایی پێهێنراوە:

خانمی قوماندار وتی، «ئاساییە گەر بۆنی ئارەق و چڵکم لێبێت؟» فەرماندەکە وتی، «لە گۆڕەپانی جەنگدا، گوڵ ناباڕێت.»

خانمەکە نیوتاقەکەی پشتی ترازاند، «پێدەچێت ئەم جەنگە کۆتایی بێت؟»

فەرماندەکە لە لیباسە سوورە گوڵگوڵاوییەکەی قوماندارى دەڕوانی، «تا مرۆڤ ببێت،جەنگیش دەمێنێت».

«دەترسم ئەم جەنگە دوایین جەنگ بێت بەشداری بکەم.» (مستەفا،٢٠١٨: ٢١).

نووسەر لە دوو ڕستەی کۆتایی وردیلەچیرۆکەکەدا، کە گفتوگۆی نێوان خانمی قوماندار و فەرماندەی جەنگە، وایکردووە وتەکانی نێوان ئەم دوو کارەکتەرە، جگە لە واتا ڕووکەشەکانیان واتایەکی شاراوەی تابوویش بدات، چونکە ترازاندنی نیوتاق و بینینی لیباسی سووری گوڵگوڵی ئاماژەیەکن شتی دیکەیان لێدەخوێندرێتەوە.

نموونەیەکی دیکەی کۆتایی دیالۆگی لە وردیلەچیرۆکی (گرێ کوێرە)ی (جیم عەین)دا دەبینرێت. بابەتی سەرەکی ئەم چیرۆکە ئەسپەردەکردنی ژنێکە، کە دەیانەوێت بوخچەیەکی لەگەڵ بخەنە گۆڕەکە، بەڵام لە ئان و ساتی کردنەوەی بوخچەکەدا، گفتوگۆ لەنێوان ئامادەبووانـدا دروستدەبێت و بەمچەشنە چیرۆکنووس لە ڕێگەی ئەم گفتوگۆیەوە کۆتایی بە وردیلەچیرۆکەکەی دەهێنێت:... بوخچەکە هێنرایە لای دەمی گۆڕەکەوە، بەهێواشی کابرای گۆڕ هەڵکەن بە پەنجە بەهێزەکانی گرێ کوێرەکەی کردەوە،.. چەند مشتێک خۆڵی تیابوو...خۆڵەکەیان بەسەر بەردی ئەلحەدەکەدا بڵاوکردەوە، پرسیاریان کرد:«ئەم خۆڵە تەبەرووکی کوێیە؟- خۆڵی کۆنە خانووەکەی دێیەکەیانە.» (جیم عەین،١٩٩٢: ٦).

٢, ١٥.کۆتایی ڕامانی: ئەمجۆرە کۆتاییە، یەکێکە لە کۆتاییە هەرە بەربڵاوەکان لە کورتیلەچیرۆکدا و کاتێک بەدیدێت، کە نووسەر باری قورسی واتای چیرۆکەکە بخاتە ئەستۆی کۆتاییەوە و خوێنەریش ڕاستەوخۆ لەگەڵ تەواوبوونی چیرۆکەکە، لە ڕێگەی ڕستەی کۆتاییەوە بکەوێتە ڕامان و

هەڵوەستەکردن. مەزراندنی ئەمجۆرە کۆتاییە لە کورتیلەچیرۆکدا ئەرکێکی سەختە، چونکە هەموو نووسەرێک لەتوانایدا نییە مێشکی خوێنەر لەدوای خوێندنەوە بە دەقەکەی پەیوەست بکات و ئەم بابەتانەشی، کە دەکرێن بەمجۆرە کۆتاییە بابەتگەلی جیددی و تراژیدین و لەبری ئەوەی خوێنەر بخەنە خەندەوە، وایلێدەکەن بێدەنگی و تێفکرین باڵ بکێشێت بەسەریدا.

پۆستەرەچیرۆکی (ژنێکی ڕەشپێستی ناو باڕی سی سی وارشۆ)ی (تێکۆشەر خالید)نموونەیەکی ئاشکرای ئەمجۆرە کۆتاییەیە: « من سیوشەش ساڵمە، تۆ لەدایک نەبوویت، کە من یازدە ساڵ بووم. بەڕێز بۆیێ بەم کارەی من دەگوترێت لەشفرۆشیی. لاوەکە جلەکانی لەبەرکردەوە و جگەرەیەکی داگیرساند، ئەوکات بیری لە خوشکە ونبووەکەی دەکردەوە، کە یازدە ساڵ لەو گەورەتر بوو.» (خالید،٢٠١٣: ٧٥). خوێنەری ئەم دەقە لەدوای ئەوەی ڕستە هێڵ بەژێرداهاتووەکە دەخوێنێتەوە، تووشی ڕامان و بیرکردنەوە دەبێت و ئەگەری شیانی خوشک و برایەتی ئەم لاوە و ژنە ڕەشپێستەکە لەناو مێشکیدا چەکەرە دەکات، ئەو ئاماژە تەمەنییەشی، کە نووسەر لە سەرەوە داویەتی، پتر ڕاپێچی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی دەکات.

وردیلە چیرۆکی (گوێز)ی (هێمن بەرزنجی) نموونەیەکی دیکەیە بۆ ئەو جۆرە کۆتاییەی، کە بە ڕامانی ناسراوە:...«هاوکارەکەم هاواریکرد هێی.. ئەو ژنە ئەشێ هەر بە ساغی گوێزی قوتدابێت، دەبینی گوێزەکە لە سکیدا ماوەتەوە!. من دەستم بەگریانکرد، گوتم: گەمژە، ئەوە سەری کۆرپەلەکەی بوو لە منداڵدانیدا.» (بەرزنجی،٢٠١٥: ٤٨). بابەتی سەرەکی ئەم چیرۆکە هەڵدانەوەی گۆڕی بە کۆمەڵە لە لایەن کۆمەڵێک کەسی ئەم بوارە و کاتێک دوو لەو کەسانە ئێسکوپروسکی سێ ئافرەت دەدۆزنەوە، یەکێکیان واهەستدەکات، کە ژنێک لەمانە گوێزی بە توێکڵەوە قوتدابێت، بەڵام ئەوەی تریان ڕاستی کارەساتە جەرگبڕەکە ئاشکرا دەکات ئەویش ئەوەیە، کە ئەم ژنە زیندەبەچاڵکراوە لە مانگەکانی یەکەمی دووگیانیدا

زیندەبەچاڵکراوە، چونکە سەری کۆرپەلەکەی هێندەی گوێزێکە. بە بیستنی ڕاستیی بابەتەکەش خوێنەر ڕاستەوخۆ دەکەوێتە شۆکێکی گەورەوە، ئەم شۆکبوونەش بەرەو بیرکردنەوە و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی کارەساتە گەورەکە پاڵی پێوەدەنێت، واتە دەکەوێتە ناو باکگراوندێکی مێژوویی و لە دڵۆپێکی بچووکەوە بەرەو دەریایەک دەڕوات.

**٢,١٦ کۆتایی هەڵگەڕاوە:** ئەو جۆرە کۆتاییەیە، کە تێیدا نووسەر وەرچەرخانێک لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دروستدەکات و بە شێوەیەکی وا دەنووسێت، کە پێچەوانە بێتەوە لەگەڵ حەقیقەتی دەستپێک و ناوەڕاستی ئەو بابەتەی باسی لێوەکردووە و زۆرینەی کات نووسەران بۆ هێنانەکایەوەی ئەم جۆرە کۆتاییە، سوود لە ئایرۆنی وەردەگرن. هەندێک جار لەم جۆرە کۆتاییەدا خوێنەر خۆی وەکو کەسێک دێتەبەرچاو، کە هەڵخەڵەتێنرابێت، چونکە لە سەرەتادا نووسەر بابەتێکی جیددی و کارەساتبار دەخاتەڕوو، کەچی لە کۆتاییدا وای نیشان دەدات، کە لە ڕاستیدا شتی وەها ڕوویندەداوە. ئەم جۆرە کۆتاییەش یەکێکە لە شێوازە هەرە باش و ڕەسەنەکان لە کورتیلەچیرۆکدا، چونکە هزر و خەیاڵی خوێنەر دەخاتە جووڵە و جۆرە چێژێکی ئیستاتیکیش بە دەقەکە دەبەخشێت، چونکە نووسەر بونیاتی کۆتایی دەقەکەی وا دەسازێنێت، کە شتێکی چاوەڕواننەکراوە و خوێنەر بە هیچ کلۆجێک پێشگریمانەیەکی وای بۆ دوست نابێت، کە دەقەکە بەم چەشنە کۆتایی پێبێت، واتە بە پێچەوانەی ئەگەر و بۆچوونەکانی خوێنەر دەکەوێتەوە.

(جەبار سابیر) لە وردیلەچیرۆکی (دەرهێنەر)دا سوودی لەم جۆرە کۆتاییە وەرگرتووە: «ژنەکەیان کوشت. هەر دوو منداڵەکەیان لەبەرچاوی خۆی کردە خۆراکی سەگەکان، دەست و چاویان بەستەوە و لەپەنا دیوارێکدا ڕایانگرت و وتیان دوا قسەت بکە: دوا قسەکەی تەنیا مینگە مینگێک بوو. سەربازانی دەستەی ئیعدام چاوەڕێی فەرمانی تەقەکردن بوون. بەر لەوەی پەنجە بە پەلەپیتکەکەدا بنێن، پەنجەی

**بـە کلیلـی پاوسـدا نا...دەرهێنەرەکـە تەنانـەت لـە فیلمیشـدا حـەزی بـە مردنـی خـۆی نەبـوو، بـەڵام ئـەو لەبیری چووبـوو کـە دەرهێنـەری فیلمـە، نـەک دەرهێنەری ژیان.» (سابیر،٢٠١٤: ٢٧).**

**لـەم چیرۆکـەدا نووسـەر لـە دەسـتپێک و ناوەڕاسـتدا وردەکاریـی بابەتێکـی تراژیـدی و جەرگبـڕ بـاس دەکات، بـەڵام کاتێـک دەگاتـە کۆتایـی، جـۆرە هەڵگەڕانـەوە و کودەتایـەک بەسـەریاندا دەکات و خوێنەریـش بـە خوێندنـەوەی ڕسـتە هێڵبەژێرداهاتووەکـە تێـدەگات ئـەوەی لـە سـەرەتای چیرۆکەکـەدا هاتـووە، هیـچ جـۆرە بوونێکـی ڕاسـتەقینەی نییـە، بەڵکـو نیشـاندانی گرتەیەکـی ڤیدیۆییـە. بـە گوتەیەکـی تـر، خوێنـەر لـە ڕێگـەی ئـەم ڕستەیەوە تێـدەگات لـەوەی، کـە نووسـەر گەمەیەکـی تەکنیکـی لەگەڵـدا کـردووە، چونکـە مردنێکـی ڕاسـتەقینە لەئـارادا نییـە.**

**سەرچاوەکان:**


١- الیـاس، جاسـم خلـف(٢٠١٠) شـعریة القصـة القصیـرة جـدا،ط١،دار نینوی،دمشـق.

٢- بوداغـی، چنـار(١٣٩٥)(.....) کورتیلەچیـرۆک، گ.شـی، ژ.سـفر و یـەک.

٣- بەرزنجی، ڕەزا سـەیدگوڵ(٢٠٠٨) تورپبوونـی ئاسـمان،چ١، دەزگای موکریانـی، هەولێـر.

٤- بەرزنجـی، هێمـن(٢٠١٥) هاوسـەری دووەمـی کوژراوەکـە،چ١، دەزگای جەمـال عیرفـان، سـلێمانی.

٥- بێگـەرد، ڕەئـووف(٢٠٠٦) کۆچیـرۆک، چ١، دەزگای سـەردەم، سـلێما نی.

٦- تەرەغـە، محەمـەد(٢٠١٣) مینیماڵیـزم ژیانـە، چ١، ناوەنـدی چـاپ و بڵاوکردنـەوەی سـلێمانی، سـلێمانی.

٧- جیم عەین، (١٩٩٢)گرێ کوێرە، ڕ.کوردسـتانی نـوێ، ژ.١٨١.

٨- الحسـین، احمـد جاسـم(د)(٢٠١٠) القصـة القصیـرة جـدا، مقاربـة تحلیلیـة، ط٢، دار التکوین للتألیف و الترجمـة و النشـر، دمشـق.

٩- حوسێن، هیمداد(١٩٨٨)گوناه،چ١، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان،بەغدا.
١٠- خالید، تێکۆشەر(٢٠١٣)بەڵێ، هەڵەیەک ڕوویداوە، چ١،چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
١١- خورشید، قانع(٢٠٢١) گوڵبەهارێک لەم پاییزی عومرەمدا دەڕوێت،چ١، ناوەندی ڕێنوێن، سلێمانی .
١٢- دەستماڵی، محەمەدعەلی(٢٠٢٢) خێراتر لە مەرگ، کۆچیرۆک، چ١، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
١٣-ڕەشید، سابیر(١٩٩٢) چیرۆکی زۆر کورت بۆچی؟، ڕ.کوردستانی نوێ، ژ.١٩٨.
١٤- ڕەشید، سابیر(ا)(٢٠١٦) چیرۆکی هونەری کوردی، چ١، دەزگای ئاوێر، هەولێر.
١٥- ڕەشید، سابیر(٢٠١٦) ئاوێنە، ١٠٠ کورتیلەچیرۆک،چ٢، بێ ناوی چاپخانە، هەولێر.
١٦- سابیر، جەبار (٢٠١٤) چەند مینیماڵێک، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٠٧، هەولێر.
١٧- سابیر، جەبار (٢٠١٦) چوار مینیماڵ، گ.ڕامان، ژ.٢٢٨.
١٨- سابیر، جەبار(٢٠١٩)ڕادیۆ، کورتیلەچیرۆک، گ.ڕامان، ژ.٢٦٩.
١٩- سەڕاج، عەبدوڵلا(٢٠٠٧)لاکێشە ڕووناکەکان و ئەوانیتر،چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٢٠- سەعید، ئازاد محەمەد(٢٠١٣) کورتیلەچیرۆکی کوردی لە باشوری کوردستاندا١٩٧٠-١٩٧٩، چ١، بڵاوکراوەی مەڵبەندی گشتی یەکێتی نووسەرانی کورد، هەولێر.
٢١- عەبدوڵلا، کانیاو بەکر(٢٠٢١) کۆتایی ڕووداو لە کورتەچیرۆکی کوردیدا،چ١، کتێبخانەی خاک بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، کەلار.
٢٢- فەتاح، کاروان محەمەد(٢٠١٢) شەش کورتیلەچیرۆک، گ.هەنار،ژ.٧٧، سلێمانی.
٢٣- کاکەوەیس، جەلیل(٢٠١٨) ڕاوەسێبەر، کۆچیرۆک، چ١، دەزگای موکریانی، هەولێر.
٢٤- کەریم، مەریوان فەتحی(٢٠٠١) پشکۆی بەفری چیا، چیرۆکیلە،گ. کاروان،ژ.١٥٤.
٢٥- کەسنەزانی، بوشرا(٢٠٢١)پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا١٩٩٥-٢٠٠٥، چ٢،

هەواڵنامەی کتێب

دەزگای سـەردەم، سلێمانی.
٢٦- کولایـی و ابوخیلـی، مهـدی خـادم و رحمـت رحیمـی(١٣٩٣) ماهیت شناسـی داسـتانهای مینیمالیسـم از اغـاز تـا امـروز، چ١، نشـر قطره، تهران.
٢٧- لاج، دەیڤید(٢٠١٩)هونـەری داسـتان، وەرگێڕانی:د.هاشـم ئەحمـەد زادە،چ١، چاپەمەنـی دەنگ،بانـە.
٢٨- مجموعـة مـن المؤلفیـن، فـن الکتابـة الاقصوصة، ت.کاظم سـعدالدین، ط١، الموسـوعة الصغیـرة، عـدد١٦، منشـورات وزارة الثقافـة و الفنـون، الجمهوریـة العراقیـة.
٢٩- مستەفا، باهۆز(٢٠٢٠)وێسـتگەی میتـرۆ ٢٢سـاڵ چاوەڕوانی،چ١،ماڵـی کتێـب و گروپـی هاڤـی، هەولێـر.
٣٠- مسـتەفا، فەرهاد(٢٠١٢)پیـاوە ڕەقەڵەکـەی ژوورەکەمان،چ١،چـاپ و پەخشـی حەمدی،سـلێمانی.
٣١- مسـتەفا، فەرهـاد(٢٠١٩) پەراوێز،چ٢، ناوەندی سـارا، سلێمانی.
٣٢- مسـتەفا، فەرهـاد(٢٠١٨) کەسێک لەباتیی هەموومـان پێدەکەنێ، چ ٢،ئەندێشە،سـلێمانی.
٣٣- مسـتور، مصطفی(١٣٨٤)مبانـی داسـتان کوتـاه، چ٢، نشـر مرکز، تهران.
٣٤- مەنتـک، حەمـە(٢٠١٨) هونەرەکانـی چیرۆکنووسـین، چ١، چاپخانـەی تـاران، بڵاوکراوەی دەزگای مێخەک،هەولێر.
٣٥- یوب،محمد(٢٠١٥)قصـة القصیرة جدا، خـروج عـن الاطـار، شـبکة الالوکـة.

# شێوازی ئاوێتەبوونی ژانرەکان
# لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا



هەواڵنامەی کتێب

د. ئەڤین ئاسۆس حەمە

**چەمکی ژانرە ئەدەبییەکان:**

هەر چەمکێکی ئەدەبی خودان پێناسەی جۆراوجۆرە و بەپێی سەردەم و قۆناغەکان یان لە ڕوانگەی تیۆریزان و ڕەخنەگرانەوە بە شێوازی جیاواز پێناسەی کراوە. چەمکی ژانرە ئەدەبییەکانیش پێناسەی جیاواز لەخۆدەگرێت و هەر نووسەر و ڕەخنەگرێک لە ڕوانگەی هزری خۆیەوە لێیدواوە، خودی زاراوەی ژانرە ئەدەبییەکان جیاکارییە لە نێوان هونەرەکانی ئەدەب و ئەدەب بەشێوەیەکی گشتیی، هەر هونەرێکیش فۆرم و پێکهاتە و زمانی تایبەت بەخۆی هەیە کەوا جیای دەکاتەوە لە هونەرەکانی تر (منصوری، ٢٠١٥: ١٢٨).



لێرەدا جیاوازی فۆرم و بونیات وەک بنەمایەکی سەرەکی دادەنێت لە هەر ژانرێکدا، بەمەش هەر ژانرێک فۆڕمێکی تایبەت بەخۆی دەبێت، بۆ نمونە داستان، یا شیعری لیریک فۆڕمی تایبەت بە خۆیان هەیە و جیاوازن لە یەکتریش. (سیروس شمیسا) لە پێناسەی ژانردا دەڵێت (ژانرە ئەدەبییەکان لقێکی تیۆری ئەدەبییە و پۆلێنکردنی کارە ئەدەبییەکانە لەسەر بنەمای خەسڵەتە دەرەکی و ناوەکییەکان) (داد، ١٣٨٥: ٥٨). لێرەدا خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ڕووخسار و ناوەوەی دەق دەبنە بنەمای جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی دەقە ئەدەبییەکان.

لەلایەکی ترەوە، دەگونجێت پێناسەی ژانر لەسەر بنەمای ڕواڵەتی دەرەوە بێت (درێژی، کورتی، کێش و سەروا) و زۆر جاریش لەسەر بنەمای ناوەڕۆک دەبێت (هەڵوێست، ئاوازەی ناوەوە، بابەت)، بەمەش دەگونجێت، ژانر لەسەر بنەمای بوونی خەسڵەتێکی هاوبەش لە نێو کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبیدا یان بوونی چەند خەسڵەتێکی هاوبەش لەنێو بەرهەمە

ئەدەبییەکاندا پێناسەبکرێت (دومة، ١٩٩٨: ٢٥). ئەم خەڵسەتە هاوبەشانە فۆرمێکی یەکگرتوو بەو دەقانە دەبەخشێت، بەو واتایەی کۆمەڵێک دەق دەچنە خانەی یەک چوارچێوەی دیاریکراوەوە، ئەمەش وادەکات هەر دەقێک قاڵبێکی سەربەخۆی هەبێت. (مەجدی وهبە) لە (معجم مصطلحات الادب)دا بەو شێوەیە پێناسەی (الجنس الادبی) دەکات (ژانری ئەدەبی یەکێکە لەو چوارچێوانەی، کە بەرهەمە ئەدەبییەکانی تێدا دادەڕێژرێت، هەروەک چۆن بە داستان دەڵێن ژانرێکی ئەدەبییە، بە هەمان شێوە چیرۆکیش ژانرێکی ئەدەبییە) (وهبە، ١٩٧٢، ١٨٩). کەواتە هەر ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەن، چوارچێوەیەک بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان دادەڕێژن و لە یەکترییان جیادەکەنەوە، هەریەکە لەو ژانرانەش لە ڕێی ئەو دەربڕین و نووسینانەی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بۆ هەریەکێکیان خەسڵەتێکی جیاواز لەوی تریان هەڵبدەژێرێت و بەمەش هەر ژانرێک لەوی تر جیادەبێتەوە. هەریەک لەم فۆرمانە دەبنە خاسیەتی جیاکەرەوەی ژانرێک لە ژانرێکی تر و لە دواتریشدا تیۆری ژانرەکان و ئەدەبیاتناسی کاریان لەسەردەکات. (رینیە ویلک و ئوستن وارین) جیاواز لە بۆچوونەکانی تر، ژانرەکان وەک دامەزراوە و سیستەمێک دەبینن لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی ئەدەبی بووندا، پێیانوایە ژانری ئەدەبی تەنها ناوێک نییە، چونکە جوانییە نەریتییەکان، کە لە هەر کارێکی ئەدەبیدا هەن، خەسڵەتەکانی دیاریدەکەن. دەشکرێت وا تەماشای ژانرە ئەدەبییەکان بکەین، کە پێویستییەکی سیستماتیکین و لەلایەک نووسەر پەیوەستدەکەن و لەلایەکی تریشەوە نووسەر پەیوەست دەبێت پێیانەوە (ویلک، ١٩٩١، ٣١٣).

لەگەڵ هەموو ئەو پێناسانەی بۆ ژانرە ئەدەبییەکان کراوە، بەڵام زۆربەی پێناسەکان لەوەدا کۆدەبنەوە، ژانرە ئەدەبییەکان لە فۆرم و ناوەرۆکیاندا کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندی لە خۆدەگرن، بەجۆرێک هەریەکەیان جیادەکاتەوە لەویتر و قاڵبێکی هونەرییان پێدەبەخشێت، هەروەک (پرۆفیسۆر عوسمان دەشتی) لەو ڕوانگەیەوە دەڵێت: ((دەشێت ژانری

ئەدەبی وا پێناسەبکریت، کە بریتییە لە کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندی لە بنیات و شێواز و داهێناندا کەوا لەبەرهەمێکی ئەدەبیدا هەیە و لەوانی تری جیادەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، کە ژانرەکان لە هەندێ لایەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی و شێوازدا لێکچوون لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام لە رووی بنیاتەوە جیاوازی هەر دەمینێت و هەر ئەم جیاوازیەشە، کە سەربەخۆیی داهێنان و نوێگەری پێدەبەخشێت)) (دەشتی، ٢٠٢١، ٦٨). لێرەوە، دەتوانین بڵێین؛ ژانرە ئەدەبییەکان فۆڕمێکی ئەدەبیین، کە خەسڵەت و پێکهاتەی فۆڕمی و دیوی ناوەوەیان بڕیار لەسەر ژانری بوونیان دەدات و ژانرێک لە ژانرێکی تر جیادەکاتەوە.

**تیۆری ژانرەئەدەبییەکان:**

پرەنسیپی گشتی لە پەرەسەندنی ژانرەئەدەبییەکاندا لە ڕوانگەی پەیدابوون و گۆڕانی یان توانەوەی لە ژانرێکی تردا ئەوەیە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی پەرەسەندن و گەشەسەندنی کۆمەڵگا پەیوەندییەکی ئیستاتیکی لەگەڵ کۆمەڵگادا لە چەند ژانرێکی ئەدەبیدا بەرجەستە دەکات، بەو واتایەی کاتێک ئەدەب ڕەنگدەرەوەی کۆمەڵگا بێت، ئەوا لەهەر سەردەمێکدا کردە ئەدەبییەکانی ئەو قۆناغە خۆیان لەچەند ژانرێکی ئەدەبیدا دۆزیوەتەوە، هەروەک ئەو ژانرانەی لەسەردەمی یۆنانییەکاندا هەبوون، بە تێپەڕبوونی کات بەسەرچوون و ژانری جیاواز شوێنیان گرتوونەتەوە و باڵادەست بوون. بە واتایەکی تر لەهەر قۆناغیکدا ژانرێک باڵادەست بووە، لەگەڵ گەشەسەندن و گۆڕانی ژانرەکانیشدا تیۆری جیاواز و بۆچوونی جیاواز لەمەڕ ژانرەکان و مێژووی سەرهەڵدان و خاسیەت و تایبەتمەندییان پەیدابوون، لەناویشیاندا تیۆری ژانرەئەدەبییەکان وەک تیۆرێکی ئەدەبی کار لە سەر چییەتی و چۆنییەتی ژانرەکان دەکات و (هەوڵێکە بۆ پۆلێنبەندی ژانرە ئەدەبییەکان لەسەر ئەو بنەمایەی، کە هەریەک لە ژانرەکان کۆمەڵێک خەسڵەتی هونەری گشتین، کە هەریەکەیان خاوەن سیما و یاسای تایبەت بەخۆی هەیە، بەجۆرێک هەریەک لە شیعری داستانی، لیریکی، درامی یا

فێرکـردن پێکهاتـە و یاسـای تایبـەت بەخۆیـان هەیـە، کـە جیـاوازن لـەوی تر) (کدکنـی، ١٣٧٢، ٦). لێرەدا ئەرکی سـەرەکی تیـۆری ژانرەئەدەبییـەکان پۆلێنکـردن و جیاکردنـەوەی ژانرەکانـە لەسـەر بنەمـای جیاجیـا، کـە ئـەم بنەمایانـەش لـە سـەردەمێکەوە بـۆ سـەردەمێکی تـر گـۆڕاون و تێگەیشـتنی جیـاواز هاتوونەتەکایـەوە، لـەم بارەیـەوە «فرانسـیس کیرنـس» ئامـاژە بـۆ ئـەوەدەکات، ئەرکی ژانـرە ئەدەبییـەکان لـە کۆنـدا یارمەتیدانـی گوێگـران بـووە بـۆ دروسـتکردنی پەیوەنـدی و جیـاوازی لۆژیکـی لـە نێـوان ژانرەکانـدا بەتایبـەت لـە ئەدەبـی زارەکیـدا، لـە دوای ئـەوەی ئەدەبـی نووسـراو شـوێنی ئەدەبـی زارەکـی گرتـەوە پێوانـە و پێوەرەکانـی ژانـرە ئەدەبییەکانیـش گـۆڕان، نیشـانە و تایبەتمەندییەکانـی ژانـرەکان بوونـە بنەمـای سـەرەکی جیـاوازی لـە بەهایاندا (کوهیـن، ١٩٩٧، ٢٨).

کـردەی پۆلێنکـردن لـە کۆنـەوە هـزری مرۆڤایەتـی سـەرقاڵ کـردووە بەخۆیـەوە تـا ئێسـتاش بەردەوامـە وەک پرۆسـەیەکی بـە سیسـتماتیکردن و لـە بنەڕەتیشـدا ئامانجـی کۆکردنـەوەی خاڵـە هاوبەشـەکان و جیاکردنـەوەی جیاوازییەکانـە، ژانـرە ئەدەبییەکانیـش هـەر لەسـەر بنەمـای ئـەو پۆلێنبەندییانە دامـەزراوە. بەتێپەڕبوونـی کات و سـەرهەڵدانی دیـدی زانسـتی نـوێ لەبـارەی پۆلێنبەندیـی بەرهەمـە ئەدەبییـەکان و پەیدابوونـی ژانـری نـوێ وەک وتـار، ژیاننامـە، ڕۆمـان و کورتـە چیـرۆک و ژانـرە کۆنەکانی تر، بۆچوونی تـازە لـە بـارەی چۆنیەتـی پۆلێنکردنـی ژانـرەکان پەیدابـوون و توێژەرانـی بواری تیـۆری ئەدەبـی خۆیـان لەبـەردەم کۆمەڵێـک پـرس و بابەتگەلـی تـازەدا بینیوەتـەوە، وەک ئـەوەی پێـوەری دابەشـکردن یـا پۆلێنکردنـی بەرهەمـە ئەدەبییـەکان کامـە بێـت باشـە؟ئایا بنچینـەی پۆلێنکردنـی بەرهەمـە ئەدەبییـەکان لەسـەر بنەمـای خەسـڵەتە دەروونـی و ناوەرۆکییـەکان بێـت باشـە؟ یـا خەسـڵەتە دەرەکییەکان؟یـا هەردووکیان؟ئایـا ئـەو سـنورانەی بـۆ جیاکردنـەوەی ژانـرەکان دانـراون تـا چەنـد دروسـت و دڵنیـا بەخشـن؟ئایا ژانـرە ئەدەبییەکانیـش پەیـڕەوی یاسـاکانی ژیـان و مـردن دەکەن؟ئەگـەر وایـە دەشـێ تەمەنـی هـەر ژانرێـک

هەوار نامەی کتێب

چەند بێ؟ هەر ژانرێکی تازە چۆن پەیدا دەبێت؟ لەهەر سەردەمێکدا کام ژانر باڵادەست دەبێت؟یا کام ژانرە زووتر پەیدابووە و کام ژانر درەنگتر؟....توێژەرانی بواری تیۆری ژانرەئەدەبییەکان هەوڵدەدەن بەدوای وەڵامی ئەم پرسانەدا بگەڕێن و بۆ ئەم مەبەستەش تیۆری جیاجیان خسۆتە بەردەست (داد، ١٣٨٥، ٥٨-٥٩). وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێتە بنەمایەکی تیۆری لە ئەرکی تیۆری ژانرە ئەدەبییەکان، لە لایەکی تریشەوە دەرخستنی تایبەتمەندی و خەسڵەتە گشتییەکانی هەر ژانرێک و گەشە و گۆڕان و مردنی ژانرەکان و بەناویەکداچوونی ژانرەکانیش یەکێکە لەو ئەرکە سەرەکییانەی تیۆری ژانرەئەدەبییەکان و جیاشیدەکاتەوە لە ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی و تیۆرەکانی ئەدەب، چونکە تیۆری ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕووی بابەت و ئەو پرسانەی کە دەیەوێت وەڵامێکی زانستی و لۆژیکیان بداتەوە لە تیۆری ئەدەب جیادەکرێتەوە، بێگومان تیۆری ژانرە ئەدەبییەکان ڕۆڵ و پێگەیەکی گرنگیشی لە مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا هەیە، چونکە ژانری ئەدەبی واهەیە بەرەو نەمان چووە و ژانری واش هەیە لەدایکدەبێت، هەریەک لەم ژانرانەش دەکرێت لە ڕووی ڕەخنەیی، یان مێژووییەوە لێیان بکۆڵرێتەوە (ماضی، ١٩٩٣، ٩٦).

بەشێوەیەکی گشتی هزرڤانان و تیۆرسازان چەند بۆچوونێکی جیاوازیان لە مێژووی دەرکەوتن و گەشەسەندنی ژانرە ئەدەبییەکان خستووەتە ڕوو، دەشێت لەم چەند ڕوانگەیەدا کورتیان بکەینەوە:

١- لە **ڕوانگەی تیۆری لاساییکردنەوەوە:** یەکێکە لە تیۆرە گرنگەکانی تیۆری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، بەشێوەیەکی گشتیی پێیان وایە سەرچاوەی سەرەکی پەیدابوونی ئەدەب پەیوەستە بە لاسایکردنەوەوە، جا لاساییکردنەوەی سروشت بێت یان کەسەکان یان ڕێبازەکان. سەرەتای دەرکەوتنی ئەم چەمکەش بۆ بۆچوونە فەلسەفییەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەگەڕێتەوە، کە لە بارەی چییەتی شیعر و ئەرکی شیعر خستیانە ڕوو. «ئەفلاتوون» ژانرەئەدەبییەکان دابەش دەکات بۆ سێ جۆری

سەرەکی، ئەوانیش؛ شیعری لیریکی، شیعری داستانی، شیعری درامی (المناصرە،٢٠١٠، ٥). بەبێ ئەوەی جیاوازی نێوانیان دەستنیشان بکات و بنەڕەتی هەر سێ جۆرەکەش دەگەڕێنێتەوە بۆ لاساییکردنەوە. هەرچی «ئەرستۆ»یە لە کتێبی «هونەری شیعر» ژانرە سەرەکییەکانی شیعر دیاری دەکات و جیاوازیش لە نێوانیاندا دەکات، لە دواتردا بۆچوونەکانی وەک یاسا و دەستورێک بۆ شیعر و ژانرەکان تەماشادەکران. لەم ڕوانگەیەوە لە بۆچوونەکانیدا پشتی بە جیاکردنەوەی دوو بابەتی جەوهەری بەست؛ ئەوانیش بریتیبوون لەوەی سەرچاوەی بنەڕەتی هەموو ژانرەکان لاساییکردنەوەیە، هەروەها هەریەک لە ژانرەکانیشی لەسەر بنەمای شێوازەکانی لاساییکردنەوەوە جیاکردەوە (ستالونی،٢٠١٤، ٢٨). پێی وایە (ئامراز، بابەت، شێواز) سێ بنەمای گرنگن لە دیاریکردنی ژانرەکان و جیاکردنەوەیان لەیەکتر، ئەگەرچی پێی وایە هەموو هونەرەکان لاسایی دەکەنەوە بەڵام جیاوازی ئامرازی لاساییکردنەوە و بابەتی لاساییکردنەوە و ئەو شێوازەی بەکاریدەهێنن جۆری ژانرەکە دیاری دەکەن، هەروەک چۆن شیعر زمان بەکاردەهێنێت، بەهەمانشێوە وێنەکێش ڕەنگ و مۆسیقاژەن دەنگ.... لە ئامرازی لاساییکردنەوەیاندا بەکاردەهێنن، بابەت و شێوازی لاساییکردنەوەکەش ژانری شیعرەکە دیاری دەکات. هەڵبەت ئەو بنەمایانەی «ئەفلاتوون و ئەرستۆ» دایانمەزراند لە دواتریشدا «هۆراس» لەسەردەمی ڕۆمانییەکاندا لە کتێبی «هونەری شیعر»دا زیاتر پێداگری لێکرد و بەمەش ئەو بنەمایانە وەک یاسا و دەستورێکی شیعری کلاسیکی تا چەند سەدەیەکی دواتر درێژەی کێشا بەتایبەت تا سەدەی حەڤدە و هەژدە تایبەتمەندی و سنوربەندی ئەو ژانرانە لە لای نووسەران و شاعیران ڕۆشن بوون و پارێزگارییان لەو یاسا و دەستورانە دەکرد. بەم شێوەیە ئەو پۆلێنبەندییەی ئەفلاتوون و ئەرستۆ لە هەمبەر ژانرەکانی ئەدەب دایانڕشت بەپێی تیۆری لاساییکردنەوە بووە بناغە و سەرچاوەیەکی گرنگی شاعیران و نووسەران، لە سەدەکانی دواتریشدا هەر مشتومڕ و لێکۆڵینەوە

لەو ژانرانە بوو بە هۆی ئەوەی تیۆری ژانرە ئەدەبییەکان و بۆچوونی تازە بێنە ئاراوە.

**٢- لەڕوانگەی گەشە و گۆڕانی ژانرە ئەدەبییەکان:**

تیۆری گەشە و گۆڕان بەشێوەیەکی مێژوویی کار لەسەر ئەو گۆڕانکارییانە دەکات کە بەسەر ژانرەکاندا دێن. سەرەتا لە بابەتە سروشتی و مرۆییەکانەوە دەستی پێکرد کە پەیوەست بوون بەو گۆڕانکارییانەی بەسەر مێژووی مرۆڤایەتیدا هاتوون، هەروەها هەوڵدەدات پەیوەندییەک لە نێوان ئەو فۆڕمانەدا بدۆزێتەوە، کە شێوەی تر وەردەگرن، ئەوەش ڕوونبکاتەوە، چۆن ژانرێک لە ژانرێکی تر پەیدادەبێت، هەروەها دۆزینەوەی ئەو ڕەگەزەی بەردەوامی بەو لێکهەڵوەشاندنەوەیە دەدات و ئەو ڕەگەزەشی کە دەمێنێتەوە. (فنسنت، ١٩٧٨، ٢٧).

لەسەدەی نۆزدەمدا لە دوای سەرهەڵدانی تیۆری داروینیزم ڕوانگەیەکی نوێ بۆ مەسەلەی ژانرەکان هاتە ئاراوە. داروین لە ساڵی ١٨٥٩ کتێبێکی بەناوی (اصل الانواع) (بنەڕەتی جۆرەکان) نووسی، کە تێیدا بنەڕەت و ڕەچەڵەکی گیانەوەرانی شیکردەوە، هەروەها یەکەم کەس بوو، گیانەوەرانی بە شێوەیەکی زانستی پۆلێنکرد بەسەر گروپ و جۆری جیاجیادا، پێیوابوو، زیندەوەران هەریەکەیان لە چەند گروپ و دەستەیەک پێکدێن، کە هاوبەشن لەهەندێ خەسڵەت و تایبەتمەندی و لایەنی جیاوازیشیان هەیە، ئەم بۆچوونانە لە دواتردا گوازرانەوە بۆ ناو ئەدەبیات، چونکە ئەدەبیاتیش هاوشێوەی زیندەوەرانن و پەیڕەوی لە یاسا سروشتییەکان دەکەن (شمیسا، ١٣٨٧، ١٨). بەجۆرێک ئەدەبیات ڕەنگدەرەوەی بارودۆخە سروشتی و مرۆڤایەتییەکانی کۆمەڵە، بۆیە بەهەمان شێوە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی گۆڕانکارییە سروشتییەکان، لەم بارەیەشەوە فردیناند برونتیر ڕەخنەگری فەڕەنسی لە ژێر کاریگەری کتێبەکەی داروین کتێبێکی بەناوی (گۆڕانی ژانرەکان) لە ساڵی ١٨٩٠ نووسی، تێیدا بیروڕا ڕەخنەییەکانی خۆی لەمەڕ گەشە و گۆڕانی ژانرەکان خستە ڕوو، «برۆنتێر» سودی لە

بۆچوونەکانی »داروین« وەرگرت و یاساکانی گەشە و گۆڕانی گواستەوە بۆ بواری ئەدەبیات، بەتایبەتیش بواری ژانرەئەدەبییەکان.»برۆنتێر« پێی وابوو ئەدەب هاوشێوەی جۆرە بایەلۆجییەکانە، لەدایکدەبێت و گەشە دەکات و دەمرێت، بەڵام بەتەواوی لەناو ناچێت، بەڵکو ڕەگەزەکانی لەگەڵ ژانری تر دا یەکدەگرن و لە ژانرێکی نوێدا دەردەکەون (رشام، ٢٠١٧، ٤٨). بەم شێوەیە ژانرە ئەدەبییەکان لای برۆنتێر زیندوون و هاوشێوەی ڕووەک و گیانەوەران دەکەونە ژێر ڕکێفی یاساکانی گەشە و گۆڕانەوە، بەم جۆرەش ژانرەکان نامرن بەڵکو بەردەوام لە پرۆسەی لەدایکبوون و نوێبوونەوەدان.

**٣-لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە:**

یەکێکی تر لەو ڕوانگانەی پۆلێنبەندی ژانرەکانی پێ ئەنجامدەدرێت لەسەر بنەمای پەیوەندی تاک بە خۆی و بە دەوروبەرییەوەیە، بە واتایەکی تر لە ڕوانگەی دەروونیی نووسەرەوە پۆلێنبەندیی ژانرەکان دەکات. لەم بارەیەوە بۆچوونە ڕەخنەیی و دەروونییەکانی «هدسۆن» دەبنە بنەمای ئەم ڕوانگەیە و پێی وایە ژانرە ئەدەبییەکان وەڵامدەرەوەی پێداویستییە دەروونییەکانی مرۆڤن و گوزاشتکردن لە لایەنی دەروونی پەیوەستە بە چەند مەبەستێکی سەرەکییەوە، هەروەک پێیوایە، کاتێک خواستمان لە گوزارشتکردن بێت لە خۆمان ئەوا شیعر دەدۆزینەوە، بەڵام کاتێک بایەخ بە خەڵک و بەرهەمەکانیان بدەین ئەوا شانۆ دەدۆزینەوە و کاتێکیش بایەخ بەو دەوروبەرە بدەین کە تێیدا دەژین، یان ئەو جیهانە خەیاڵییەی تێیدا دەژین و بمانەوێت بیگوازینەوە بۆ واقیع ئەوا چیرۆک دەدۆزینەوە. هەریەک لەم مەبەستانە خۆی لە خۆیدا ژانرێک بەرجەستە دەکەن و لێرەدا چەند ژانرێکی ئەدەبی دەست نیشان دەکات؛ ئەوانیش:شیعر، شانۆ، چیرۆکن کە پەیدابوونی هەریەکەیان بەندە بە نووسەر و ئەو مەبەستەی دەیەوێت گوزارشتی لێبکات، چونکە مرۆڤ بونەوەرێکە ناتوانێت خۆی لە هەستەکانی بە دوور بگرێت، هەروەک «عزالدین اسماعیل» پێی وایە (لەبەر ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی

کۆمەڵایەتییە، بۆیە بە سروشتی خۆی ناتوانێت خۆی داببڕێت لە کۆمەڵگاکەی و ئەزموون و بیر و هەستەکانی خۆی تەنها بۆ خۆی بێت و لە چوارچێوەی خۆیدا بسوڕێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ژێر کاریگەرییەکانی خۆی و دەوروبەریدا دەبێت و بەمەش لە ڕوانگەی گوزارشتکردن لە خۆی و دەوروبەری ژانری جیاجیا دەهێنێتەبەرهەم) (اسماعیل، ٢٠١٣، ٧٠). کەواتە مرۆڤ لە ڕوانگەی هەست و دۆخە دەروونییەکانییەوە ژانری تازە و جیاجیا دەهێنێتە بەرهەم و هەر یەکەشیان ڕەنگدەرەوەی دەروونی خاوەنەکەی دەبێت .

**ئاوێتەبوونی ژانرەئەدەبییەکان:**

ئاوێتەبوونی ژانرەکان یەکێکە لەو چەمکانەی لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ژانرەئەدەبییەکان و شێوازناسییەوە خوێندنەوەی جیاواز لە خۆدەگرێت. یەکێکە لەو چەمکانەی لە ڕێگەی ئاوێتە بوونی ڕەگەزە سەرەکییەکانی نێوان ژانرە ئەدەبییەکان یا ئاوێتەبوون و تێکچڕژانی خودی ژانرەکان لەناو یەکتردا بەرهەمدێت ((لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە کردەی ئاوێتەبوونی ژانرەکان شکاندنی سنوورەکانی داهێنانە لە تایبەتمەندی ژانری سەرەکی و وەرگرتنی ڕەگەزەکانی ژانرێکی تر و ئاوێتەکردنیان بە مەبەستی بەرهەمهێنانی حاڵەتێک یا جۆرێک لە داهێنان و ئیستاتیکا)) (الاسدی، ٢٠٢٠، ٨٢). هەروەک نووسەری داهێنەر هەوڵدەدات تایبەتمەندییەکانی ژانرێک بگوازێتەوە بۆ ژانرێکی تر و دەقێکی نوێ یان ژانرێکی نوێ دابهێنێت، بۆنموونە ڕۆمانەشیعر لە ئەنجامی ئاوێتەبوون و تێکچڕژانی هەریەک لە ژانری شیعر و ڕۆمانەوە بەرجەستەبووە. لەم بارەیەوە «احمد ابو مصطفی» لە پێناسەی ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکاندا دەڵێت: (( ئاوێتەبوونی ژانرەکان بریتییە لە ئامادەبوونی تەکنیک و ڕەگەزەکانی ژانرێکی ئەدەبی لەناو دەقێک کەوا خۆی سەر بەژانرێکی ئەدەبی تایبەت بێت و کاریگەری ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆشی لەسەر ژانرە بنەڕەتییەکە هەیە)) (ابو مصطفی، ٢٠١٥، ٤٤). لێرەدا کردەی ئاوێتەبوون لە ئەنجامی گواستنەوەی ڕەگەز یا

تەکنیکەکانی ژانرێکەوە بۆ ژانرێکی تر بەرهەم دێت، بەو واتایەی کاتێک نووسەرێک دەقێکی نوێ دەنووسێت لە ژێر کاریگەری دەقەکانی تر و ئەندێشەی داهێنەرانەی خۆی ڕەگەزە بنچینەییەکانی ژانرێک دەگوازێتەوە بۆ ناو ئەو دەقە، بەمەش ژانرێکی تری نوێ دادەهێنێت کەوا بریتی دەبێت لە هاوبەشی پێکردنی هەردوو ژانرەکە و تایبەتمەندییەکانیشیان دەبێتە خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوانیان (( هەر دەقێک کاری پەیوەندی کردنە، هەموو دەقێکیش لە چوارچێوەی پەیوەندی لەگەڵ دەقەکانی تردا بوونی هەیە)) (الاسدی، ٢٠٢٠، ٨١). بەم پێیە ژانرەکان لە چوارچێوەی دەقبوونیاندا بەردەوام لەگەڵ یەکتر لە پرۆسەی پەیوەندیدان، بەمەش پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی بەردەوامدەبێت. لە لایەکی تر «د.عبدالرحیم الکردی» دیاریدەی ئاوێتەبوونی ژانرەکان وەکو تەکنیکێک دەبینێ کەوا بە پێی تیۆری هەڵوەشاندنەوەگەرایی جۆرێک لە ئیستاتیکای ئەدەبی بەرجەستە دەکات، پێی وایە ((ئاوێتەبوونی ژانرەکان تەکنیکێکی ئیستاتیکییە، پشت بە تێکشکانی بنەماکانی گێڕانەوە و ئاوێتەکردنی شێوازە جیاجیاکان دەبەستێت یاخود دوورکەوتنەوەیە لە چەقبەستوویی گێڕانەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی جیاجیا لە فۆرمی جۆراوجۆردا)) (الکردی، ٢٠١٣، ٢١٥). لێرەدا جگە لە داهێنانی ئەدەبی مەسەلەی ئیستاتیکای ئەدەبیش دێتە ئاراوە، بەو واتایەی کردەی ئاوێتەبوونی ژانرەکان و شکاندنی سنووری نێوان ژانرەکان جۆرێک لە ئیستاتیکا و چێژی ئەدەبی بە خوێنەر دەبەخشێت، ئەمەش لە پاڵ داهێنانی ئەدەبیدا بەیەکەوە پرۆسەی بەردەوامبوونی ئەدەب و ململانێی ئەدەب لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکان فەراهەمدەکەن .

شکاندنی سنووری نێوان ژانرەکان و گەشەکردنی تیۆری ژانرەکان پەیوەستە بە کاردانەوەی ڕۆمانسیزمەکان لە بەرامبەر بۆچوونی کلاسیزمەکان و دیاریدەی پاکی ژانرەکان (نقاء الاجناس) لەسەردەمی یۆنانییەکان و قۆناغی کلاسیزم کە تێیدا سنووری نێوان ژانرەکانیان دیاریکرد و پێیان وابوو ژانرەکان

بەتـەواوی لەیەکتـر جیـاوازن و بە نەمری دەمێننــەوە. ئامانجـی ڕۆمانسـیزمەکان لــە ڕێــی دیاریکردنــی چێــژی ئەدەبــی و ئیســتاتیکای ئەدەبییــەوە بــەرەو ئاسـۆیەکی نوێـی داهێنانـی ئەدەبـی هەنـگاوی نـا، تـا لـە سـەدەی بیستەمدا ئاوێتەبوونـی ژانـرە ئەدەبییـەکان یەکێک بـوو لـە بابەتـە ڕەخنەیی و تیۆرییەکانی سـەردەم ((باسـکردنی ئاوێتەبوونـی ژانـرەکان بەپێـی زاراوە باوەکـەی لـە ئەدەبـدا بۆسـەرەتای شەسـتەکانی سـەدەی بیسـتەم دەگەڕێتـەوە، چونکـە لــەو ماوەیــەدا تیــۆری ژانــرەکان گۆڕانکارییەکـی بنچینەیـی بەسـەردا هــات، ئەویــش بەهــۆی دەرکەوتنــی شـەپۆلە ڕەخنەییەکانـی هەڵوێسـتی خوێنــەر و هەڵوەشــاندنەوەگەرایی و دەقئاوێـزان، گۆڕانەکـەش لـە بنەڕەتـدا وابەسـتە بـوو بـە چەمکـی پیـرۆزی و پاکـژی دەق، تیۆریسـتەکانی ئـەو ڕێبــازە ڕەخنەییانــە چیتــر دەقیــان وەکـو یەکەیەکـی سـەربەخۆ و دوور لـە کاریگەریـی و کارتێکـردن سـەیرنەدەکرد و پاکـی دەقیـان بـە گشـت شـێوەیەک ڕەتدەکردەوە)) (مەولـود، ٢٠١٨، ١٠١). هەرچـی فۆرمالیسـتە ڕووسـەکانن لـە ڕوانگـەی «فـۆڕم و ئـەرک و گەشـەی ئەدەبیـی»ەوە بـۆ پرسـی ژانـر و ئاوێتەبوونـی ژانرەکانیـان دەڕوانـی، بـە جۆرێـک پێیـان وابوو هـەر ژانرێک بەپێی سـەردەم فۆرمـی خـۆی وەردەگرێـت و ئـەو فۆرمـەش یەکەیەکـی زینـدووە و لـە ژێـر کاریگـەری کارتێکـردن و هەڵمژینـی ڕەگـەزی ژانرەکانـی تـردا دەبێـت، لـە لایەکـی تـر لەبـارەی ئەرکی ژانرەکانەوە پێیانوایــە ئەرکــی ئەدەبییــە، کــە ناسـنامەی ژانـرەکان دیـاری بـکات و هۆکارێکـە بـۆ دەرخسـتنی شـوناس و بوونیەتـی ژانـرەکان، هەروەهـا گەوهەری گەشــەی ئەدەبــی پەیوەســتە بــە ئاوێتەبـوون و کارلێکـی نێـوان بەرهەمـە ئەدەبییـەکان و یەکیەتـی تانوپـۆی ژانـر و چەشــنە جۆراوجۆرەکانــی ئــەدەب لەنـاو یەکتریدا (عـروس، ٢٠١٠، ٣٧-٤٥). کەواتــە دەق وەک یەکەیەکــی زینـدوو مامەڵـە لەگـەڵ دەقەکانـی تـری دەوروبـەری دەکات و بەمـەش کارلێکـی نێــوان دەقــەکان لــە چوارچێــوەی ژانرەکانــدا دەبێــت، (دەقــی بــاڵا و پەسـەندیش ئـەو دەقەیـە، کـە لـە کارلێکـی نێـوان دەقەکانـی تـرەوە سـەرچاوە دەگرێـت یـا تێکەڵەیەکـە لـە

هەردوو هونەری شیعر و پەخشان) (عروس، ٢٠١٠، ١٤١). مەرجیش نییە ئەو ئاوێتەبوونە تەنها لە نێوان ئەو دوو هونەرەدا بێت بەڵکو دەشێت لە نێوان جۆرە جیاوازەکانی هەریەک لەو هونەرانەشدا ڕووبدات هەروەها پرۆسەی ئاوێتەبوونی ژانرەکان پرۆسەیەکە نووسەر بەئاگایی یا بێئاگاییەوە سود لەبەرهەمە مەعریفی و ئەدەبییەکانی پێش خۆی یان سەردەمی خۆی وەردەگرێت و لە چوارچێوەی بەرهەمێکی ئەدەبی نوێدا دایدەڕێژێتەوە، لە لایەکی ترەوە مەرج نییە بەرهەمێکی ئەدەبی لە چوارچێوەی ژانرێکدا سنوردار بکرێت. بەڵکو نووسەر بەپێی خواست و پێویستی بەرهەمەکەی سود لە ژانرەکان وەردەگرێت، بەمەش پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی بەردەوام دەبێت .

**بۆچوونە جیاوازەکان لەهەمبەر پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی ئاوێتەبوونی ژانرەکان:**

بەشێوەیەکی گشتیی بۆچوونەکان لەمەڕ پەسەندکردن یا ڕەتکردنەوەی ئاوێتەبوونی ژانرەکان جیاوازن؛ بەشێک لە ڕەخنەگران جەخت لەسەر گرنگی و بایەخی ئاوێتەبوونی ژانرەکان و کۆتاییهاتنی سنوربەندی نێوان ژانرەکان دەکەنەوە، بەتایبەت ڕۆمانسیزمەکان، کە پێیانوابوو هەر دەقێک لە چوارچێوەی ژانرییدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و دەشێت ڕەگەزەکانیان ئاوێزانی یەکترببن، یان ئامادەبوونی ژانرێکە لەناو ژانرێکی تردا (ابو مصطفی، ٢٠١٥، ٤٤). فۆرمالیستە ڕووسەکانیش پێداگری لەسەر هەمان بۆچوون دەکەن، لەم ڕوانگەیەشەوە چەند چەمکێکی نوێیان داهێنا، هەروەک (بەشێک لە ڕەخنەگران پرۆسەی ئاوێتەبوونی ژانرەکانیان بە کەرنەڤاڵی ژانرەکان ناونا) (الاسدی، ٢٠٢٠، ٨٩). لەم ڕووەوە تێکەڵکردن و ئاوێتەبوونی ژانرەکان دەبێتە بنەمایەک بۆ هاتنە دی دەقی نوێ و لەبەرامبەریشدا ژانری نوێ لەدایکدەبێت بە جۆرێک جیاوازتر دەبێت لەوەی پێشوو، هەروەک « هێمن عومەر خۆشناو» لەم بارەیەوە دەڵێت: ((تێکەڵکردنی ژانرەئەدەبییەکان یا کاریگەری ژانرێک بەسەر ژانرێکی دیکەوە شێوەیەکی

هەڵتەقاندنی دەقە، کە بونیادی ئاسایی دەق تێکدەشکێنێ و زمانێک دادەهێنێ، کە لە هەموو لایەکەوە بتەقێتەوە) (خۆشناو، ٢٠١٠، ٥٢). لێرەدا هەر ژانرێک بونیادی خۆی و زمانی تایبەت بەخۆی هەیە و بە تێکەڵبوونی لەگەڵ ژانرێکی تریشدا ئەو بونیادە ئاساییە تێکدەشکێنێت و بونیادێکی تر بەرجەستەکات کە لە پێشوتری جیاوازە و زمانێکی جیاوازی پێدەبەخشێت بە جۆرێک ببێتە سەرچاوەی داهێنانێکی نوێ و ژانرێکی تازە.

لەبەرامبەر ئەم بۆچوونەدا بەشێکی تر لە ڕەخنەگران دیدێکی نێگەتیڤیان لە هەمبەر ئاوێتەبوونی ژانرەکان هەیە و پێیانوایە ئاوێتەبوونی ژانرەکان شوناسی دەق وندەکات و دەبێتە هۆی شێواندنی سنوری نێوان ژانرەکان، لەبەرئەوە وا پێویست دەکات ژانرەکان بگەڕێنەوە بۆ بنچینە بنەڕەتییەکانی خۆیان و ناشێ تایبەتمەندی و ڕەگەزەکانیان لەیەکتر وەربگرن، یاخود تایبەتمەندییەکانیان بڕژێنە ناو یەکترییەوە، هەر بۆیە پێویستە هەریەکەیان پارێزگاری لە بنەماکانی خۆیان بکەن، لە پێناو ئەوەی ئاڵۆزی و ناڕوونیی لە نێوان ژانرەکان خۆیان و سنووری نێوانیان ڕوونەدات. (قدید، ٢٠٠٩، ٣٨٩). بەتایبەت لەسەردەمی ئەدەبی و هاوچەرخ و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر چەمکی ژانرەکان و ئاوێتەبوونیاندا هات، بە جۆرێک بۆچوونەکان نەک هەر دژی ئاوێتەبوون بوون بەڵکو بەشێک لە تیۆرسازان و ڕەخنەگران دژی ژانر و پۆلێنبەندیی نێوان ژانرەکانیش بوونەوە، هەروەک بەشێکیان ئەو سەردەمە بە سەردەمی تاقیکردنەوەی داهێنەرانە و گەڕان بە دوای جۆرە دەقێک کە فۆرمێکی دیاریکراو و بەرجەستەی نەبێت، ناودەبەن کەوا خۆی لە گوتارەکانی دەقدا دەبینێتەوە.

ئەگەرچی بۆچوونەکان جیاوازن لە بارەی ئاوێتەبوونی ژانرەکان بەڵام لە هەمان کاتدا تیۆری ژانرەکان ئەمانەی تێپەڕاندووە و ژانرەکان لە پرۆسەیەکی بەردەوامدان و ئەمەش شتێکی حەتمییە وەک پێویستییەک لە تیۆری گەشە و گۆڕانی ژانرەکان، بەتایبەت لە سەردەمی ئێستادا کە

تـەواوی کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لە پرۆسەیەکی بەردەوامی گۆڕانکاریدان و چیتر باوەڕی بە چەقبەستوویی زیندەگی نەماوە، سەرەڕای ئەمانەش ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان سەرچاوەی داهێنانی ئەدەبی و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەقی ئەدەبین.

**شێوازەکانی ئاوێتەبوونی ژانرەکان لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا :**

لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، شێرکۆ بێکەس؛ یەکێکە لەو شاعیرانەی بەشدارییەکی کارا و کاریگەری هەبوو، لە پرۆسەی نوێکردنەوە و زیندووکردنەوەی ئەدەبی کوردی، بە جۆرێک بەرهەم و داهێنانە ئەدەبییەکانی وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی سەردەم بوون. شێرکۆ تەنها کاری لەسەر فۆرمی شیعری نەکردووە، بەڵکو لە ڕێی داهێنانی فۆرمی نوێ و ژانری نوێوە کاری لەسەر هزر و هۆشیاری کۆمەڵانی خەڵک کردووە، بەمەش شێرکۆ ((سەرلەنوێ بنیادی هۆشیاری خەڵکی، بە فۆرم و پایەیەکی نوێوە دروستدەکاتەوە)) (ڕەئوف، ٢٠١١، ٣٣)). لەبەرئەوە شێرکۆ بێکەس بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی فۆڕم و ژانرێکی نوێدا بووە، بەمەبەستی گەیاندنی هزر و پەیامەکانی، لەم پێناوەشدا شاعیر بەشێوەیەکی ئاگاییانە بێت یاخود بێ ئاگایی پەنای بۆ شێوازەکانی ئاوێتەکردنی ژانرەکان بردووە، بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانین شێواز و جۆرەکانی ئاوێتەکردن لای شاعیر بەم شێوەیە دەستنیشان بکەین:

**١- ئاوێتەبوونی ژانرێک لەگەل ڕەگەز و توخمەکانی ژانرێکی دیکە بەبێ ئەوەی ناسنامەی ژانرەکە بگۆڕێت:** لە ئەدەبی کوردیدا، زۆرجار ژانرەکان، لەپێناو دەوڵەمەندکردن و بەرزکردنەوەی شیعرییەتی دەقدا، سوود لەیەکتری وەردەگرن، بەمەش پرۆسەی ئاوێتەبوون ڕوودەدات ((هەموو ژانرەکان بە بێ جیاوازی سوود لەیەکتر وەردەگرن و لە ئاو و هەوای یەکدی هەڵدەمژن)) (ڕەحمان، ٢٠١٢، ٢٩). لەم ڕوانگەیەوە؛ بەکارهێنانی هونەری گێڕانەوە و ڕەگەزەکانی گێڕانەوە لەنێو شیعردا پرۆسەی ئاوێتەبوون دەسازێنێت ((گێڕانەوە وەک ڕەگ و ڕیشەیەکی هونەرەکانی ئەدەب، لەناو ژانرە

ئەدەبییەکان بەپێی سەردەم هەستی پێدەکرێ و خاسییەتێکی تایبەتی هەیە: لەناو ئەدەبیاتی کوردیی کۆن، لەشیعرە ئیپێکییەکان بەگشتی هەیە. ئیمڕۆش: لە چیرۆک و ڕۆمان و هەقایەت و چیرۆکی ئەفسانەیی دەدۆزرێتەوە)) (عومەر، ٢٠١٢، ٢٤٤). ئەگەرچی لە ئەدەبی نوێدا گێڕانەوە خەسڵەت و بنەمایەکی سەرەکی هونەرەکانی پەخشانە، لەوانەش چیرۆک و ڕۆمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە دارشتنی شیعردا سوودی لێوەرگیراوە. لە فەرهەنگی ئەدەبیشدا بەو شێوەیە پێناسەی گێڕانەوە هاتووە ((گێڕانەوە لە تێکستی ئەدەبیدا (شیعر یان پەخشان) بەرهەمی دوو شت یا دوو توخمە؛ ١) ڕووداو یان مێژوو، واتا ئەو بابەتەی کەرەسەی گێڕانەوەکەیە. ٢) گێڕانەوە خۆی، لێرەش بەپلەی یەکەم مەبەست لە چۆنییەتی گێڕانەوەیە، هەر بابەتێک یان ناوەرۆکێک دەشێ بەزۆر شێواز بگێڕدرێتەوە ... کە پێیدەوترێت شێواز یان هونەری گێڕانەوە)) (عومەر، ٢٠١٢، ٢٤٢). کەواتە شێوازی گێڕانەوە لەنێو دەقی شیعریدا بایەخی هونەری تەکنیکی گێڕانەوەکە دەردەخات. شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیرانەی بەشێوەیەکی بەرچاو هەر لە سەرەتای ئەزموونی ئەدەبییەوە، پەنای بۆ هونەرەکانی گێڕانەوە بردووە، بەمەبەستی گەیاندنی پەیام و مەبەستەکانی خۆی. شاعیر لە دەقی (گۆرانییەکی ڕەنگاو ڕەنگ)، دیالۆگ وەک ئامرازێک بەکاردەهێنێ لە پرۆسەی گێڕانەوەدا و دەڵێت :

**مناڵینە!**
**شەوێک گوێم لێبوو بەچرپە**
**بەفر**
**بە تریفەی ئەوت:**
**گیانە چرای**
**چاوەکانت**
**زیاتر هەڵکە!**
**گەر تۆ نەبی**
**هەور ئەمهێنێتە گریان**
**هەور دەرکە** (بێکەس، ب٢، ١٣٩٩، ٢٣)

لێرەدا شاعیر ڕووی قسەکردنی لە منداڵەکانە و دیالۆگ و گفتوگۆی نێوان (بەفر و تریفەی ئاسمان)یان بۆ باسدەکات. لەم دەقەدا شاعیر سوودی لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە وەرگرتووە، بەجۆرێک دیالۆگ شێوازی

هەواڵگەیاندن و ڕاگەیاندنی وەرگرتووە و لە خزمەت شیعردا بەکاریهێناون.

**٢- ئاوێتەبوونی دوو ژانری ئەدەبی:**

ئەمەش لە ڕێگای ئاوێتەبوونی ڕەگەز و خەسڵەتەکانی دوو ژانر بەدیدێت. لەم شێوازی ئاوێتەکردنەدا ((ژانرەکان لەڕێگای تێکهەڵکێش و چوونە پاڵ یەکدییەوە، ژانری نوێتر دروستدەکەن، کە هەڵگری یاسا و ڕێسای تایبەتی خۆی دەبێت، لێرەشدا ژانرەکان بەشێک لە خەسڵەت و سیفاتەکانیان واز لێدەهێنن و هەروەها بەشێکیش لەو خەسڵەت و سیفاتانەیان بۆ ژانرە نوێیەکە دەگوازنەوە، بەو واتایەی ژانرە نوێیەکە بەشێوەیەکی یەکسان هەڵگری خەسڵەت و سیماکانی ئەو ژانرانە دەبێت، کە دەبنە بنچینەی پێکهێنانی)) (ڕەحمان، ٢٠١٢، ٣٠).

شێرکۆ بێکەس لە ئەزموونی ئەدەبیدا، کاری لەسەر ئەم شێوازی ئاوێتەکردنە کردووە، بۆ ئەمەش زۆرجار بە ترۆپک و داهێنەر دادەنرێت. وەک لەبەرهەمەکانیدا دەبینین، چیرۆکەشیعر، پەخشانەشیعر، ڕۆمانەشیعر، شیعری درامی... ئەو ژانرە ئاوێتانەن کەوا لەڕێگای ئاوێتەکردنی هەریەک لە (چیرۆک و شیعر یان پەخشان و شیعر یان ڕۆمان و شیعر یانیش دراما و شیعر) بەرجەستەبوون. شێرکۆ لە دەقی (چیرۆکی خۆشەویستییەک)دا، چیرۆکی دوو دڵدار بەشێوەی شیعر دەگێڕێتەوە، لە دەستپێکدا دەڵێت:

**دوو دڵدار و**
**دوو باڵۆنی بەرامبەر یەک**
**هەموو شەوێ شیعر و شەپۆل**
**گوڵ و ماچ ئەگرنە یەکتر**
**هەموو شەوێ**
**«با»ی نێوان ڕەنگ و ڕەنگ ئەکەن**

(بێکەس، ب٤، ١٣٩٩، ١٥٤)

لێرەدا شاعیر بە زمانێکی شیعری چیرۆکی ئەو دوو دڵدارە دەگێڕێتەوە، زنجیرەی ڕووداوەکانیش بەدوای یەکدا دێن، وەکو چیرۆکێک (سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی) هەیە، لەم دەقەدا سەرەتای ڕووداوەکان بە دەربڕینی خۆشەویستی و ڕاز و نیازی عاشقانەی نێوان دوو دڵدارەکە دەستپێدەکات و بەم شێوەیەش ڕووداوەکان دەچنە پێش، تا لە کۆتاییدا کچەی دڵدار لە باڵۆنەوە دەکەوێتە خوارەوە و کوڕەش لە

هەولێر نامەی کتێب

حەسـرەتی خۆشەویسـتەکەی کۆتایـی بەژیانـی خـۆی دەهێنێـت، هـەروەک شـاعیر لـە کۆتایـی چیرۆکەکـەدا دەڵێت:

**لە پرێکدا شەو شڵەقا و**

**گوڵە مێخەک کەوتە خوارێ و**

**لە باڵقۆندا کچ ئاوا بوو**

**کوڕ هاتەوە**

**بە ڕاکشاوی هاتەوە و**

**ئەمجارەیان لەسەر سنگی**

**خەنجەرێکـی سـوور ڕوابـوو!.**

(بێکـەس، ب٤، ١٣٩٩، ١٥٤ – ١٥٥)

لـەم دەقـەدا ڕەگەزەکانـی چیـرۆک بریتیـن لـە (ڕووداو، کەس، کات شوێن) و هەریەکەیـان ڕۆڵـی خۆیان دەبینین لە ڕەوتـی گێڕانـەوەی ڕووداوەکاندا. لێرەدا شـاعیر زمانێکی شیعری بەکارهێناوە لە گێڕانـەوەی ڕووداوەکانـدا، بـەو واتایـەی فۆڕمێکـی شـیعری باڵادەسـتە بەسـەر گێڕانەوەکـەدا، ئـەوەی لـە دەقی چیرۆکە شیعریشـدا گرنگـە تەنهـا گێڕانـەوەی ڕووداوەکان نییـە بـە زمانێکـی سـادەی پەخشـانی، بەڵکـو بوونـی ئـەو هەسـت و سـۆزەیە کـەوا لـە ڕێـگای زمانـی شـیعرییەوە دەگاتـە خوێنـەر، بە وتـەی (ڤ. گ. بلینسـکی) ((لـە بـاڵادا گرنـگ ڕووداوەکـە نییـە، بەڵکـو ئـەو هەسـتەیە کـە دەیبزوێنـێ، ئـەو بیرەیـە کـە دەیخاتـە زەینـی خوێنـەرەوە)) (پیتـەر هالبێرگ و دانەرانـی تـر، ٢٠١٠، ٦١).

**٣- ئاوێتەبوونـی شـیعر لەگـەڵ هونەرەکانـی دیکـە:** شـیعر یەکێکـە لـەو ژانرانـەی توانـای هەڵمژینـی هونـەر و ژانرەکانـی تـر هەیـە، تەنانـەت زۆرجـار لـە زانسـتە بیرکارییـەکان و هەندەسـییەکان سـوود وەردەگرێـت و فۆڕمێکـی نـوێ یـان ژانرێکـی نـوێ بەرجەستە دەکات ((هونـەرە جوانەکان هەر لەسـەرەتاوە لەسـەردەمی (گریک)دا لـە پێنـج بەشـدا پۆلێنکراون (ئـەدەب، نیگارکێشـان، پەیکەرتاشـی، سـەما و مۆسـیقا). لـەو نـاوەدا هونـەری ئەدەب و بەتایبەتیش ژانری شیعر وەک بەشێک لـە هونـەرە جوانـەکان، توانیویەتـی سـوود لـە هەمـوو هونەرەکانـی دیکـە وەربگرێـت و هەریەکـە و بـە جۆرێـک ئاوێتـە و ئاوێزانیـان ببێت)) (دەشـتی، ٢٠٢١، ٨٢). لـەم ڕوانگەیـەوە یەکێک لە سـیماکانی ئـەو ئاوێتەبوونـە داهێنانـی (پۆسـتەرە شیعر)ـە کـەوا لـە ڕێـگای ئاوێتەبوونـی شـیعر لەگـەڵ هونـەری شـێوەکاری بەرهەمدێـت و فۆڕمێکـی

نـویێ پەیدادەبێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش شـێرکۆ بێکـەس بـە داهێنـەر دادەنرێـت و یەکـەم شـاعیرە کـەوا ئـەم ئەزموونـە نوێیـەی لـە ناوەڕاسـتی سـاڵانی حەفتـاکان تاقیکردووەتـەوە ((بـۆ یەکەمجـار شـێرکۆ بێکـەس تێکسـتێکی لـەم جـۆرەی بەناونیشـانی (١٠ پۆسـتەر لـە پێشـەنگای شـیعرێکی کۆچـەردا) لـە ڕۆژنامـەی (هـاوکاری)دا لـە هاوینـی (١٩٧٥)دا بڵاوکردۆتەوە)) (دەشـتی، ٢٠٢١، ٨٥). لـە دوای ئـەوەش دیوانـی (کازیـوە)ی لـە سـاڵی ١٩٧٨ بڵاوکردووتـەوە. لـە پۆسـتەرە شـیعردا وێنـە و هـۆش ئاوێزانـی یەکتـر دەبـن، بـە جۆرێـک کاتێـک خوێنـەر پۆسـتەرە شـیعرێک دەخوێنێتـەوە وەک ئـەوە وایـە لەبـەردەم وێنەیـەک وەسـتابێت.

بـۆ نموونـە لـە شـیعری (کەمانچـە)دا دەڵێـت:

**مەدالییای کەمانێکی بچکۆلانەت**
**دابوو لەسەر سنگ**
**کە هاتو چۆت**
**بە بەردەمی مندا ئەکرد**
**گوێم لێئەبوو:**
**کەمان ئەکەوتە لێدان و**
**ئەشمبینی.. مەمکەکانت**
**ورد**
**ورد**
**سـەمایان بـۆ ئەکرد** (بێکـەس، ب١، ١٣٩٩، ٥٥٣)

لێـرەدا شـاعیر لـە ڕێـگای وشـەوە وێنەیەکـی هونـەری کێشـاوە، واتـا زمـان بووەتـە ئامرازێـک بـۆ وێنـە. کاتێـک خوێنـەر لەبـەردەم ئـەو جـۆرە دەقانـە دەوەسـتێت خـۆی لەبـەردەم وێنەیەکدا دەبینێتـەوە کـەوا لـە جیاتـی فڵچـە و ڕەنـگ بـە وشـە کێشـراوە، بەمـەش وێنەیەکـی جـوڵاوی بەرجەسـتەکردووە، شـاعیر وێنـەی کچێـک دەکێشـێت بـە وشـە، ئـەم کچـەش لەگـەڵ هـەر هاتوچۆکردنێکدا ناز و لەنجەکردنەکـەی بووەتـە هـۆی جوڵانـەوەی کەمـان و سـنگی.

یەکێکـی تـر لـەو دیاریدانـەی لـە شـیعری شـێرکۆ بێکەسدا بەدیدەکرێت، ئاوێتەبوونـی شـیعرە لەگـەڵ وێنـەی ئەندازەیـی، بەمـەش شـیعرەکە لـە ڕووخسـاردا فۆرمێکـی ئەندازەیـی وەردەگرێـت، لەبەرئـەوە جگـە لـە گەیاندنـی هـزر و لایەنـی دەروونـی شـاعیر، چێـژی شـیعریش بەرجەسـتە دەکات، لـەم جـۆرە دەقانـەدا ((شـاعیر

لـە ڕێگـەی وشـە وێنەیـەک دەکێشـێ، شـیعرەکە لەوانەیـە وێنـەی دارێـک، یـان شـوێنێک، یـان ژمارەیـەک دەبێت، واتـا زەیـن و هەسـتی بینیـن بەیەکـەوە گـرێ دەدات؛ چونکـە زۆربـەی جـار ئـەو وێنـەی شـاعیر کێشـاویەتی لەگـەڵ واتـا و ئـەو دیـاردە و بابەتـەی باسـی لێـوە دەکات هەمـان شـتە، واتـا جگـە لـە نـاوەڕۆک چێـژی شـیعرەکە لـە شـێوە ئەندازەییەکەشـدا بەدەسـت دێـت)) (ئەحمـەد، ٢٠١٤، ٢١٨). بۆنموونـە لــە دواســاڵدا

**فەرهادێکی کوژراو وتی:**

**لەبەرئـەوەی «هەڕەم»ەکـە لەسـەر نـووک و**

**سەر بەرەوژێر دانرابوو**

**هەرەس وابوو، زەویش**

**بنکە و ڕەگی ئەویست**

**تۆفانەکەش زەریاوانی**

**چەند خوایەک بوون**

**خۆفۆی گەورە**

**خۆفۆی**

**بچووک**

**خۆفۆی**

**قرە** (بێکەس، ب١، ١٣٩٩، ٦١٣)

شـێرکۆ لە قەسـیدەی (کۆچ)دا وێنەی هەڕەمێکـی ئەندازەیـی دەکێشـێت، لـە ناوەڕۆکـی ئـەم چەنـد دێـڕە شـیعرەدا بـاس لـە هەڕەمێکـی لەسـەر نـووک و خواوەنـدی فیرعەونەکانی میسـر دەکات، لـە شـێوەیەکی هەڕەمیـدا، بەمـەش واتـای شـیعرەکە لـە ڕێـگای بینینـەوە فەراهەمدەبێـت و شـێوەی شـیعرەکەش لەسـەر شـێوەی هەڕەمێکـی لەسـەر نـووک بنیاتنـراوە.

لێـرەوە ئاوێتەبوونـی شـیعر لەگـەڵ هونەرەکانـی وێنەکێشـان و وێنـە ئەندازەییـەکان ڕووبەڕێکـی دیاریکـراو لـە شـیعری شـێرکۆ بێکەسـدا داگیـردەکات، لـە ڕێـگای ئاوێتەبوونـی هـۆش و هەسـتی بینیـن فۆڕمـی نوێـی شـیعری یـان ژانـری نوێـی شـیعری سـازاندووە لەشـێوەی پۆستەرەشـیعر یـان فۆڕمـی شـیعری وێنەیـی.

**٤- ئاوێتەبوونـی چەنـد ژانرێـک لـە بۆتـەی یـەک ژانـری ئەدەبیـدا:**

ئاوێتەبوونـی ژانـرەکان لـە چوارچێـوەی دوو ژانـر یـان ڕەگـەز و توخمەکانـی چەنـد ژانرێکـدا نەماوەتـەوە، بەڵکـو پەرپیوەتـەوە بـۆ ئاوێتەبوونـی چەنـد ژانرێـک لـە بۆتـەی یـەک دەقـدا، ئـەم جـۆرە ئاوێتەبوونـەش لـە دەقـی واڵادا

خۆی دەبینێتەوە، بەو پێیەی دەقی والاّ بریتییە لە ئاوێتەبوونی چەند ژانرێک لەنێو یەک دەقی ئەدەبیدا، بە واتایەکی تر لە دەقی والاّدا ژانرەکان وەکو مێروو و دەنکۆڵەی ملوانکە هەموویان بەیەکەوە بەستراو و تێکچڕژاون. شێرکۆ بێکەس بۆ یەکەمجار لە سەرەتای ساڵانی دووهەزار ئەم ئەزموونە نوێیەی لە بەرهەمەکانیدا تاقیکردووەتەوە و لەم بارەیەوە بەو شێوەیە باس لەو ئەزموونە تازەیەی دەکات و دەڵێت: ((لەم بەرهەمە تازەیەمدا، ویستومە لە یەک کاتدا شیعر و چیرۆک و پەخشان و شانۆنامە، هەریەکە و، بە خاسیەتە دیارەکانی خۆیانەوە، لەگەڵ یەکتردا کۆبکەمەوە و یەک تەوەرەیش یان یەک بیرۆکەیش، لە سەرەتاوە تا کۆتایی، هەموویان، وەک پەت و دەنکەکانی ملوانکەیەک پێکەوە ببەستێتەوە)) (بێکەس، ب٦، ١٣٩٩، ٣٤١). بەمشێوەیە شێرکۆ بێکەس هەریەک لە ژانرەکانی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و شانۆنامە بەیەکەوە گرێدەدات، تەنانەت سوودی لە ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی وەرگرتووە و لە چوارچێوەی ژانرێکی نوێدا کۆیکردوونەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش شێرکۆ بێکەس چوار تێکستی بەناوی دەقی والاّ بلاّوکردووەتەوە بە ناوەکانی (سرووده بەردینەکان ٢٠٠٤، کورسی ٢٠٠٥، ئێستا کچێک نیشتمانمە ٢٠١١، ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە ٢٠١٢).

لەم دەقانەدا هونەری گێڕانەوە خەسڵەت و بوونیاتی سەرەکی پێکدەهێنێت لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و بەدوای یەکدا هاتنی زنجیرەیی ڕووداوەکان و بەیەکەوە بەستنی ژانرە جیاوازەکان، لە هەمانکاتیشدا سوودی لە تەکنیکی وەسف و ڕەگەزەکانی گێڕانەوە وەرگرتووە و ڕۆڵ و ئەرکی جیاوازی پێبەخشیوون، بۆ نموونە لە دەقی والاّی (کورسی)دا شاعیر بەو شێوەیە وەسفی کورسی دەکات و دەڵێت:

**کورسییەکی کورتەباڵای بەتەمەنە و**
**ئێسک سووک و تەوێڵ پان و**
**دەست باریک و ناوشان تەنگە و**
**بەڵام هێشتا وریا و قنجە و**
**قاچێکی کەمێک ئەشەلێ و**
**بەڕەنگ و ڕوو زەردەڵەیە و**
**قژ ڕووتاوەیە و، وەلێ تەندروستی**

**تەختە و**
**جومگەکانی گەڵێ باشە!**
(بێکەس، ب٦، ١٣٩٩، ٣٤٤)

لێرەدا شاعیر لە ڕێگای بەکەس کردنەوە وەسفی کورسیمان بۆ دەکات، بەو واتایەی دەیەوێت لە ڕێگای ئەو وەسفکردنەوە وێنای مرۆڤێکی بەتەمەنی کورتەباڵا و سەر ڕوتاوە و کەمێک شەل و تەندروست باشمان بۆ دەکات. بەمەش وەسف ڕۆڵی خۆی وەرگرتووە لە دەرخستنی کەسایەتییەکانی نێو دەقە واڵاکە.

لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا، زۆرجار ژانرەکان لە ڕێی گێڕەرەوە ئاماژەی پێدەکرێت، وەک لە دەقی (کورسی)دا بەرچاو دەکەوێت، زۆرجاریش ژانرەکانی خۆیان خۆیان نمایش دەکەن، لە دەقی (سرودە بەردینەکان)دا دەقەکە لەسەرەتاوە تا کۆتایی بەیەک شێواز دەڕوات و لەنێو پرۆسەی خوێندنەوەدا ژانرە جیاوازەکان دەبینیتەوە، لە دەقی واڵای (ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە) بەپێچەوانەی ئەوانەوە شاعیر چەند ناونیشانێکی ناوەکی بۆ هەریەک لە ژانرە بەشداربووەکان بەکارهێناوە.

لە (ئێستا کچێک نیشتمانمە) بە شێوەی پەخشان سەربوردەی ژیان دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

**- ئەم کاتەت باش !**
**« من ناوم «شیعر» ە**
**خەڵکی ئەم زمانی کوردییەم!**

ڕۆژێ لەگەڵ سێ چوار چیرۆک و چەند شانۆنامەیەک و یەک دوو ڕۆمان و چەند ستوونێکی ڕۆژنامەوانیدا چووین بۆ لای نیشتمان. من بە شیعر سەربوردەی باخچە بێوەژنەکانم بۆ خوێندەوە. چیرۆک و حیکایەتی ئەو تاقمە چاویلکەیەم بۆ گێڕایەوە کە تەزویری خۆشەویستی ئەو ئەکەن و مەتر بەمەتری زەوی قوت ئەدەن و کە وەختێکیش نیشتمان بە شەو ئەنوێ لە گەرمەی خەودا پەنجە مۆری پێئەکەن. شانۆیەک هەستایە سەرپێ و ئەو شانۆنامە تراژیدیەی بۆ نیشتمان نمایشکرد، کە چۆن هەموو شەوێ بستێ دوو بستی جەستەی ئاودیو ئەکرێ و ئەکتەرەکانیش ئەوانە بوون کە پێشتر دایکیان و باوکیان و برا و خوشکەکانیان لە مەزاتێکی نێوان نیشتمان و ئەودیودا هەڕاج کرابوون...)) (بێکەس، ٢٠١١، ١٢٠).

لێرەدا شاعیر هەریەک لەو ژانرانە ڕۆڵ و ئەرکیان پێدەبەخشێت کەوا چۆن هەریەکەیان بە زمانی خۆی یان بە شێوازی خۆیان پەرە بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەدەن. بەم شێوەیە لە دەقی والادا تەنها یەک ژانر لەخۆناگرێت، بەڵکو چەند ژانرێک ئاوێتەدەبن و ژانرێکی نوێ بەرهەمدەهێنن، هەر یەکەشیان خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیان دەپارێزن و هێڵێکی گێڕانەوەیی بەیەکتریانەوە دەبەستێتەوە، کەواتە لە دەقی والادا گێڕانەوە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت.

**ڕێگاکانی ئاوێتەبوون لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا :**

دیاریدەی ئاوێتەبوونی ژانرەکان بەیەک شێوە و یەک ڕێگا ئەنجام نادرێت، بەڵکو بەگوێرەی قۆناغ و مێژووی ئەدەب و ئەزموونی شاعیران گۆڕانی بەسەردا دێت. لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، بەشێوەیەکی گشتی خۆیان لە دوو ڕیگای جیاوازدا بەرجەستە دەکەن، ئەوانیش :

**ئاوێتەبوونی هەڕەمەکی:** ئەو ئاوێتەبوونە دەگرێتەوە کەوا بە شێوەیەکی سروشتی و بێ ئەوەی شاعیر بەمەبەست پەنا بباتە بەر ئاوێتەبوونی دوو ژانر یان جۆرەکانی تری ئاوێتەبوون، ڕوودەدات. لەبەرئەوە (هەر دەقێکی ئەدەبی بە جۆرێک لە جۆرەکان فەزایەکی ئاوێتەبوونی ژانرەکان، بە شێوەیەکی سروشتی و بەبێ مەبەست لە خۆیدا بەدیدەکات، ئەمەش سروشتی خودی نووسینە) (میهوب، ٢٠١٩، ٢١). لەم ڕوانگەیەوە، ئەم شێوە ئاوێتەبوونە هەڕەمەکییە، لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، لەو دەقانەدا دەردەکەوێت کەوا شیعرەکان فەزایەکی گێڕانەوە بەسەریاندا زاڵدەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش شاعیر بە شێوەیەکی نائاگایانە پەنا بۆ ئەو شێوازە ئاوێتەبوونە دەبات و بە بێ مەبەست ڕوودەدات.

شێرکۆ لە شیعری (دەنکە تۆو) دا باسی ڕەگ و ڕیشەی گەلی کورد دەکات کەوا تاکو دەنکە تۆوێک بمێنێ ڕیشەی کورد هەر دەمێنێ و نافەوتێ:

**ملیۆنان بووین**
**پیرە دارو**
**نەونەمام و**

**دەنکە تۆو بووین.**
**لەناو خودەی ئەنقەرەوە**
**شەبەیخوونێ هاتن.. هاتن**
**هەڵیانکێشاین**
**هەڵیانگرتین**
**دوور بردیانیـن!.** (بێکەس، ب٢، ١٣٩٩، ٦٠١)

لێرەدا شاعیر سوودی لە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی چیرۆک و ڕەگەزەکانی گێڕانەوە وەرگرتووە و لە ڕێگای زمانێکی شیعرییەوە، بەسەرهاتی داگیرکردن و لەناوبردنی کورد لەلایەن نەیار و دوژمنەکانییەوە دەگێڕێتەوە. شاعیر لەوەوە دەست پێدەکات کەوا چۆن لە شەوێکدا دوژمنانی کورد پەلاماری کوردیان داوە و ویستوویانە گەلی کورد لەناو ببەن، دواتر بەردەوام دەبێت و دەڵێت :

**لە ڕێ ملی زۆر پیرەدار لار بوونەوە.**
**لە سەرمادا زۆر نەونەمام ڕۆحیان دەرچوو**
**ڕەقبوونەوە.**
**تۆوێکی زۆر هەربوون بەژێر دەست و پێوە**
**بزربوون و بیر چوونەوە!.**
**وەک چەمی هاوین تەنک بووین**
**وەک باڵندەی دەمەو پاییز کەم بووینەوە.** (بێکەس، ب٢، ١٣٩٩، ٦٠١)

لە کۆتاییدا دەڵێت:

**دەستی سونگیت بۆ ناوەتە ژێر چەناگەت!**
**ئەتوانیت بمانبەیتەوە!**
**بەڵام ئاخر من ئەزانم**
**تۆیش ئەزانیت**
**تا دەنکە تۆوێ بمێنێ بۆ باوباران**
**ئەم جەنگەڵە نابڕێتەوە!**
(بێکەس، ب٢، ١٣٩٩، ٦٠٢)

لەم دەقەدا، شاعیر لە چوارچێوەی فۆرمێکی شیعریدا، بە زمانێکی خوازەیی مێژووی هەوڵەکانی لەناوبردنی گەلی کورد دەگێڕێتەوە، لێرەوە پەیامی کوردایەتی و نەتەوەیی خۆی دووپاتدەکاتەوە و دوژمنانی کورد ئاگاداردەکاتەوە کەوا تاکو تاکە کوردێک مابێت، گەلی کورد هەردەمێنێ. لەم دەقەدا سروشتی دەقەکە وا دەخوازێت کەوا لە ڕێگەی گێڕانەوە و تەکنیکەکانی چیرۆکەوە ڕۆبچێتە نێو زمان و فۆرمێکی شیعری، بەمەش شێوازێک لە ئاوێتەبوونی هەرەمەکی بەرجەستە بکات.

لە لایەکی تر لەم شێوە ئاوێتەبوونەدا

شاعیر مەبەستێکی دیاریکراوی نییە، بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئاوێتەبوونەوە دەقێکی نوێ یان ژانرێکی نوێ بەرهەم بهێنێت، بەڵکو ئەم دەقانە بەشێوەیەکی سروشتی لە خەیاڵدانی شاعیرەوە لەدایکدەبن، لەم بارەیەوە شێرکۆ کاتێک باس لە سەرەتای نووسینی پەخشانە شیعرەکانی دەکات، دەڵێت ((هەر لەسەرەتای حەفتاکاندا هەندێ پەخشانە شیعرم بڵاوکردەوە و کە عەفەویەت سەرچاوەکەیان بوون)) (عومەر، ٢٠٠١، ٢١١). ئەمەش بەو واتایە دێت، شاعیر زۆرجار بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ئەو جۆرە دەقانەی نووسیوە کەوا شێوازێک لە ئاوێتەبوون لەخۆدەگرن و دواتریش بوونەتە سەرچاوە بۆ بوونیاتێکی ئەدەبی نوێ. لەبەرئەوە زۆرجار شیعرێک یان قەسیدەیەک کەوا لە قۆناغێکدا بەشێوەیەکی سروشتی نووسیویەتی، دەبینین لە قۆناغێکی تردا بووەتە سەرچاوە بۆ هاتنە ئارای دەقێکی فراوانتر و سەرئەنجامیش ژانرێکی جیاوازتر لەوی پێشوو پەیدابووە، لەم بارەیەوە وەک لە دیمانەکانی شاعیر خۆیدا ئاماژەی پێکردووە، قەسیدەی (ئافات و پەریزاد و گوڵەکەی دوژمنی) سەرچاوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ بەشێک لە شیعرەکانی دیوانی (من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ).

**ئاوێتەبوونی مەبەستدار:** ئەم ڕێگایەی ئاوێتەبوونی ژانرەکان لەسەر بنەمای هۆشیاری و مەبەستەکانی پێشووی شاعیر پەیدادەبێت، بەمەش ئەمشێوەیە لە ئاوێتەبوون، وا لە شاعیر دەکات کەوا گوتاری دەقەکەی لەسەر ئیستاتیکا و جوانکارییەکانی دیالۆگ لەنێوان ژانرەکان دابمەزرێنێت و لەوەوە دەگەڕێت بەدوای بەدیهێنانی بێوێنەیی دەقەکەی و مامەڵەکردن لەگەڵ ژانرێتی ئەدەبدا، لەگەڵ ئەوەشدا لەمەودای نوێکردنەوە و داهێنانی ئەدەبیدا بەدوای دەرچەیەکدا دەگەڕێت. (میهوب، ٢٠١٩، ٢٢). کەواتە ئاوێتەبوونی ژانرەکان لەم ڕێگایەدا ئامانجدارە و شاعیر بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ نووسینی ئەم جۆرە دەقانەدا دەکاتەوە. لێرەدا شاعیر دەیەوێت لە ڕێگای ئاوێتەبوونەوە ئەزموونێکی نوێ بسازێنێت کەوا جیاوازبێت لە هەوڵەکانی پێشووتری، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی داهێنان

و نوێبوونەوە. لەم بارەیەوە شێرکۆ بێکەس بەئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵ دیاریدەی ئاوێتەبوون کردووە، چونکە پێی وابووە ((هونەرەکان ڕۆژبەڕۆژ لەیەکتر نزیکتر دەبنەوەو دیوارو سنوورو بۆشایی نێوان هونەرەکان لە حاڵەتی فرێدن و نەمانی تەواودان)) (عومەر، ٢٠٠١، ٢٦٩)، هەربۆیە کاتێک چیرۆکە شیعر یان ڕۆمانە شیعر یان دەقی والا دەنووسێت، ئاگاداری ئەوەیە کەوا بە تێکەڵ کردن و ئاوێتەکردنی هەریەک لە ژانرەکانی چیرۆک و ڕۆمان و شانۆ لەگەڵ شیعر ژانرێکی نوێ لەدایکدەبێت، خودی هەوڵەکانیشی بۆ ئەوەیە لە ڕێگەی ئاوێتەبوونەوە ئەزموونێکی نوێ دابهێنێت کە تەواو جیاوازبێت و لە ڕێگایەوە گوتاری شیعریی و هزریی و ئەدەبی و سیاسی و مێژوویی خۆی بگەیەنێت ((ژیانی ئێمە، پێداویستی لەدایکبوونی ڕێگەیەکی نوێی لە شیعردا پێویست کردووە، شیعر و چیرۆک دەڕۆن تا بە تێکەڵبوونی کۆتایی بگەن. هەوڵی من لە شیعردا بۆ ئەوەیە کە لە شیعردا کارێک بکەم، شیعرێکی تازە کە باڵای هێندەی ڕەنج و ئازار و ئەشکەنجەکانی میللەتی کورد بەرزبێت)) (عومەر، ٢٠٠١، ٢٦٩). بۆ ئەم مەبەستە، لە دەقە والاکاندا، شاعیر لە چەند شوێنێکی نێو دەقەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کەوا ئەوە شیعرە یان چیرۆک یان چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی یان پەخشانە یان چیرۆک.. ئەمەش ئاگایی شاعیر و مەبەستی شاعیر دەردەخات لە کاتی نووسینی دەقەکانیدا. بۆ نموونە لە دەقی (ملوانکە)دا، کاتێک (کچە گوارە) دەیەوێت شیعرێک بۆ (ملوانکە) بخوێنێتەوە، دەقەکە لە چیرۆکەوە بەرەو شیعر دەبات، چونکە لە ڕێگەی گێڕەرەوە کە (ملوانکە) یە لەو کاتەدا ساتی پێکەوەبوونی هەردوکیان دەگێڕێتەوە و دەڵێت :

**ئەوسا وتم: عومری منیش سی و پێنج دەنکە و**

**هاوتەمەنین. کچە گوارە زۆر بڵێ بوو، وەک پاساری سەر گوێسوانە جووڵە و جووڵەکەر. لەگەڵ هەموو**

**پێکەنین و قسەیەکدا ئەتوت گەڵای دارچنارە و ئەلەریەوە. ئەمجارەیان عەیارانە. هەندێ چرپەی دا**

**بە گوێمدا، .....**

**دواتر بەردەوام دەبێت**
**.........، کچە گوارە شیعرێکی**
**دەرخکردبوو هـــــەر لەوێــدا**
**بـــــەدەم ڕێـــوە بـــۆی**
**خوێندمەوە :**
**ئەی شیعری جوان**
**ماڵەکەمان، گەر ئەتەوێ ماڵەکەمان**
**پێبزانی**
**ناونیشانیم داوەتە دەست (با) یەکی**
**وێڵ.**
**کە تەنیایی ژن شەقامی و**
**کە زریکەی ژن گەرەکی و**
**کە تەمتوومانیش ماڵێتی!**

لێــرەدا، دەبینیــن زمانــی نووســینی دەقەکــە لــە چیرۆکــەوە بــەرەو شــیعر دەگۆڕێــت، بەمــەش شــاعیر ئــاگاداری ئــەو گۆڕانکارییانەیــە کــەوا پێویســت دەکات لــە نووســینی چیــرۆک یــان شــیعردا هەبێــت، بــەو واتایــەی شــاعیر بــە ئاگاییــەوە مامەڵــەی لەگــەڵ دەقەکــەدا کــردووە، لــە هەمانکاتیشــدا خوێنــەر ئاڕاســتە دەکات بــەوەی دەقەکە لــە فۆرمێکــی پەخشــانییەوە بــەرەو فۆرمێکــی شــیعری دەبــات، ئەمــەش لــەو ئاماژەپێدانــەی نێــو دەقەکــەوە بــە ڕوونــی دەردەکەوێــت.

لەمڕوانگەیــەوە شــێرکۆ بێکــەس ســوودی لــە هەریــەک لــەو ڕێگایانــە وەرگرتــووە لــە پرۆســەی ئاوێتەبوونــی ژانرەکان لەنێو دەقەکانیدا، لەبەرئەوە دەتوانیــن بڵێیــن؛ شــاعیر بەشــێوەیەکی گشــتی بــە شــێوەیەکی ئاگایانــە و مەبەســتدار کاری لەســەر ئــەم بابەتــە کــردووە و وەکــو دیاریدەیەکــی بەرچــاو لەنێــو بەرهەمەکانیــدا دەردەکەوێــت، ئەمــەش زیاتــر بەمەبەســتی بەرەوپێشــبردنی ئەزموونــی شــیعری و گەیاندنــی پەیامــی شــاعیرانەی لــە ڕێگــەی جۆراوجــۆرەوە، بــووە.

**سەرچاوەکان:**

- ئەحمــەد، صافیــە محەمــەد، ٢٠١٤، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیربـاڵ مەحمـود، چ١، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر.
- بێکــەس، شــێرکۆ، ٢٠١١، ئێســتا کچێک نیشـتمانمە، چ١، دەزگای چـاپ و پەخشی سـەردەم، سلێمانی بێکەس، شێرکۆ، ١٣٩٩، کۆکراوەی دیوان، ب١، ب٢، ب٣، ب٤، ب٥، ب٦، چ١، انتشـارات مادیار، سـنندج.
- خۆشـناو، هێمـن عومـەر، ٢٠١٠،

شـیعرییەتی دەقـی چیرۆکـی کـوردی، چ١، چاپخانــەی ڕۆشــنبیری، هەولێـر مەولود،ڕێـزان سـاڵح و سـەنگەر نـازم حسـین، ٢٠١٨، ژانـرە ئەدەبییـەکان، ب١، چ١، ناوەنـدی ئاوێـر، کوردسـتان – هەولێـر .

– ڕەئـوف، لوقمـان، ٢٠١١، سیماکانی پۆسـت مۆدێرنـە لـە ئایدیـای شـیعری شـێرکۆ بێکـەس، چاپخانـەی بینایـی، سـلێمانی.

– ڕەحمـان، عەبـدوڵا، ٢٠١٢، بنیاتـی گێڕانــەوە (چەنـد لێکۆڵینەوەیەکـی ئەدەبییـە لەبـارەی چیـرۆک، ڕۆمـان، ڕۆمانـە شـیعر)، چ١، چاپخانــەی موکریانـی، هەولێـر .

– دەشـتی، عوسـمان حمـد خضـر(د.)، ٢٠٢١، ئاوێتـە بوونـی ژانـرەکان لـە شـیعری ڕوانگـەدا، گ:ڕامـان، ژ: ٢٧٩ – ٢٨٠ و ٢٨١– ٢٨٢ ، دەزگای گوڵان، هەولێـر.

– عومـەر، موحسـین ئەحمـەد، ٢٠١٢، فەرهەنگـی ئەدەبـی، چ١، چاپخانــەی مەحـوی، سـلێمانی .

– عومــەر، یاسـین، ٢٠٠١، ئەزمـوون (چەپکێـک هەڤپەیڤیـن لەگـەڵ شـێرکۆ بێکـەس)، چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سـلێمانی .

– هالبێـرگ و دانەرانـی تـر، پیتـەر، ٢٠١٠، تیـۆری ئەدەبـی و شێوازناسـی، و: ئەنـوەر قـادر جـاف، مەڵبەنـدی کوردۆلۆجـی، سـلێمانی.

– ابـو مصطفی، احمـد، ٢٠١٥، تداخل الاجنـاس الادبيـة، رسـالة الماجسـتر، كليـة الاداب، الجامعـة الاسـلامية، غـزه.

– الأسـدى، حيدر على، ٢٠١٩، تداخل الاجنـاس الادبيـة وأثرهـا الجمالـى فـى النص المسـرح العربـى، ط١، دار أمجد للنشـر والتوزيـع، عمـان إسـماعيل، عزالديـن، ٢٠١٣، الادب وا فنونـه، ط٩، دار الفكـر العربـى، القاهـرة

– إسماعيل، عزالدين، ٢٠١٣، الادب وا فنونـه، ط٩، دار الفكـر العربـى، القاهرة

– دومـة، خيـرى، ١٩٩٨، تداخـل الانـواع فـى القصـة المصريـة القصيـرة، الهيئة المصرية العامـة للكتـاب، القاهـرة.

– رشـام، فيـروز، ٢٠١٧، شـعرية الاجنـاس الادبية فـى الادب العربى، ط١، دار الفصائـات للنشـر والتوزيـع، عمـان.

– عـروس، بسـمه، ٢٠١٠، التفاعل فى الاجنـاس الادبيـة، مؤسسـة الانتشـار العربـى، بيـروت.

– قديـد، ديـاب، ٢٠٠٩، تداخـل

الاجناس الادبية فى الرواية الجزائرية المعاصرة (الكتابة ضد اجنسة الادب)، المجلد الاول، مؤتمر النقد الدول الثانى عشر، جامعة اليرموك، اربد- اردن .

- منصورى، نجاح، ٢٠١٥، فى حدود تجنيس الادب (الفراشات والغيلان) لعزالدين جلاوجى انموذجا، مجلة مقاليد، عدد: ١٥ .

- الكردى، عبدالرحيم (د.)، ٢٠١٣، قراءة النص تأصيل نظرى و قراءات تطبيقية، ط١، الهيئة العامة لقصور الثقافة، قاهرة .

- كوهين، رالف، ١٩٩٧، القصة الرواية المؤلف، دراسات فى نظرية الانواع الادبية المعاصرة، ت- خيرى دومة، ط١، دار الشرقيات للنشر والتوزيع، عمان .

- ماضى، شكرى عزيز، ١٩٩٣، فى نظرية الادب، دار المنتخب العربى، ط١، بيروت .

- المناصرة، عزالدين، ٢٠١٠، الاجناس الادبية فى ضوء الشعريات المقارنة، ط١، دار الراية للنشر والتوزيع، الاردن – عمان .

- ميهوب، محمد آيت، ٢٠١٩، التداخل الاجناسى فى الادب العربى المعاصر، دار الورقة للنشر والتوزيع، تونس .

- عروس، بسمه، ٢٠١٠، التفاعل فى الاجناس الادبية، مؤسسة الانتشار العربى، بيروت.

- فنسنت، لا بى سى، ١٩٧٨، نظرية الانواع الادبية، ت: حسن عون، ط١، منشأة المعارف، الاسكندرية ويلك، رينية و ئوستن وارين، ١٩٩١، نظرية الادب، ت: عادل السلامة، دار المريخ للنشر، رياض.

- وهبة، مجدى، ١٩٧٢، معجم المصطلحات الادب، مكتبة لبنان .

- داد، سيما، ١٣٨٥، فرهنگ اصطلاحات ادبى، چ٣، انتشارات مرداريد، تهران .

- شميسا، سيروس، ١٣٨٧، انواع ادبى، چ٣، انتشارات تابش، تهران .

- كدكنى، محمد رضا شفيعى، ١٣٧٢، انواع ادبى و شعر فارسى، رشد آموزش ادب فارسى، ب١، سال هشتم، ژ:٣٢، تهران.

# سایکۆلۆژیای ئەدەبی و بوارەکانی، یان بوارەکانی سایکۆلۆژیای ئەدەبی



پ. د. عومەر پەتی

ڕۆشـنبیریی سـایکۆلۆژی، ڕۆشـنبیرییەکی خۆشەویسـتییە بـۆ دەروون؛ چونکـە چارەسـەری ئاریشـەکانی بوونـی ژیـان دەکات کـە تیایـدا دەژیـن لـە ژیانـی تایبەتـی و گشـتی مـان؛ لەبەرئـەوەی هەوڵـی ڕاڤەکردنـی ڕەفتـاری مـرۆڤ دەدات بـەو جـۆرەی کـە تاکێـک و ئەندامێکـە لەنـاو کۆمەڵگـە جیاجیـای مرۆڤایەتیـدا.

هـەر لەبـەر ئەمـەش بـوو لەگـەڵ سـەرهەڵدانی دەروونزانـی و پەرتووکەکانـی بوارە جیاجیاکانـی سـایکۆلۆژیا خەڵکـی پێشـوازییەکی گەرمیـان لێکـردو بـە گرینگـی و بایەخـەوە دەسـتیان بـە خوێندنەوەیـان کـرد! هـەر بەوەنـدەش نەوەسـتا بـە گـوڕ و تینـەوە و تامـەزرۆوە لـە بەرنامەکانـی ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆن و بگـرە سـەرتاپای

میدیاکان بە هەموو جۆرەکانیەوە بینراو و بیستراو و تەنانەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان لە سەردەمی سۆشیال میدیا و بە دیاریکراوی تر لە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە گشت بوارەکانی زانست و ژیاندا بۆتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ چارەسەرکردنی جۆراو جۆری گرفتەکانی دەروونیی.

بە هۆی ((دەروونزانی و ژیان)) خوێنەر بە بڕواییەوە ئەواتەی دەنووسرێنەوە لەسەر دەروونزانی ((سایکۆلۆژیا)) دەیانخوێنێتەوە و بە چاوێکی ڕێزەوە بەکاریان دەهێنێت بۆ چارەسەری بابەتەکانی ژیان بە شێوەیەکی قووڵ و فراوان بە جۆرێک پێویستیەکانی ژیان پڕبکاتەوە. چونکە ژیان ناتوانرێت تێیبگەیت تێگەیشتنێکی تەواو بە دیاریکردنی سنوورێکی دیاریکراو، یاخود لە یەک گۆشە نیگاوە؛ بەڵکو دەبێت لە گۆشە نیگای جۆراوجۆر و جیاوازەوە سەیری بکرێت؛ کەواتە دەبێت بابەتەکان هاوبەش بن لە نێوان دەروونزانی (سایکۆلۆژیا) و ئەدەب و زمان و پزیشکی و کۆمەڵزانی و هونەر و ئابووری و ئەنترۆپۆلۆژیا و گەلێ زانست و هونەرەکانی تر...

پەرتووکە ڕۆشنبیرییە سایکۆلۆژیاکان و پەیوەندییەکانی مرۆڤایەتی پەیوەندیەکی پتەون بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو لەسەر بناغەی زانستی بەتین.

سایکۆلۆژیای ئەدەب؛ یان ئەدەب و واتای دەروونی. جۆرەکانی کەسایەتی ئەدەبی لە دەروونزانیدا؛ هەروەها توێژینەوەکانی دەروونی بۆ کردەکانی ئەدەبی و زانای ئەدیب و ڕێگای ئەدەب بەرز دەبێتەوە و لەسەر واقیع و جیاوازی مەیلی دەروونی لای ئەدیبان بەپێی پسپۆڕییان جیاواز دەبێت.

داهێنانی هونەری، هەست و نەستی ئەدەبی، ئەدەبی سایکۆلۆژی و بەهرەی هونەری و ململانێی ئەدیبەکان هەموو ئەمانە بابەتی سەرەکی سایکۆلۆژیای ئەدەبن. زۆر لە کردەوەکانی ئەدەبی سەردەم و هاوچەرخ بەستراوە یان وابەستەی بنیاتنانە بە دەروونزانی (سایکۆلۆژیا)وە؛ ئەدەب Literature بەرەو کۆنترۆڵی دەروونیی مرۆڤایەتی دەچێت. دەروون ئامانجێتی کە

دەروونزانی (سایکۆلۆژیا) وێنەکەی بۆ بکێشێت.

هەر کاتەی توێژینەوەکانی سایکۆلۆژیا پێشکەوت ئەوە ڕەنگ دەداتەوە لە نووسین و بەرهەمەکانی ئەدەبیدا؛ بە تایبەتی لەبواری درامادا بە هەردوو لقی، ڕۆمان و شانۆ، ناوبانگی هەندێ لە ڕۆمانەکانیان لەشانۆکان دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردن و بەکارهێنانی سایکۆلۆژیا لە هەندێ ناوی کەسایەتی یان دانەرەکانیدا و ناونانی لادان و شڵەژانی دەروونیی ناوبانگی پێدەردەکات.

سادیەت کە دەگەڕێتەوە بۆ مارکیز دی ساد (١٧٤٠- ١٨١٤) نووسەری فەرەنسی کە پسپۆڕی لە وەسفکردنی بارودۆخی کەسانی کە دووچاری توونودتیژی ناوەکی دەبنەوە، تام و چێژ و خۆشی لە ئازاری خەڵکانیترەوە دەچێژن.

سایکۆلۆژیای ئەدەبی یان دەروونزانی ئەدەب لقێکە کە چەندان پسپۆڕی تێدا کۆدەبێتەوە کە دەروونزانی (سایکۆلۆژیا) و ئەدەب کۆدەکاتەوە لەیەکتریدا. وا دەگەیەنێت کە توێژینەوەی کارلێکەری لەنێوان کردارەکانی دەروونی مرۆڤایەتی و ناوەرۆکەکانی ئەدەبی بگرێتەوە، چ لەلایەنی بەرهەمهێنان یان وەرگر یان شیتەڵکردنی کەسایەتیەکان و دەقەکانیاندا.

دەتوانین بڵێین سایکۆلۆژیای ئەدەب ئەم بوارانە دەگرێتەوە:-

**یەکەم: بواری پێناسەی پیشەیی:** دەروونزانی ئەدەبی بوارێکە بۆ بەکارهێنانی چەمکەکان و بیردۆزەکانی دەروونیی بۆ تێگەیشتنی ئەدەب و شیکاری کردنیدا.

وە هەروەها ئەدەب بەکاردەهێنرێت بۆ تێگەیشتنی دەروونی مرۆڤایەتی و ئاڵۆزییەکانی دا. ئەم زانستەیە بایەخ بە چۆنێتی دەربڕینە ئەدەبیەکانی بارودۆخی دەروونیی دەدات و هەروەها ململانێ ناوخۆ و گۆڕانەکانی هەستی کەسایەتییەکان و هەروەها لە وەڵامدانەوەی دەروونی و کاریگەرییان بە هێماکان و گێڕانەوەیان دەکۆڵێتەوە.

**دووەم: بوارەکانی پیادەکردن:** لەم بوارانەی خوارەوە پیادە دەکرێت کە ئەمانەن:-

١- شیکردنەوەی کەسایەتییەکانی

ئەدەبی: سایکۆلۆژیا بۆ شیکردنەوەی سیفەتەکان و پاڵنەرەکان و ململانێکانی کەسایەتی ئەدەبی بەکاردەهێنێت، وە ئەگەر کەسایەتییەکان راستەقینەبوون رووبەڕووی هەڵسەنگاندنی دەروونیی دەبنەوە.

بۆ نموونە: دەکرێ پیادەی بیردۆزی (تیۆری) فرۆید و یۆنگ بکرێت بۆ تێگەیشتنی بنیاتی دەروونییان.

٢- تێگەیشتنی نووسەر لەمیانەی دەقەکانیانەوە:- دەکرێ دەقی ئەدەبی بەکاربێت وەکو ئاوێنەی جیهانی ناوەوەی نووسەر بریقە بداتەوە، تەنانەت وەسف و ئارەزووەکانی.

ناهۆشیاری، نیگەرانییەکانی و، بیرەوەری و یادەوەرییەکانیشی و ململانێکانی و بەتایبەتی کارو کردەوەکانی کە لایەنی سەربردەی خۆیەتی بگرێتەوە.

٣- کاریگەری ئەدەب لەسەر خوێنەر (پێشوازی دەروونیی):

بەدوای چۆنێتی کاریگەری دەقەکانی ئەدەبی لەسەر سۆز و درک پێکردن و رەفتاری لای خوێنەر دەگرێت، تا ئەو کاتەی ئەگەر خوێندنەوە هاوبەشی لە چارەسەرکردنی دەروونیی یان پاڵپشتی و هاندەرایەتی هۆشیاری خودی بکات.

٤- چارەسەرکردن بە نووسین: Writing Therapy

بەکاردێت بۆ چارەسەرکردنی دەروونی، داوا دەکرێت لە تاکەکان بە نووسینی دەقەکان دەربڕین بەشدار بکات لە تێگەیشتنی خود و بەتاڵکردنی سۆزداری.

**سێیەم: کەرەستەکان و چەمکەکانی بەکارهاتوو:**

أ- (شیکردنەوەی دەروونیی) Psycho analysis

ب- بیردۆزی ناسنامە و خود Self Theory

ج- بیردۆزی هێدمەی دەروونیی (Trauma Theory)

د- سایکۆلۆژیای مەعریفی و رەفتاری

هـ- سایکۆلۆژیای بوون.

**چوارەم: بایەخی سایکۆلۆژیای ئەدەبی:-** بەشداری لە فراوانبوونی تێگەیشتنی لە دەقەکانی ئەدەبی بە درێژایی دۆزینەوەی بەڵگەکانی دەروونیی قووڵ دەکات.

٢- یارمەتی لەسەر هاندان و پشتگیری تێگەیشتنی مرۆڤایەتی

دەدات لە میانەی دەرکپێکردنی ئاڵۆزیەکانی دەروونیی کە تاکەکان پێدا گوزەر دەکەن.

٣- بەکاردێت وەکو کەرەستەیەک بۆ دەستنیشانکردنی ناڕاستەوخۆ.

٤- بەسوودە بۆ یەکگرتنی هونەر و زانست و، دەبێتە هاندەرێک بۆ روانگەی گشتگیریی مرۆڤ.

٥- لە هەندێ باری دەروونی لەمیانەی شیکردنەوەی دەقەکان کە تاکەکان دەینووسن.

**پێنجەم: نموونەیەکی پیادەکراو:**

لە شیکردنەوەی رۆمانی ((تاوان و سزا)ی دوستویفسکی، دەتوانین خوێندنەوەیەکی کەسایەتی سەرەکی ((راسکۆلنیکوف)) لە ڕوانگەی شیکردنەوەی دەروونیی لای فرۆید بکەین، کە ململانێ لەنێوان ئارەزووەکان و ویژدان (منی باڵا) بەدیار بکەوێت، کە تیشک دەخاتە سەر گرژی دەروونیی کە لە ئاکامی تاوان سەریانهەڵداوە.

**پوختەی ئەم وتارە:**

دەروونزانی ئەدەبی (سایکۆلۆژیای ئەدەبی) کەرەستەیەکی وردە بەکاردێت بۆ خوێندنەوەی دەقەکانی ئەدەبی وەکو نەخشەیەکی دەروونیی، مامەڵە دەکات لەگەڵ کەسایەتییەکان وەکو بوونەوەرێکی دەروونیی زیندوو، بیردۆزی دەروونی بەکاردێت بۆ تێگەیشتنی ناوەوەی (ناخی) مرۆڤ کە لە ئەدەب رەنگدەداتەوە.

هەروەها بوارێکە پێویستی بە باکگراوندێکی (پاشخانێکی) دەروونیی و ئەدەبی بەهێز هەیە بۆ تێگەیشتنی ڕەهەندەکانی دەقەکان و کەسایەتییەکان و تەنانەت خوێنەران و نووسەرانیش بەیەکەوە.

**ئەم سەرچاوە و ژێدەرانەی سوودیان لێ وەرگیراوە بۆ نووسینی ئەم وتارە:**

- التفسير النفسي للأدب، د. عز الدين اسماعيل، دارة العودة ودار الثقافة – بيروت – لبنان، ١٩٦٢.

- الموسوعة النفسية (علم النفس في حياتنا اليومية، د. عبد المنعم الحفني، مكتبة مدبولي – القاهرة – مصر – ط١ – ١٩٩٥.

- سيكولوجية فنون الأداء، داناني: جلين ويلسون – وەرگێڕانی: د. شاكر عبد الحميد، عالم المعرفة (٢٥٨) – الكويت – ٢٠٠٠م.

# کێشەی نێوان
# بلیمەتەکانی دنیای فیکر و ئەدەب


هاشم ساڵح
وەرگێڕانی: لوقمان محەمەد ڕەشید


هێندەی کۆنیی مێژوو، ململانێ و شەڕەقسەی نێوان ئەدیبان و شاعیران و فەیلەسوفەکانیش کۆنە، تەنانەت تاقە ژینگەیەک لەم جیهانەدا نادۆزیتەوە لەم ڕەفتارە بێبەش بێت. ئەوەندە بەسە کە وەک نموونەیەک؛ تەماشایەکی ڕووناکبیرە عەرەبەکان، یاخود فرەنساییەکان بکەین. ئەوەندە حەسوودیی بەیەکتر دەبەن و ئەوەندە ڕقیان لەیەکترە، کە هیچ کەیفیان بە یەکدی نایەت، هەر بە تەواوەتی وەک ژنە جوانەکان. ئاخر ڕۆژێک بیستووتانە ژنێک دان بە جوانیی ژنێکی تردا بنێت؟.

سەیرکەن، شۆپنهاوەر (١) چی بە هیگڵ (٢) گوتووە! شتێکی وای پێگوتووە

کە سەر سپی دەکات. جنێوی ئەوەندە ناشیرین کە لە وێنەی نییە. هۆکارەکەیش ئەوەبووە کە هیگڵ زۆر بەناوبانگ بووە و سەدان قوتابی دەچوونە وانەکانیەوە، کەچی شۆپنهاوەر کەسێکی نەناسراو بووە و تەنیا هەر چوار-پێنج قوتابیی هەبووە. بێگومان هەردووکیشیان لە هەمانکات و لە هەمان زانکۆ «بەرلین» وانەیان گوتووەتەوە!.

شۆپنهاوەر، بە هیگڵ-ی هاوڕێی، شێت دەبوو و لەبەرامبەریدا ئیرەیی لە دەمارەکانیدا دەکولا و جوێنی زۆر قێزەونی پێدەگوت، وەک «ئەم کەسە هیچ و پووچەی کە پێیدەڵێن هیگڵ!، ئەو دەجالە بێڕۆحە، بۆگەنە، بێزارکەرە، نەزانە، کەی شایانی ئەم هەموو بایەخپێدانەیە؟!.. فەلسەفەکەی







ئەو بریتییە لە خەڵەتاندنێکی زۆر و درۆیەکی گەورە، بریتییە لە کۆمەڵێک قسەی بەتاڵ و بێ مانا و گومڕایی. لە مێژوودا قسەی وا گەمژانە نییە. لە شێتخانە و نەخۆشخانە دەروونییەکاندا نەبێت قسەیەکی هێندە پووچ و بێ ناوەڕۆکی وەک قسەی ئەم کابرایە نادۆزیتەوە.... هتد».

ڕقێکی زۆر، ئیرەییەکی ترسناک هەموو ناخی دەتەنی و کۆنترۆڵی خۆیی بۆ نەدەکرا.. ئەم کابرایە، هەر بەڕاستی کۆنترۆڵی خۆیی لەدەستدەدا کاتێک باسی لە یەکیک لە گەورەترین فەیلەسوفەکانی مێژوو دەکرد.

ئێ خۆ بە گەواهیی هەموان، هیگڵ، ئەرستۆ (٣)-ی سەردەمە تازەکانە، کەچی شۆپنهاوەر ئەو قسانەی پێدەڵێت. هەردووکیشیان فەیلەسووفی بلیمەت بوون، بەڵام، بە پێچەوانەی هیگڵ-ەوە، شۆپنهاوەر لە دواییدا ناوبانگی پەیداکرد.

ئەی ئاخۆ شاعیرانی عەرەب چییان دەربارەی موتەنەبی (٤) لە کۆشکی «سەیفولدەولە» گوتووە؟. هەمان شتیان گوتووە!.. بەڵام جارێ پێش ئەوەی واز لە شۆپنهاوەر بهێنین، با بیروڕای ئەوتان لەسەر دوو شت پێبڵێم، کە هاوڕێیەتیی و هاوسەرگیریی-یە، کە هەر وەختە لە پێکەنیندا یان لە سەرسامیمدا بمرم!

شۆپنهاوەر، دەربارەی هاوڕێیەتیی دەڵێت «هاوڕێکان دەڵێن کە بۆ یەکتری دڵسۆزن، بەڵام لەڕاستییدا دڵسۆزە ڕاستەقینەکان هەر یەکەیان بۆ ئەویتریان دوژمنە».

دەربارەی هاوسەرگیرییش، کە هەتا ئاستی گڵاویی ڕقی لێبووە و بەهەموو شێوەیەک لێی هەڵاتووە، دەڵێت «پێداگرییت لەسەر ئەوەی کە بەبێ خۆشەویستی هاوسەرگیریی نەکەیت؛ گەمژەییەکی گەورەیە و پەشیمانبوونەوەیەکی تاڵی پێوە دەچێژیت و زۆر لەوە خێراتر کە پێشبینیی دەکەیت». ئینجایش دەڵێت «خۆی لەڕاستییدا، سووربوونت لەسەر هاوسەرگیریی بە خۆشەویستی و بێ خۆشەویستییش، گوناهێکی گەورەیە و لێخۆشبوونی نییە».

من وەک خۆم، بۆئەوەی تێر پێبکەنم، ناچم بۆ سینەما یان شانۆگەریی، بەڵکو بەتایبەت لەم کاتانەدا، تەنیا کتێبەکانی شۆپنهاوەر

یـان ڤۆڵتێـر(٥) یاخـود جاحـز(٦) دەکەمـەوە، کتێبـی «البخـلاء» دەخەمە ژێـر سـەرینەکەمەوە بۆئـەوەی هـەر کاتێـک خـەم و خەفەتێـک دامبگرێـت چاوێکـی پێدابخشـێنم.

هـەر بـەم بۆنەیـەوە، قسـە قسـە دێنێـت: جارێکیـان شـاعیرێکی گـەورە، دەربـارەی شـاعیرێکی تـری گـەورە «ناتوانـم ناویـان بێنـم نەوەکـو لەهەمـوو لایەکـەوە بـە مووشـەکی -سـکۆد- مووشـەکبارانم بکـەن» پێـی گوتم:»یەعنـی!!... هەندێـک شـیعری هەیـە.. بـەڵام دواجـار ئـەو شـاعیرێکی «مامناوەنـد» ئاسـاییە و سـەرەنجام شـتێکی وای لـێ جێنامێنێـت کـە شـایانی بـاس بێـت».. جـا ئـەو شـاعیرە مامناوەنـدە! دامەزرێنـەری شـیعری مۆدێرنـی عەرەبییـە و خاوەنـی شـیعرگەلێکی ئەوەنـدە بەهێـزە کـە نەخشـەی شـیعری عەرەبیـی گۆڕیـوە. کەچـی ئـەم کابرایـە ناتوانێـت دانبنێـت بـە بلیمەتیـی کەسێکی تـردا، جگـە لـە بلیمەتییەکـەی خـۆی!.

خـۆی لەڕاسـتیدا، ئەمـە شـتێکی مرۆییـە، یـان وەک نیچـە (٧) دەڵێـت «زۆر بەشـەرییە». چونکـە ئێمـە ئەگـەر دانبنێیـن بـە داهێنەرایەتیـی کەسـێکی تـری غەیـری خۆمانـدا، وەک ئـەوە وایـە خۆمـان بسـڕینەوە یـان لـە سـەنگ و بەهـای خۆمـان کـەم بکەینـەوە. بەهەرحـاڵ، مەترسـیی «غیـرە و حەسـوودی»ی نێـوان شـاعیران لـەو حەسوودییە کەمتر نییـە کـە لەناو ژنـە جوانەکانـدا هەیـە.

هەرچۆنێـک بێـت، سـێ کەسـی سـەدەی نۆزدە هەن، دۆستۆیڤسـکی (٨) و تۆڵسـتۆی(٩) و تۆرگینێـڤ(١٠)، خـۆ ئەگـەر هەمومـان نـاوی یەکـەم و دووەمیانمـان بیسـتبێت، ئـەوا کـەم کـەس نـاوی سـێیەمی بیسـتووە.

تۆرگینێـڤ، سـاڵی ١٨١٨ لەدایکبـووە و سـاڵی ١٨٨٣ لەتەمەنـی ٦٥ سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـردووە. زۆربـەی تەمەنی لـە دەرەوە ژیـاوە، بەتایبەتـی لـە ئەڵمانیـا و فەرەنسـا، بەوەیش بەناوبانـگ بـوو کە خانمـە گۆرانیبێژێکی فەرەنسایی خۆشویسـتووە بـە نـاوی «پاولیـن ڤیـاردۆ». ئەگەرچـی ئـەو خانمـە هاوسـەرداریش بـووە بـەڵام بـۆ مـاوەی چـل سـاڵی بـەردەوام، بەبـێ سـوود بەدوایەوە بووە و نەیدەویست لەسایە و سێبەری ئـەودا نەبێـت، بـژی؛ تەنانـەت

ئەگەر زۆر جار بە ڕیسواییش بوایە، چونکە خۆشەویستی مرۆڤ کوێر و کەڕ دەکات، خۆشەویستی مرۆڤ زەلیل دەکات. مەگەر ئەو نووسەری چیرۆکە جوانەکەی «خۆشەویستی یەکەم» نییە؟. خۆشەویستیی چییە ئەگەر بۆ خۆشەویستـی یەکەم نەبێت!

نازانم بۆچی هەست بە گونجانێکی قووڵ و هۆگرییەکی زۆر دەکەم کاتێک ڕۆدەچمە ناو دەقەکانی ئەدیبە ڕووسەکان و کێشە و پرس و بابەتەکانیانەوە. نازانم بۆچی وا هەست دەکەم کە لە ماڵەکەی خۆم و لەناو خەم و کێشە و گرفتەکانی خۆمدام. ئاخۆ لەبەرئەوە بێت کە ئێمەی عەرەبیش لە هەمان باری مێژووییدا دەژین؟. مەبەستم هەمان ناجێگیریی یاخود هەمان شڵەژان و ونبوون و لێکدابڕانی نێوان ڕابوردوو و ئێستا، نێوان خۆرئاوا و خۆرهەڵات، نێوان ڕەسانەیەتی و هاوچەرخی، نێوان کەلەپوور و مۆدرێنەـیە. ڕەنگە!.

بەهەرحاڵ، ئێمەیش هێشتا حاڵی خۆمان یەکلایی نەکردووەتەوە، هێشتا ئێمەیش باجی پەڕینەوە گەورەکەی مێژوو دەدەین، باجی ئەو ڕابوردووەی کە ڕانابووڕێت و ئەو داهاتووەی کە نایەت. ئێمەیش هێشتا نەگەیشتوویەنەتە دۆزینەوەی ئەو ئەڵقە بۆش/بەتاڵە، ئەو هاوکێشە مەحاڵەی کە وا لە نێوان کەلەپووری عەرەبیی ئیسلامیمان لەلایەک و مۆدێرنێتی جیهانیی لەلایەکی ترەوە.

لەڕاستییدا، ئێمەیش وەک ڕووسەکان، خاوەنی کەلەپوورێکی دێرینین، کەلەپوورێکی پان و درێژ کە مۆدێرنێتەی خۆرئاوا ناتوانێت بیسڕێتەوە و لەناوی بەرێت، وەک ئەو نەتەوانەی تر کە کەلەپوورێکی مەزنیان نییە.

لەبەرئەم هۆیەیە کە چیرۆکەکەمان درێژە و ئازارەکەمان گەورەیە. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ئێمە «عادەتەن» دابەشدەبین بۆ دوو بەشی گەورە، وەک ڕۆشنبیرەکانی ڕووسیا.

بەشێک گەرەکیەتی بەهەر جۆرێک بێت، بگات بە خۆرئاوا و شەرم لە ئایین و کەلەپووری خۆی بکات و بەشێکی تریش بەتەواوەتی ئەوە ڕەتدەکاتەوە و شانازیی بە ئایین و کەلەپووری خۆیەوە دەکات و بووەتە

دەروێشی ئەم شارستانیەتە گەندەڵ و خراپەکارییە... ڕەنگە من لێرەدا شتێکی وەک کاریکاتێر دەربارەی هەردوو هەڵوێستەکە بخەمەڕوو، ئەویش ئەوەیە: ئەی ئاخۆ ناکرێت بڵێین بەشی سێیەمیش هەیە کە لە دوو بەشەکەی تر گەورەترن و بەژمارەیش زیاترن؟. مەبەستم ئەوانەیە کە دەیانەوێت کەسێتیی مێژوویی خۆیان بپارێزن و لە هەمان کاتدا دڵ و عەقڵی خۆیشیان دەکەنەوە بۆ پێشوازییکردن لە هەر هاتوویەکی نوێ.

دۆستۆیڤسکی، باشترین گوزارشتی لەمە کردووە لە وتە بەناوبانگەکەی لەبەردەم پەیکەرەکەی پوشکین (١١)-دا، کە گەورە ئەدیبان و کەسێتییە دیارەکانی ڕوسیا ئامادەبیوون. ئەوە دواوتەی ماڵئاوایی بوو؛ ئەگەر گەیشتبێت!.. تییدا (همزە الوصل) ی نێوان (الکونیە والخصوصیة/ گەردوونی و تایبەتمەندێتی) ڕوونکردەوە. هەروەها لەنێوان لۆکاڵی و جیهانییشدا، بەڕێگەیەکی سەرکەوتوانەیش. ئەوکاتە زانیی کە چۆن ئەڵقە ونبووەکە بدۆزێتەوە، ئەو ئەڵقە ونەی کە هەموان بەدوایدا دەگەڕێن و نایدۆزنەوە.

لەوکاتەدا مەسەلەکەی بە یەکجاری و بۆ تاهەتایی یەکلاکردەوە. ئەو کاتە هەموویانی گریاند، بە خودی تورگینێڤ ـی دوژمنی سەرسەختیشیەوە، ئەوە بوو شاڵاوی بۆ برد بۆئەوەی لەئامێزی بگرێت و ماچی بکات و دانبنێت بە بلیمەتییەکەیدا، ئەو بلیمەتییەی کە بێوێنەیە.

بەڵام پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو پیاوە، لەڕاستییدا هەمیشە وا نەبوو، چونکە پێش ئەمە زۆر شت لەنێوانیاندا ڕوویداوە. ئێستا ئیتر لێرەدا، مادام گەیشتینە ئەم حاڵە، جێی خۆیەتی ئەم پرسیارە بکەین: ئایا پەیوەندییەکانی تورگینێڤ لەگەڵ تۆڵستۆی و دۆستۆیڤسکی، کە لەسەر عەرشی ئەدەبی رووسی دوو ڕکابەر بوون، چۆن بووە؟

لێرەدا ناتوانین وەڵامی پرسیارێکی وا گەورە و فراوان بدەینەوە، بۆیە تەنیا ئاماژەیەک بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دۆستۆیڤسکی-دا دەدەین، کە لەڕاستییدا بەردەوام گۆڕاو و

ناڕوون و ئاڵۆز و پڕ گرێوگۆڵ بووە، چونکە هێندەی ئەوەی کە تۆرگینێڤ کەسێکی ئەرستۆکراتی خۆشگوزەران بوو و هەرگیز نەبوونیی دارایی بەخۆیەوە نەدیوە، بەپێچەوانەوە هێندەی ئەوەیش دۆستۆیڤسکی کەسێکی هەژار و ئازارکێشی باری دەروونی بووە، بەردەوام بەدوای پارووە نانێکدا ڕاکەڕاکی بووە. هێندەی ئەوەیش تۆرگینێڤ سەرسام بووە بە ئەورووپای خۆرئاوا و ویستوویەتی ڕووسیایش بەهەر شێوەیەک بێت پێی بگات، بەپێچەوانەوە، هێندەی ئەوە دۆستۆیڤسکی شانازیی بە سلاڤیەتیی خۆیەوە دەکرد و پابەندی مەزهەبی ئەرسۆدۆکسیی مەسیحییانەی خۆی بووە، بەڵام ئەمەیش بەو مانایە نا کە هیچ سەرسام نەبوویێت بە هەندێک لە دەستکەوتەکانی شارستانییەتی ئەورووپا.

یەکەم دیداری نێوانیان، لەشاری «بادن بادن»ی ئەڵمانیا بووە کە تۆرگینێڤ لە ڤێلایەکی کۆشکئاسای بەرزدا دەژیا. دوای یەکتربینینەکەیان، دۆستۆیڤسکی ئەم نامەیەی بۆ هاوڕێکانی نووسی:

«پێیگوتم کە ئەو کەسێکی تەواو بێباوەڕ/مولحید ە و شانازیشی پێوە دەکات. بەڵام بۆچی مولحید بێت، ئەگەر خودا وێنەیەکی تەواو و نەمری بە مرۆڤ بەخشیبێت و لە بەڕیز مەسیح‌دا بەرجەستە بووبێت؟ ئەی چیمان دەستدەکەوێت لە مولحیدەکانی نموونەی تۆرگینێڤ و هێرزن و ئۆتین و چیرنشڤسکی و ئەوانی تریان؟.. ئەوانە هەموویان لەخۆبایی و خۆبەزلزان و لوتبەرز و خۆپەرستن. چ ئومێدێکیان لێدەکرێت و کێ لە ڕووسیادا دوای ئەمانە دەکەوێت؟. ئەمانە لە خەیاڵپڵاودان. ئەوەی لای تۆرگینێڤ زیاتر بێزارم دەکات، ڕق و کینەیەتی بەرامبەر بە ڕووسیا بەو پاساوەی کە لە ئەورووپا دواکەوتووترە. ئەو لەبەردەم ئەورووپاییەکاندا شەرم لە وڵاتەکەی خۆی دەکات. بە یەک دێڕ پێی گوتم؛ دەبێت شوێن ئەڵمان بکەوین و لەسەرسک بەدوایاندا سکەخشێ بکەین، چونکە تەنیا یەک هێڵ/ خەت بۆ هەموو گەلان هەیە، ئەویش هێڵی شارستانییەتە، شارستانییەتی ئێستایش ئەورووپاییە و هیچی تر.

بۆیە ئەوانەی کە باس لە گرتنەبەری هێڵی ڕەسەنایەتیی ڕووسیا دەکەن، گەمژەن و هیچی تر... هەروەها پێی گوتم؛ کە وتارێکی دووردرێژ دەربارەی کۆیلایەتی و بەندایەتی بۆ ڕەسەنایەتی ڕوسیا و ڕەسەنایەتی سلاڤی دەنووسێت بۆئەوەی خەوش و کەموکورتی و هەڵەکانیان ئاشکرا بکات. ئابەمەیش ئەوەی دەرخست کە بەرامبەر ڕووسیا خائینە و وەک کۆیلەیەکی زەلیل کڕنووش بۆ ئەڵمان دەبات. من هەرگیز تەحەمولی ئەم کابرایە ناکەم».

نامەکەی دۆستۆیڤسکی بەم شێوەیە کۆتاییهات، بەڵام ئاخۆ هەڵوێستی تۆرگینێڤ بەرامبەر ئەم تۆمەتبارکردنە مەترسیدارەی، چی بووبێت؟

ئەویش بە دژەنامەیەکی توندوتیژ وەڵامیداوەتەوە و دەڵێت:

«یەکەم، ناچارم ئەم لێدوانە بدەم: مەعقول نییە لەبەردەم دۆستۆیڤسکی-دا باس لە قەناعەتی دڵسۆزانەی خۆم بەرامبەر ڕووسیا و گەلی ڕووسیا بکەم، ئەمەیش لەبەر هۆکارێکی سادە و ساکار: بەلای منەوە ئەو «واتا دۆستۆیڤسکی» کەسێکە لەڕووی دەروونییەوە نەخۆشە، چونکە بەهۆی باری ناجێگیری سایکۆلۆژییەوە، بەهۆی کەللەڕەقی و پەرکەم و ئەو شتانەیەوە، بەهۆی دۆخی ڕیسوایی گوزەرانییەوە، توانای کۆنترۆڵکردنی عەقڵی خۆیی نەماوە. ئەمەیش تەنیا هەر ڕای من نییە و بەس؛ بەڵکو ڕای زۆر کەسی تریشە. دەبێت ئەوە بزانرێت کە من لە ژیانمدا بەڕێز دۆستۆیڤسکی-م نەدیوە تاقە یەکجار نەبێت، ئەویش ئەو کاتە بوو کە لەماڵەوە سەرێکی لێدام و بۆ ماوەی یەک سەعاتی ڕێک؛ جنێوی بە ئەڵمان و بە منیش دا ئینجا ڕۆیشت. هەموو شتەکە هەر ئەوەندەبوو و منیش هیچ وەڵامێکی نادەمەوە، چونکە وەک پێمگوتن کەسێکی، هەر بەڕاستی، نەخۆشە».

بەمجۆرە، دەبینین کە شەڕی فیکر تەنیا لەنێوان ڕووناکبیرە عەرەبەکاندا نییە، کە هەندێک جار لێژدەبێتەوە بۆ نزمترین ئاست، بەڵکو لەنێوان ڕووناکبیرە ڕووس و فرەنسی و هیتریشدا هەیە. کە هەر وشەی تەمێکردن بەکارناهێنرێت، بەڵکو هەموو جۆرە چەکێکی، ڕەوا و

نـارەوای، تێـدا بەکاردێـت.

ئەوەتـا تۆرگینێـڤ درێغیـی نەکـردووە لـەوەدا کـە ئامـاژە بـۆ گرفتـە دەروونییەکانـی دۆستۆیڤسـکی-یـش ببـات، ئەمەیـش لەپێنـاو ئـەوەی کـە گورزێکـی کوشـندەی لێبـدات. ئاشکرایشـە کـە قسـەوباس لەوکاتـەدا دەربـارەی ئـەم خاڵە زۆر باو و بڵاوبووە، تەنانـەت خەڵکـی تایبەتمەنـدی خـۆی هەبـووە و بـەردەوام دنەیـان داوە.

بـەڵام پێدەچێـت، وتـە بەناوبانگەکـەی فرۆیـد-ی لەبیرچووبێتـەوە، یـان بابلێیـن ئەوەنـدە نەژیـاوە تـا ببیسـتێت: ڕەنگـە هەمـوو گـرێ و ئاڵۆزیـی و کێشـەکانی زەوی لـە «کـەس»ی دۆستۆیڤسـکی-دا بدۆزیتـەوە، بـەڵام ناتوانیـت لەبـەردەم دۆستۆیڤسـکیی نووسـەری بلیمەتـدا هیـچ بکەیـت، تەنیـا یـەک شـت نەبێـت، ئەوەیـش کڕنـۆش و سـەرنەویکردنە!.

**پەراوێزەکان:**

(١) ئارتـەر شـۆپنهاوەر (١٧٨٨-١٨٦٠) فەیلەسـوفی گـەورەی ئەڵمانـی و جیهانـی.

(٢) فریدریـک هیـگڵ (١٧٧٠-١٨٣١) فەیلەسـوفی گـەورەی ئەڵمانـی و جیهانـی.

(٣) ئەرستۆ تالیس (٣٨٤ پ. ز- ٣٢٢ پ. ز) فەیلەسوفی گەورەی یۆنانی و جیهانـی.

(٤) ئەحمـەدی کـوڕی حسـێنی کـوڕی حەسـەن (٩١٥-٩٦٥) شـاعیری گـەورەی عـەرەب.

(٥) فرانسـوا مـاری ئەرۆیـت (١٦٩٤-١٧٧٨) بیرمەنـدی فەرەنسـایی و یەکێـک لـە عەقڵـە مەزنەکانـی سـەردەمی ڕۆشـنگەریی.

(٦) ئەبوعوسـمان عەمـرو کـوڕی بەحـر کـوڕی مەحبـوب (٧٧٦-٨٦٨) شـاعیری نـاوداری سـەردەمی عەباسـی.

(٧) فریدریک نیچە (١٨٤٤-١٩٠٠) فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمانی و جیهانی.

(٨) فیـۆدۆر میخائیلۆڤیـچ دۆستۆیڤسـکی (١٨٢١-١٨٨١) نووسـەری نـاوداری ڕووسـیا و جیهـان.

(٩) کۆنـت لیـۆ تۆڵسـتۆی (١٨٢٨-١٩١٠) نووسـەری نـاوداری ڕووسـیا و جیهـان.

(١٠) ئیڤـان سـێرگیڤیچ تورگینێـڤ (١٨١٨-١٨٨٣) ڕۆماننووسـی نـاوداری ڕووسـیا.

(١١) ئەلێکسـاندەر سێرگێڤیچ پوشکین (١٧٩٩-١٨٣٧) یەکێک لە مەزنترین شاعیرەکانی ڕووسیا.

**تێبینـی:** ئـەم بابەتـە لـەم سـەرچاوەیەوە وەرگیـراوە:

https://aawsat.com/home/article/1597371/%D8%B5%D8%B1%D8%A7%D8%B9%D8%A7%D8%AA-%D8%B5%D8%BA%D9%8A%D8%B1%D8%A9-%D8%A8%D9%8A%D9%86-%D8%B9%D9%85%D8%A7%D9%84%D9%82%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%AF%D8%A8-%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%81%D9%83%D8%B1

هەواڵنامەی کتێب

# سەفەرێکی نەبڕاوەیە ئەم غوربەتە



محەمەد کەساس

وا هەست دەکەم لەسەقەردام و
سەدای دەنگم نابیستریَ
بەئەوینێک مەحکومم تەنیایی لێدەڕژیَ
دڵنیام سەحەریَ سیروانی عومرم
ئەم دەهر جێدێڵیَ و
ئیدی تابی فریادم نامێنیَ و
دیوانی تەرەبم تاراج دەکریَ
ئێستاکە بۆ ئەوەی بمناسن

هەمووتان بچنەسەر
شاباڵی سیمرغ و لەپەنجەرەی وەرزێکی
تاڵەوە ، سەیرم کەن
لەئاوێنە شکاوەکانی تەمەنمەوە
بۆم بڕوانن .. دەبینن
چۆن هەرچوار وەرزەکەی ئەوینم
لێبووەتە پاییزی چاوەڕوانی
بەتەنیا هەرخۆم درەختێ
ئەم چاوەڕوانیەم ئاو دەدەم
بەتەنیا هاتمەبوون
بەتەنیاش تووێشووی ئەم سەفەرە
بێ هوودەیەم لەکۆڵناوە
لەسەحراوە بۆ سەحرا ڕێدەکەم
سەفەرێکی نەبڕاوەیە ئەم غوربەتە
غوربەتێکی بێ کۆتایە ئەم عومرە
سەرابێک چواردەوری تەنیووم
ئەوەندەی ئازارو حەسرەتی عاشقێ
تەنیایی لێدەڕژێ
لەمەراسیمی تەنیایی و سەرابی تەمەنا
بەدەم چڕینی گۆرانی
( پاییزەوگەڵای دار ڕژاوە )
شەست وحەوت مۆمی پاییزیم پێدەکەم
خۆم بۆ خۆم دەچمەوە
سەرابستانی مناڵیم
لەگەڵ گریانی هەر مۆمێکا
هێدی .. هێدی

قەدەریشم بەسەرابی چاوەڕوانی
دەسپێرم و
ئیدی تانوپۆم شەلاڵی حەسرەتێ دەبێ
پایانی بۆ نییە
من ویستم تارەنگم تیاماوە
تادەنگم زایەڵەی دەبیستریێ
لەسەرباڵی ئەستێرەیەک
کون بەکونی خەراباتی
ئەم کەونە
تەی بکەم
بۆ جوانی و ئینسانبوونی
خۆم بگەڕێم
بەئەشکم پەیامی
خەمێکی ئەزەلیی
هەربەدەم مەقامی (سەبا )وە
بۆ عەدەم گۆبکەم
من ویستم بۆ باخچەیەک بگەڕێم
دارسێوی موحیببەتی
تێدابێ و
هیچ مەخلوقێ بەدەم تۆفانی حەزەوە
کوڵمەکانی نەڕنیبێ
من ویستم بۆ بارانێ
بگەڕێم
سەراپای تەمەنم لە غوربەت داماڵێ و
بەعەشقم بسپێرێ
بەڵام ، ئاخ .. سەرابە .. سەراب

هەواڵنامەی کتێب

نزرگەم دەم کەلی ئاوابوونەو
چەترێکیش شک نابەم
خۆمم لەڕێژنەی
زریانی چاوە ئەبڵەقەکان بپارێزم
خۆم بۆ دنیایەک هەڵگرم
بەتەنیا خۆم و خۆت ئەی شیعر
مەخلوق بین لەناویا
تۆ ببیتە نەوڕەسێکی
بزێوی سەر دەریاو
منیش شەپۆلی حەزێکی تامەزرۆ
ئیدی نەتۆ ڕێ دەدەی
خەم وحەسرەت بمکێڵێ و
نە منیش ڕێ دەدەم لەسێوەکانی
فەنابوون بچێژی
وەرە با مەست بین ..
مەست
تانوپۆی یەکتری ڕامووسین
لەڕۆحی یەکدیدا فەنابین
هەتاکو قیامەتی عەشقمان هەڵدەستێ
هەتاکو سەراپای نغرۆبوون پڕدەکەین لە
عەشق
هەتاکو سەحەرێ خوداوەند نووری
خۆی
پێدەکاو هیلالی ئەم خەمە ئەزەلییە
هەنگامەی ئەم عومرە
جێدێڵێ
وەرە با .. مەست بین
مەست
ئەی شیعر ... !! .

**فەرهەنگۆک :**

سەقەر /شوێنێکە لەدۆزەخ .
دەهر / ڕۆژگار /زەمان
تابی فریاد /توانا /هێز
تەرەب /خۆشی /شادی .
تاراج /وێرانکردن /تاڵانکردن .
هەنگامە/کۆڕ /بەزم/مەجلیس .

# ژبەرزەبونێ ڤەگەرە



هەواڵنامەی کتێب

سەلام بالایی

وەرە ژ سەمتا بێدەنگیێ ڤەگەرە
ئەلهو ل بەندا نێچیرا تەنە
هەر روژ خاپاندن یا بویە چیروک
دا بەرێ تە وەرگێرن
ئەزێ هایدارم دەستا ژتە بەرنادەم
ئەی پاسەوانا نهێنییێن روژەڤێ
دێ کاوەرە دا جار دی
بکەڤین رێکا مەولانا رومی



دەستێن من دناڤ دەستێن تەدا
دغەریبن ییَ خو ڤەدکێشن
نە وەک جاران
دبن حەوانگەه
بو ئاڕامیا من..
بو بێدەنگییَ
بو بێ پێژن و ڕەنگی
هەی قەدا ب بێ وەفاو بێ سوزییَ بکەڤیت.
دماندیبونا خودا تو هەناسا من بوی
دگێژەڤانکا ژیانێدا
تو دەرگەهێ
روناهیا من بویی
درێکێن بەرزەدا تو نیڤیگاسیونا من بوی
تو ڕێنیشاندەربوی
ڤێجا وەرە
ل من بپرسە کا ئەز کیمە
ل داویا ژینا خو چەند
ل تە گەریامە
چەند ل بەندا دیتنا تە مامە
دێ کا وەرە
بلا داوی جار بیت
ژدل تە هەمبێز بکەم و..
بچم بێی ل سەر ملێ خو بزڤرم
دا چ جار دێمێ تە
ییَ پوسیدە ئەز نەبینم و..
تێدا نەفکرم.

١٠-٣-٢٠٢٥


# مەخلووقێک لە گەردوونی شەودا



هەواڵنامەی


**ڕێدار سابیر**

ئەم ژوورە تەنهایەم
پڕاوپڕە لە پیاسەی خەیاڵ
لە پەنجەرەی مەراق
لە دیواری حوزن
لە ڕەنگی جوانی ئیشتیاق
ئەم ژوورە تەنهایەم
پڕە لە ڕووناکی ستایش



لە نووری نامە
لە گوڵی نووستوو
لە ڕۆحێکی شەکەت و ماندوو
ئەم ژوورە تەنهایە
لە ڕامانی عارفێکی بێدەنگ دەچێت
کە لە باخچەی بیرکردنەوەیدا
بۆ خاتری یار
هەرهەموو دنیای خۆشدەوێت
بۆ ئازاری هەموو مەخلووقێک دەگریەت
کە هەست بە غەریبی دەکات
لەگەڵ هەموو گەردوون دەدوێت
بارانی خۆشەویستی
بەسەر هەموو دڵێکدا دەبارێنێت
چێژ لە هەموو وشەیەکی جوان دەبینێت
بە بینینی سروشت مەست دەبێت
کە جگە لە ئەو
هیچ کەسێکی تر نایبینێت

# لەبێ تۆییدا
# دروێنەی گەنجێتیم دەکەم



هەواڵنامەی کتێب

بورهان بەرزنجی

١

**وشەیەکی هەراشت تینوێتیم دادەکەنێ**

لە ژێر ئاسمانی عیشقتدا،
جامی خۆشەویستیم لێو ڕێژ دەبێ و،
چۆڕینی تەمەنم دەبینم.
وەک گوڵەبەڕۆژە، بەدەم گریانمەوە، ناوت دەقرتێنم.
بەنازداریت خۆم دەشۆم و

کاغەزە ڕوو سپییەکانی خەندەت ماچ
دەکەم،
چەپڵە بۆ ئەو شنەبایە لێدەدەم...
لەلای تۆوە دێت.
یەک دوو قەترە .. لە شووشەی
خۆشەویستیتەوە، ماچی بۆ هێناوم.
وشەیەکی هەراشت.. تینوێتیم
دادەکەنێ و،
چۆلەکەکانی تەماشات لەبەرمدەکەن.
ئەو چەکوشانە نادوێنم...
لەسەر ڕێی هەناسەت .. بزمارەکانیان
دادەنیشن.
بەیانیان ماستی سەر خوانت گاڵ
دەدەن،
قسەی هاتنەوەتم بۆ نەگێڕێتەوە.
لەبێ تۆییدا .. دروێنەی گەنجێتیم
دەکەم.
داس دەخەمە گەردنی دووریيت و
کانی دیدارت بتەقێ.. هەڵدەپەڕم.
خەندەیەکت بێتە میوانیم .. باڵدەگرم.
شووشە عەترەکانی هەناسەم تۆ
ببینن،
چاوەکانم پڕ دەبن لە ناز .
تۆم لەبەردابێ .. مێشکم.. دەبێ
بەگۆرانیبێژ.!

## ٢
## مەڕۆرەوە ئاوی کانیم.. مەڕۆرەوە

هەر لێرەبە
زبانی دڕکی دراوسێ شیرین نین وەک،
زبانی گوڵە چاوبەکلەکانی بەرماڵتان،
تەوقەی دەستی درەختەکان گەرم نین
وەک،
تەوقەی دەستی شۆستەکانی دەوری
ماڵتان،
هەر لێرەبە...
مەڕۆرەوە ئاوی کانیم.. مەڕۆرەوە،
لەوێ جۆگەلەکان باڵای عیشقیان زۆر
کورتە و
گۆرانی بۆ کچ ناچڕن.
لەوێ بەرگدروو کاڵای لەبیرچوون
دەدروون.
لەوێ چۆلەکەی هۆنراوەی ( بورهان
بەرزنجی ) نابنە...
میوانی بەر هەیوان و،
ئاوازەکانی گەردنت.
هەر لێرەبە.. ئاوی حەسرەتی دەماوت
دەخۆمەوە.
هەر لێرەبە.. نینۆکی پەنجەی شەوانی
سارد و سڕت بۆ دەکەم و
بە دەنووکی باڵندەی جوانی ئاوازم،

لەشووشەی پەنجەرەی..  باڵای بەرزی
دڵت دەدەم.
هەر لێرەبە،
تۆ درەختبە..  من گەڵای چاوەکانت بۆ
دەڕێژم.
تۆ سەرینبە.. لەتەکتەوە  شیعرەکانم
دادەنیشن،
لەسەر قۆڵی خەندەکانت،
چاوی ئەوینمان دەکێشم،
بۆت دەنووسم...
تۆ لێرەبە..  هەر لێرەبە.!

٣
**جێتناهێڵم**
**گورگان کراست بدڕن  زولەیخام**

باڵای  عیشقت
وەکو باڵای هەوران بەرزە، زولەیخام.
وەک کاکڵە گوێز،
هەزار دڵڕەق دەوری داوی و،
قۆڵی  عیشقت...
هەر بۆ دڵی من ڕادەخەیت، زولەیخام.
تۆ کراسی بەختم لەدواوە نادڕی..
دڵنیام،
منیش لەدەستی ڕۆژگاران ڕاناکەم و
جێتناهێڵم ...

گورگان کراست بدڕن، زولەیخام.
بۆنی خۆشەویستیت.. لەدوورەوە
بەسەرمابێ،
چاوی بەختم دەکرێتەوە، زولەیخام.
ژنان دەستی خۆیان بڕی بۆ یووسفێک،
هەزارەها یووسفی ناو دڵ و جەرگم
.. دەستی خۆیان  دەبڕن  بۆت،
زولەیخام.!




هەواڵنامەی کتێب

# قامەتی شیعر



شەنگە هاوار کاکەیی

باڵای شیعر هێندە بەرزە
لە ئاستیدا حەزمکرد
ببم بەناونیشان
حەزمکرد دێری مەغبوونیەتم
هەڵدێرێ بەرەو ئاسمان
حەزمدەکرد پەیکەرێک بوایەم
بێهەست و نەست بێسۆز



ڕامالێنراو لە ویژدان
بەڵام!
تەیمی غەزەلی قەسیدەم
خۆی گرێداو ڕایکێشام بۆ ئاشنایی
بوون بە خاکی جاویدان
لە خودا دەپاڕێمەوە باڵی
پەپوولەییم نەشکێتەوە
بەدرەوشاوەیی بمێنێتەوە
لە ئاسمانی ڕەنگاو ڕەنگی
سیحراویی بێناونیشان
لە سایەی هەوری تەماویی
خەمدا جەستەم ساردی
و سڕی نە نۆێنی بەڕاچەنینی ژان
ئاواتە خوازبووم
ئاواتە خواز بووم
وەکو بت بێهەناو بێئەرزش
بێباک بوایەم لە هەژان
کەچی ! فیغانی شیعریم
پەلکێشی کردم بۆ نێو دونیای پەنهان

هەواڵنامەی کوێر

# گردە قالۆنچە



زێنەب یووسفی

هەموو کاتێ هەرکە هەنگاوم دەنایە سەر یەکەمین پلەی پلیکانەکە و دەمهەویست بەرەو حەوش ببمەوە دایکم هاواریدەکرد ــ کچێ لە بیرت نەچێت گسک و خاکەنازەکە لەگەڵ خۆت بێنی دەبێ خێرا کەین و ئەو قالۆنچە مردووانە کۆ کەینەوە،ئێستاکە باوکت دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ

دراوسێیەکانمان دەیانگوت: ئێمەش نەمانبینیوە بەس بیستوومانە کە پێشتر لە جیاتی ئەو خانووەی ئێوە زەوینێکی تەڕ و بۆگەن بووە وچ قالۆنچە لەم شارە بووە لەم زەوینەوە هەڵهاتووە ،تا ئەوڕادەیە کە هێدی هێدی

گردێک لە قالۆنچە لێرە پێکهاتووە و بۆتە هۆی پیسیی و نیگەرانی بۆ خانووەکانی دەوروبەری .کەسیش نەیتوانی بۆ لەناو بردنیان کارێک بکات و قسەکە گەیشتۆتە گوێی بەرپرسان و حکوومەتیش چ هەوڵیداوە گردە قالۆنچە لەناو نەچووە....چییان دەکوشت سەد ئەوەندەیتر زیادیان دەکردەوە ...تەنانەت جوولەکە دەرمانفرۆشەکانی بازاڕیش هاتنە هانای حکوومەت و بە ژارێکی تایبەت ویستییان گردی قالۆنچە لە ناو ببەن بەس سوودی نەبووە.. تاکو ڕۆژێک کابرایەکی هەندەرانی هاتووەو بۆ چەندین ڕۆژ ئاوری لە گردە قالۆنچە بەرداوە و لە کۆتاییدا قالۆنچە و مالۆنچە لە ناو چوونە.......بەم بۆنەوە ئەم گەڕەکە نێوی بە گردە قالۆنچە دەرچووە.

دراوسێیەکان دەیانگوت پاش ئەو ئاورە توخنی قالۆنچە بڕایەوە و ئیدی کەس قالۆنچەی بە چاو نەدییەوە.

هەرکە دایکم ئەو چیرۆکەی بیست لە سەر خۆ چوو و ماوەی چەندین خولەکی خایاند تاکو هاتەوە سەر خۆی،بەس لە گەڕانەوە بۆ ماڵ بەدزی هەموومانەوە خۆی کردە هێشخانە تاریکەکە و دەرگای بەڕووی خۆیدا داخست.

پاش چەند ڕۆژ بۆ هێنانی پەتاتە ڕۆیشتمە هێشخانە تاریکەکەمان ناکاو چاوم کەوتە نەخشێکی سەیر بە سەر شوورای هێشخانەکەوە. وێنەی قالۆنچەیەکی سەیر و سەمەرە بەسەر شووراکە نەخشێندرابوو.دیار بوو کە ئەوە کاری دایکم بووە چونکە پاش بیستنی چیرۆکی گردە قالۆنچە ڕۆژانە بۆ چارەکە سەعاتێک ئیلا نیو سەعاتیش دەچووە هێشخان و خۆی لێم وندەکرد .

دایکم هێدی هێدی دەستی کردە قسە کردن لە گەڵ قالۆنچەی سەر شووراکە ،ئیدی دەرقەیدی داخستنی دەرگای هێشخانیش نەدەهات و تەنانەت بە دەنگی بەرزیش قسەی لە گەڵ ئەو نەقاشیە دەکرد، بەردەوام وای هەست

دەکرد قالۆنچەیەک لە ژێر لێفەکە،یان قابلەمەکە یان لە جانتاکەیدایە.چیم هەوڵدا دایکم ئیتر لە قالۆنچە خەیاڵییەکان ڕزگار نەبوو.

دایکم هەموو ڕۆژێک من ناچار دەکات بچمە حەوشەکەمان و گسک و خاکەنازەکەی بۆ ببەم تاکو قالۆنچە خەیاڵییە مردووەکان کۆ بکاتەوە و لە چاوەڕوانی باوکمدا کە ساڵگارێکە لەم دونیایە نەماوە لە بەر دەرگا ڕاوەستێت تاکو قالۆنچە خەیاڵییەکانی پیشان بدات و جنێوی پێ بدات و کفری پێ بکات کە بۆچی ئەو خانووە پڕ لە قالۆنچەیەی کڕیوە.

پاشان کە لە هاتنی باوکم ناهومێد ئەبێت خێرا چێشتی مریشک و باینجانە سوورە لێدەنێت و هەمدیسان لە چاوەڕوانی باوکمدا بۆ کاتژمێرەکە دەڕوانێت .ئەمە کاری هەموو ڕۆژێکی دایکم بوو، لە پاش بیستنی چیرۆکی گردە قالۆنچە لە زاری دراوسێیەکانماندا.

هەڵبەت خودی من هیچکات لەوماڵەمان تەنانەت چاوم بە یەک قالۆنچەش نەکەوت تا ئەو ڕۆژەی کە دایکم ونبوو. لە دووی دایکمدا ماڵی خزم و دراوسێ و بێگانە و ئاشنا گەڕام بەس دایکم نەبوو.دەتگوت نووقم هەڵگەڕاوە دایکم. لە کۆتاییدا ،دەمەو ئێواران هیلاک و ماندوو گەڕامەوە بۆ ماڵ. چەند خولەک لەسەر پلیکانەکە دانیشتم ،لە خۆم تێفکریم . بیرم بۆ هەزار شوێن چوو کە ناکاو خشە خشێک بەرگوێم کەوت.بەرەو هێشخانە تاریکەکە هەڵاتم ،گڵۆپەکەم هەڵکرد. دایکم سارد و سڕ لە سەر زەوینەکەدا کەوتبوو و قالۆنچەیەکی زەبەلاحیش خەریکبوو خۆی لەسەر شووراکە هەڵکەنێت و بەرەو دایکم ببێتەوە.....تەرمی دایکم لە سەر زەوینەکە زۆرتر لە سێبەرێک دەکات،سێبەرێکی لاواز و سارد..چرکە بە چرکە سێبەری دایکم لە پێش نیگامەوە بێڕەنگ و نادیارتر دەبێتەوە.... بەس قالۆنچەکە زلتر و زلتر هەوڵدەدات بە تەقە تەق و گرم و هۆڕ و تەقەلایەکی زۆرەوە خۆی لە شووراکە ڕزگار بکات و دابپەڕێتە سەر سێبەری دایکم!

# گوڵەبەڕۆژە لەنێو دەریایەکی سەوزدا، دەریا لە نێو گۆمێکی خوێنیندا



هەواڵنامەی کتێب

**دابان عەتار**

گوتم: ژیانمان خەریکە دەسوێ، خەریکە ملیۆنان جار هەمان هۆڕین و تڕافیک و ماشێن و قیڕ و دووکەڵ لە خۆمان دەخنین. خەندەیەکت کرد و گوتت: سەوز پێ بوو بڕۆ. گوتم: سەوزی چاوانت دەمڕوێنێ. بەسەری پەنجەت لە شانمت دا و بە نازەوە گوتت: چیت لێمدەوێ؟ گوتم: وەرە لەگەڵمدا... گوتت: بۆ کوێ بێم؟ گوتم: تۆ تەنیا متمانە بە دزەکەی خۆت بکە و هیچی تر. لەبەر پێکەنین کۆخەت لێپژا، بانگم دەکردی و هەوڵم دەدا بە پەلە لادەمە لایەکی شەقامەکەوە. لە ناوەڕاستی تڕافیکەکەدا ڕامگرت. دەنگی هۆڕین کاسی کردین! چی بکەم؟ لێگەڕێم کۆخە ئازارت بدا؟ بەزۆر

پێکەنینەکەت جڵەو کرد و هاوارتکرد: ئەوە چی دەکەی؟ شێتە! گوتم: لەپێناو تۆدا شێتم. گوتت: کورە حەیامان چوو، بڕۆ...

باران دایکرد و من لەلایەکی شەقامەکەوە ڕامگرت. شێتم؟ گوتت: ئەدی کەست دیوە لەگەڵ دزەکەی خۆیدا بڕوات؟ گوتم: هەمیشە ئەو دزراوانەی دزەکەی خۆیان خۆشویستووە لەگەڵیاندا ڕایانکردووە. بارانێکی نەرم لەسەر جامی ترومبێلەکەمان کڵاوەی دەکرد. هەناسەمان لە فەزای ناوەوە تێکەڵ دەبوو، تەمێکی سپی لەسەر جامەکە دروستدەکرد و وێنەکانی دەرەوە لێڵ دەبوون. بەپەنجەم ئاماژەم بۆ کرد و گوتم: ئەها هەناسەمان چۆن دەرەوەی لێڵ کردووە؟ گوتت: ئەوە چیتە؟ ئەو ماوەیە بۆ ئاوات لێهاتووە؟ بە پەنجەی دۆشاومژەم دڵێکم لەسەر جامەکە دروستکرد و گوتم: دڵم بچووکترە لەوەی جێی ئەو هەموو عیشقەی ببێتەوە.

گوتت: لێخوڕە دوا دەکەوین! لە خۆڕەوەکە دابەزیم و فەرمووم لێکردیت. گوتت سەرکەوە با دوانەکەوین. سووڕامەوە و دەرگاکەم بۆ کردیتەوە و کەمێک نووشتامەوە، دەستم ڕاگرت و گوتم: ئامادەی ڕۆژێک لەبەر یەکتر نەچینە هیچ شوێنێکی دیاریکراو؟ سەری پەنجەکانت خستە نێو دەستم و گوتت: هەمیشە لەبەر تۆ. گوتم: فەرموو بۆ پیاسەیەکی نەمریی ژێر بارانی بەهاران! حەوت ڕەنگ لە سەرووی ماشێنەکەوە لاربوونەوە و تیشکێکی لاوازی خۆرەکە لەو دیوی هەورەکەوە پەخش بوو. بارانەکە وردەوردە هێواشتر دەباری. ئەو کاتە بوو داوام لێکردیت لەگەڵمدا ڕاکەیت! گوتت هەتا بنی دونیاش تەنانەت تا قولەی قافیش لەگەڵتدا دێم. حەوت ڕەنگ لە بنی دونیاوە تا ئەوپەڕی چەمابووە لەنێو چاوانتدا دەبریسکانەوە. چاو هەڵێنم لە تەنیشتمەوە نەبیت؟ چاو هەڵێنم خۆت نەبیت؟ چاوهەڵێنم و وێنەت شێوابێت؟ چۆن جوانییەکەت مۆمیا بکەم؟

لێم نزیکبووەوە، دوو چاوی دەرپلۆقیوی هەبوو، سپیاییەکی کەمی هەبوو، پێشترێ مرۆڤێکم نەدیبوو ڕەشێنەی چاوی هێندە گەورە بێت. شوێنەواری برینێکی کۆن لە ژێر چاوی چەپی بوو، کەمێک کشامەوە دواوە. دەرگای

قەفەسەکەیان بۆ کردەوە و منیان دەرهێنا، دەستی بەسەرمدا هێنا، سەری لێم نزیک کردەوە، برۆ ڕەش و پڕ و لێک نزیکەکانی جووتکرد، چەند لۆچێک کەوتە نێوچەوانییەوە و گوتی: همم پێدەچێ باش بێت. لێکدا لێکدا قسەی دەکرد و دەستی ڕادەوەشاند: ئەوەندە بەسەبەس. ئێ دە وەڵاهی زیاترت نادەمێ. کاکە ئەوەش بگرە و تەواو، یەک دیناری ترت نادەمێ... منیان خستەوە نێو قەفەسەکە و پەڕۆیەکی ڕەشیان بەسەرمدا دا و بەتەواوی پێش چاوم تاریک داهات.

دە شتێک بڵێ، وەڵاهی عاشقتم، ئەدی ئەتو؟ عاشقی؟ دە بۆ؟ بۆ وەڵامم نادەیەوە! لێم ڕەنجاویت؟ دە نیگایەکم بکە! وەڵاهی شێت دەبم شێت! ئەدی ئەوە شێتی نییە؟ هەموو ڕۆژێک لە کۆڵم دەکردیت و دەمهێنایتە سەر ئەو گردە، ئەدی سەرتم نەدەخستە سەر شانی خۆم؟ پرچی خاوت بەسەر شانمدا پەرش نەدەبوو؟ ئەی قسەت بۆ نەدەکردم؟ ڕاستە ئێستا پەلەپەلم پێوە دیارە. کاتێک شنەبایەک یاری بە تاڵە پرچەکانت دەکرد و زەردەی ئاوابوون لە سەر ڕووخسارت دەدرەوشایەوە ئارام ئارام دەبوومەوە و بەهێواشی بۆت دەدوام... ئێستا جیاوازە جیاواز! دەمەوێت یەک ڕستەم پێ بڵێیت، بۆ نمونە؛ خۆشمدەوێی! یەک وشەیە و ڕستەکەش تەواودەکات و دڵی منیش ئاوەدان دەکاتەوە. ئەدی وا نییە؟ دە وەڵامم بدەوە، هەی... نانا هەڵەی وا ناکەم هەی نازەنینم! هەی ئازیزی دڵی بێقەرارم. بیرت دەکەم، بیری نازی وشەکانت دەکەم و هەڵیاندەگرم. بۆنی ڕەیحانت لێدێ، من بەوە دڵم داناکەوێت و بۆنی پێستتم گەرەکە.

هەر لەسەرەتاوە ئەو نەخشەیەم هەبوو، نەمدەتوانی بەرگەی ئەوە بگرم. ئەو لۆچەی کەوتبووە ژێر چاوتەوە وێنەکەتی دەشێواند. دەزانم تۆ پێتوابوو جوانی لە ناخی مرۆڤەکاندا خۆی شاردۆتەوە. باوەڕم بەخۆم هێنابوو، ئەوە باوەڕی تۆیە. کاتێک سەیرت دەکردم و دەتگوت: شتێک لە ناوەوەی تۆدا هەیە لە هیچ کەسێکی تردا نییە، منیش جوانییەکم لە ڕووخساری تۆدا دیبوو هەر وا بوو. تەماشای ئاوێنەم دەکرد و دڵنیا دەبوومەوە کە عاشقی ئەو ڕووخسارە

دزێوەم نیت، کاتێک لە باوەشم دەگرتیت لەوەش دڵنیادەبوومەوە عاشقی قەد و باڵای گزگلەپووتێکی ئاواش نابیت. ڕاڕابووم، دڵنیا نەبووم لەوەی هەر بەڕاستی جوانییەکی وات لە ناوەوەی مندا دیوە یان دڵی خۆت بەوە داوەتەوە و ئەسڵەن جوانییەک لە ئارادا نییە. بۆت بوومە شاعیر، بوومە گەشتیاری نێو کتێبان، بە دوای شیعر و وشە و وەسفەکانەوە تا بتوانم ستایشت بکەم و بەردەوام شتانێکم هەبێت لە ستایشی جوانیتەوە. دەتگوت: ناخت جوانە! دەمگوت: ڕووخسارت جوانە!

دەتگوت: وشەکانت باڵان! دەمگوت: مات و حەیرانم کە عەرعەر کەی هەناری گرتووە! (١) خەندەت دەپشکوت شەبیهی؛ خونچە دڵبوونم لە حەسرەت لێوی تۆیە خونچە دەم. (٢) دەمویست باوەڕ بە عیشقت بکەم، ئاوێنەی جادووگەری تەلیسم شکێن تەلیسمی باوەڕمی دەشکاند و منی هەڵدەدایە بەر ڕەشەبای بێهومێدییەوە. مردن بۆ ئاوێنەی ڕووشکێن و قسەڕەق! لەوانەیە بۆ تۆ بەپێچەوانەوە بووبێت. تۆ خودا پێداویت، خواپێداو! دەبووایە دڵنیابمەوە لەوەی کە تۆم بۆ هەمیشە دەبێت. دەبوو دڵنیابمەوە لەوەی بۆ هەمیشە جوانییەکەت لە بەردەستی خۆم دەبێت. دەبووایە هەڵتنێم و بەڵێنی سەرزەمینێکی خەیاڵی و ژیانێکی خەیاڵیت پێ بدەم.

ئەوەی لەسەری مندا دەگوزەرا جیاواز بوو لەوەی لە نێو ترومبێلەکەمان دەگوزەرا. دەستم لەسەر گێڕەکە بوو کە دەستت لەسەری دانا، سەرم سوڕاند، نیگایەکت تێگرتم و توامەوە. بەخوای توامەوە، بەڵام پەشیمان نەبوومەوە. لەپێناوی عیشقەکەمان ئەو نەخشەیەم داڕشت بوو. لەمێژ بوو ئەو نەخشەیە لە سەری مندا گەڵاڵە ببوو، ڕێک لەو کاتەوەی لۆچێکم لە ژێر چاوت بینی و ترسام، وەڵاهی ترسام وێنەکەم لێ بشێوێت. تۆیش کەمێک ساردبوویت لەگەڵم. کە قسەت بۆ دەکردم و تەماشای دوورت دەکرد و خۆت لە سەرنجەکانم دەدزیەوە ڕاڕای کردم و گەیاندمەیە ڕێی و ئەو نەخشەیەی پێشاندام.

لەو تاریکییە بێکۆتاییەدا خەو بردبوومییەوە کە دەنگێکی بەرز و ناڕێک

بەئاگای هێنام و ڕاچڵەکیم! سوپرایزززز! لەگەڵ ئەو وشەیەدا پەڕۆکە لاچوو. شەوقی ڕووناکییەکی بەهێز چاوانمیان کزاندەوە. خۆم گرمۆڵە کرد و ئامادەی بەرگری بووم. دەستێکی نیان مووەکانمیان نەوازشکرد و دەنگێکی دڵڕفێن بە نەرمییەکی دڵبزوێنەوە گوتی: گیاان! ئەزیزم ئەوە چییە! دەنگە دزێوەکەی یەکەمجار بوو گوتی: پێشکەشت بێت! دەستی لەسەرم هەڵگرتوو بە سووکەڵەیی هەڵبەزییەوە و لەباوەشی کرد.

ماوەیەک سەری لەسەر سینگی دانابوو، ئەویش سەری بۆ ئاسمان بەرزکردبووەوە و بە پەنجە ئەستوور و دزێوەکانی قژی نەوازشدەکرد. سەری ماچ کرد، دواتر لێوی و دواتر لەباوەشی کرد، دواتر هەر بەباوەش تا سەر قەنەفەکەی برد. هاتەوە لای من و لە باوەشی کردم، بۆنێکی تیژی لێدەهات. منی برد و داممییە دەستی، بە دیارمانەوە دانیشت و بەئارامی لێمان ڕاما. پەنجە نیانەکان لەنێو مووەکانی پشتەملمدا دەجووڵان و ئارامیان دەکردمەوە. بەیانیان هەر کە چاوم دەکردەوە دەمبینی لەلای مەخسەلەکەوە خەریکی شۆردنی قاپ و قاچاخە، سڵاوێکم لێی دەکرد و دەچووم خۆم لە قاچی هەڵدەسووی، ئەویش لێم تێدەگەیشت و جامیلکەیەکی بۆ پڕ لە خۆراکی بەتام دەکردم، لەگەڵ جامیلکە شیرێک. بەلەزەتەوە دەمخواردن، دواتر خۆم هەڵدەدایە سەر قەنەفەکە لەسەر کۆشیدا خۆم گرمۆڵە دەکرد، ئەویش بە پەنجەکانی مووەکانمی نەوازش دەکرد. لێوی لە نێو پشتەسەرمدا نقوم دەکرد و ماچی دەکردم. خۆشی دەویستم و خۆشمدەویست.

دە بڕوام پێ بکە، بەخوای دەبوو شتێک بکەم. یەک ڕۆژ پێش ڕۆژی بەڵێن بوو، مەلەمان دەکرد. وەک پەری بەهەشتێ وابوویت، من لە لێواری ڕووبارەکە پاڵم دابووەوە و تەماشام دەکردیت، شیعرم بۆ دەناردیت ، تۆیش وەک پەرییەکی بەفرین لەنێو ئاوێکەوە دەدرەوشایتەوە و دەتریقایتەوە! وای خودای خۆم! ئەگەر ئەوە بەهەشتی بەڵێندراوی من نەبوو، ئەی چی بوو؟ هەو نەبوو نا، ئەگەر هەو بووایە من بۆ بەمڕۆژە نە دەگەیشتم! خۆم بۆ نەگیرا و بانگم کردیت ئازیزم. بنئاویەکت لێدا. لە ژێر شەپۆلە نەرمەکانەوە

هەواڵنامەی کتێب

پرچە زێڕینەکەتم بینی بەسەر پێستی بەفرینت لەگەڵ شەپۆلەکەدا سەمای دەکرد. گڕ بوو گڕ بۆ دڵی بێ ئۆقرەی من! باوەشم گرتەوە و تۆیش بە لەنجەو لار لە ئاوەکە هاتیتە دەرەوە، وەکو گوڵێک خوناو لە جەستەت دەتکا و بۆنوبەرامت هەوەسی دەجوڵاندم. لەوانەیە ئەگەر پێت نەخزیبا هەرگیز نەمتوانیبا نەخشەکەم جێبەجێ بکەم و بۆ هەمیشە لەو دەم ئاوەدا وەکو دوو مەعشوق بژیابایین. من چی بکەم لەکاتێکدا شوختێکی تریش لەجوانییەکەت بوو؟ لێگەڕا بووایەم جوانبیەکەت بشێوێت؟ برینێکی قوڵ کەوتە ژێر چەنە قنجەکەتەوە.

ئەرێ هەر بەڕاستی لێگەڕابام و لەپێناو نەمرییتدا لەسەر ڕووەکی نەمریی نەمخوێندباوە؟ نەخشەکەی من هەر ئەوە بوو; لێنەگەڕێم ماری کات و ڕووداوەکان نەمرییت بشێوێنن. لە پێناو جوانییەکەت جەنگام و ژیام.کوشتەی جوانیتم، ئەوە گوناحە؟ منیش گوناح بووم و بەرگەی ئەو هەموو وەسوەسەیەی ناوەوەم نەدەگرت. ئەرێ بەڵێنەکەی خۆم نەبردە سەر؟ ئەرێ ئەو دوازدە ڕۆژە نەمبردیتە بەهەشت؟ من دوازدە ڕۆژی بەهەشتم بوو، دواتر ڕێگەی دۆزەخم بە تەنیا بڕی. گوتت ئەو سندوقە شووشەییە چییە؟ گوتم حەوزی ماسییە؟ چیم بگوتبایە؟ تۆیش جوانترین ماسی منیت و لە حەوزی دڵمدا شەپۆلەکان دەژەنیت و دەلاوێنیت.

هەموو شتێک ئامادە بوو، جگە لە جورئەتی دەست هەڵگرتن لەو دیمەنە جوانانەی ڕۆژانە و شەوانە پێمت دەبەخشی، هەرچەندی دەمکرد نەمدەتوانی دەست لە خەندەت هەڵگرم، ئەو شوختە جورئەتی پێبەخشیم. ئەرێ ژەهرم بۆت خستە نێو پەرداخە شەربەتەکەتەوە یان هاڕاوەی نەمریی؟

خش خش خش وەڕسبوومە لەو خشە خشەی لە هەموو خۆرئاوابوونێکدا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام چارەیەکی ترم نییە، بۆ بینینەوەی پێویستە خۆم لەگەڵ ئەو خشە خشە ڕابێنم. ڕەشەبایەکی گەرم بەرەو ڕووم دەبێتە و من بەردەوام دەبم لە هەڵگەڕانم بەسەر گردەکەدا، ئەویش لە پێشمەوە سندوقێکی ڕەش ڕادەکێشێت. جارجار بە هەردوو دەستی بە تووندی گوریسەکە دەگرێت

و بە خێرایی ڕووی خۆی دەسووڕێنێت، دواتر توونـد دەستی خۆی بۆ پشتەوە ڕادەکێشێت تا گوریسەکە شەتەک بدات. برۆ پڕەکەی لێک نزیکدەکاتەوە و تەماشام دەکات. خۆم مەڵاس دەدەم و ئامادە دەبم، ئەو بەخێرایی و پچڕپچڕ هەناسە هەڵدەکێشێت، فرمێسک لە چاوانی قەتیسبووە، دەیەوێت شتێک بڵێت، وشەکان لە نێو دەمیدا تێکەڵدەبن، دواتر بە هەنسکێکی خنکاو کۆتایی دێت و بەبێدەنگی گوریسەکەی بە شانیدا دەدا و بەردەوام دەبێت لە ڕاکێشان.

کلکی منیش بەدوامدا دەخشێت و بەر گەڵا وەریوەکان دەکەوێت، لە بەردەڵانەکاندا هەڵدەبەزێتەوە... لەسەر گردەکە دەوەستێت، دەستی بە چۆکەکانییەوە دەگرێت و دەچەمێتەوە، گوێم لە دەنگی هەناسەیەتی کە لێکدا لێکدا هەڵیدەمژێت و دەیداتەوە. منیش لە دوورەوە هەڵدەکورمێم و خۆم بۆ ئەو دیمەنە ئامادەدەکەم کە هەموو هێوارەیەک پاتەدەبێتەوە. بە پشتی دەستی ئارەقەی نێوچەوانی دەسڕێتەوە، بایەکی ساردی ویشک بەناو مووەکانمدا دەڕوات و لەوسەرەوە یاری بە گەڵایەکی وەریو دەکات. لەسەر بەردێک دادەنیشێت و لە سندوقەکە ڕادەمێنێت، ماوەیەک بەمۆلەقی دەمێنیتەوە و دواتر سەرچەفە ڕەشەکە لادەدات. لەناو سندوقە ئاوەکە ڕاکشاوە و پرچی لەگەڵ جووڵەی ئاوەکە شەپۆل دەدات ئەو پەنجانەی هەمیشە سەری منیان نەوازش دەکرد لەنێو ئاوەکەدا ئاوەڵابوون و گەڵایەکی ڕەیحان لە نێوان دوو پەنجەیدا گیربیبوو. سەرەتا بە دەنگی نزم دواتر بەرەبەرە دەنگی بەرزدەبووەوە و ئەم قسانەی بەرانبەر سندوقەکە دەکرد، هەروەکوو ئەوەی بۆ ئازیزی ڕاکشاوی ناو سندوقەکەی بکات، ئازیزی من و هی ویش: دە یەک وشە بڵێ و من ئەسیر بکە هەتا هەتا! دە دەی دە دەی، دە دەی ئەی ئەزیزی دڵی من ئەی ئەزیزترینی دونیا.

بەفرگرەکەت کردەوە، هەڵمێکی سپی هروژمی هێنا و قژت لە نێو تەمدا شەپۆلی دەدا. ئاوڕت لێمدایەوە، لە نێو چاوتدا گوڵەبەڕۆژەیەک لە نێو دەریایەکی سەوزدا بریقەیەکی کاڵی پەخشدەکرد و تێکەڵ بە سەوزاییەکە دەبوو، سەوزاییەکە تێکەڵی دەشتێکی پان و بەرینی بەفرینی سپی دەبوو،

نازانم دروستترە بڵێم گۆمێکی شیری یان دەشتی بەفرین! بیری ئەو دیمەنە دەکەم و هەوڵدەدەم بە پەنجەکانم پێڵوی چاوانت هەڵدەمەوە و سەیری گوڵەبەڕۆژەی نێو سەوزەڵان و سەوزەڵانی ناو سپییایی بکەم، بەڵام گەڵاکانی کاڵ کاڵ بوونەتەوە و وردە ملوولەی سووری بچووک تۆڕێکیان لە نێو دەریا سەوزەکەدا دروستکردووە و لەجێی ئەوەی بە دەشتێکی بەفرینی سپی کۆتاییان بێت بە گۆمێکی سوور دەورە دراوە. پێڵووەکانت دادەخەمەوە. جامە بەفرەکەم لێوەرگرتیت و نێوچەوانتم ماچ کرد، ئیستاکەش نێوچەوانت ماچ دەکەم، ئەوکات گەرم گەرم لێومی نەوازشدەکرد و ئێستاش ساردوسڕ لێومی گەڕاندە دواوە.

بە چاو ئیشارەتێکم بۆ کردیت و خەریکی دروستکردنی شەربەتی نەمرییت بووم. کەمێک لەو تۆزە سپییەم کردە نێوی و تێکمدا. دوو ماددەم تێکەڵ کردبوو، یەکیان ئەنزیمی ئەسیتایڵ کۆلین ئیستەرێس (٣) قوفڵ دەکات و لێناگەڕێ دەمارە ڕاگەیاندەکان پەیامەکان لە نێوان ماسوولکەکاندا بگوازنەوە، دووەم ماددە کەناڵی سۆدیۆم قوفڵ (٤) دەکات و ئەمەش ڕێگری دەکات لە چالاکی گەیاندنی بارگەکان لە نێوان دەمارە ڕاگەیاندنەکاندا و لە ماوەیەکی کەمدا پێوەندی نێوان عەقڵ و جەستە ناهێڵێت. بە خەندەوە فەرمووی لێ دەکەم. بە خەندەوە لێموەردەگرێت. من دەزانم پاش چەند خوولەکی تر پێوەندی نێوان جەستەی و دەماغی و ماسولکەکانی و دەماری دەپچڕێت و لە ناکاوێک بۆ هەمیشە دەکوژێتەوە.

شەربەتەکە فڕ دەکات و بە نازێکەوە دەپرسێت: خۆشتدەوێم؟ هەر بەڕاستی زۆرم خۆشدەویست و دەوێت. دەترسام لە نەمریی ئەو خۆشەویستییەمان، دڵنیابووم لە خۆشەویستییەکەی خۆم، بەتەواوی لە هی ئەو دڵنیانەبووم، دەبوو لەوە دڵنیابمەوە. ئەوم کوژاندەوە و خۆم تەرخانکرد بۆ نەمرکردنی ئەو و عیشقەکەشی. نیگایەکی کردم، چاوانی کەوتبوون و هیلاکی پێوە دیاربوو لە ژێرلێوەوە گوتی: ئای چەندم خۆشدەوێی! هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی و بەلادا هات. دەبووایە زوو دەستپێبکەم، تاکوو جەستەی تێکنەچووە، بەڵام

ئەو دێڕەی کۆتایی منی خستە نێو خەیاڵێکی قوڵەوە، لەوانەیە شەو و ڕۆژێک، لەوەیە دوو شەو و ڕۆژ، لەوانەیە کەمتر یان زیاتر، من چووزانم چەند بوو لەجێی خۆم چەقی بووم و تەماشام دەکرد. کاتێک بەلادا هاتم. بەئاگاهاتم، دەستم لە سکی خشاند ڕەق ڕەق ببوو. نەدەبوو بهێڵم بگاتە ئەو قۆناغەی پێیدەگوترێت ڕیگەر مۆرتیس (٥). پێنەدەچوو ڕووداوەکانی دواتریش بە ویستی خۆم بچنە پێش. خوارەوەی جەستەی شین بووبووەوە، دەبووایە دەست و برد بکەم و نەهێلم دیمەنەکە زیاتر بشێوێت.

باشترین ڕێگە بۆ پاراستنی بەکارهێنانی نایترۆجینی شل (٦) بوو، دەمویست بشیپارێزم و هەرکاتێک بتوانم دەستی بدەمێ و لێمەوە نزیک بێت، ڕێیەکی ترم هەڵبژارد. پلاستینەکردن (٧) ڕێیەکی باش بوو، بەڵام بە کەمێک دەستکارییەوە. گیراوەیەکم لە نێو حەوزە ماسییەکەدا گرتەوە، هەندێک گیراوەی ترم بۆ گۆڕینی بۆنە تیژەکەی کۆلیفۆرمەکە بەکارهێنا، لەوانە گیراوەی پونگە و ڕەیحان و ڕازیانە کە خۆم دروستمکردبوو. بۆنێکی سەیریان دروستکرد بوو، بەڵام بەلامەوە ناخۆش نەبوو. لە مۆمیایی کردندا ئەندامەکانی ناوەوەی لاشەکە جگە لە دڵی دەردەهێندرێن بۆ ئەوەی لە ناوەوە بۆگەن نەکەن، نەدەکرا من ئەوە بکەم، ڕێیەکی دیکەم بەکارهێنا بۆ پاراستنی ناوەوەی لە بۆگەن بوون. سەرەتا بە شێلانێکی تایبەت ڕیخۆڵەکانیم خاڵیکردەوە، دواتر لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامێرێکی تایبەتییەوە خوێواوم خستە نێو دەمییەوە و تا لە دواوەی هاتە دەرەوە، پێموابوو بەمشێوەیە هەموو بەکتریاکانی نێو جۆگەی هەرس دەمرن و ڕێگری دەکەم لە بۆگەنبوونی ناوەکی.

سەرەتا بە گیراوە تایبەتەکەی خۆم جەستەیم شۆرد، لە کاتی شۆردنیدا فرمێسکیش بۆ گیراوەکە زیاد دەبوو، دەمدواند و دەمشۆرد، وەڵامی نەدەدامەوە. بیرم لە دەنگیدەکردەوە و هەوڵمدەدا وتە کۆنەکانی بۆ وەڵامدانەوەی خۆم بەکاربێنم. وەڵامە خەیاڵییەکان نزیکبوون لە واقیع و وردە وردە دەنگیان دروستدەکرد و لە منەوە دەچوونە نێو ئەوەوە و لەوەوە بێ ئەوەی لێوی بجووڵێنێت دەردەچوون، خۆم بۆ نەگیرا و لێوم بە لێویەوە نا، سوێراوێکی

ناخـۆش هاتـە نێـو دەممـەوە. لێـوم هـەڵ نەگـرت، بەکـوڵ دەگریـام و خوێـاوی لێویـم تامدەکرد. نازانـم چەنـدم پـێ چـوو تـا شـۆردم، لەوەیـە چەندیـن شـەو و ڕۆژ تێپەڕیبێـت و مـن هـەر لەگـەڵ جەسـتەی ساردوسـڕیدا لـە هـۆش خـۆم چـوو بـم.
خـۆم بینییـەوە بـە ڕووتووقوتـی لـە باوەشـی ئـەودا بـووم. ویسـتم لەباوەشـی بکـەم ، زۆر زۆر قـورس بـوو، جەسـتەی خاوبـووەوە، بـەڵام زیـاد لـە حـەد قـورس بـوو. ڕامکێشـایە لای حـەوزە شووشـەکەوە و خسـتمە نێویـەوە. لـە دیـاری دانیشـتم و چیرۆکـی عیشـقی خۆمانـم بـۆی گێڕایـەوە. ئەویـش چاوانـی داخسـتبوو، گوێـی بـۆ شـلکرد بـووم...
هەسـتم بـەوە کـرد بـوو نیگەرانـە، زۆریـش نیگـەران! بـەردەوام دەردەدڵـی بـۆ مـن دەکـرد، دەگریـا و قسـەی دەکـرد. باوەشـی بـەودا دەکـرد، بـەڵام وەک جـاران گەرموگـوڕ نەبـوو، خـۆی لـە نیگاکانـی دەدزیـەوە، تەماشـای دووری دەکـرد و لێـوی دەجووڵانـد، ئـەو ماچـی دەکـرد، ئەمیـش بـێ ئـەوەی چـاو لـە ئاسـۆ هەڵگـرێ ماچـی دەکـردەوە و دەیگـوت: بەخێرچیـت، ئـاگات لـە خـۆت بێـت! دەرگا دادەخـرا و ماوەیـەک لەجێـی خـۆی هـەر لـە ئاسـمان ڕادەمـا، دواتـر لەرزەیەکـی دەکـرد و ڕووی خـۆی دەسـووڕاند و دەگەڕایـەوە ژوورێ. لـەلای مـن دادەنیشـت و بـە پەلەپـەل قسـەی دەکـرد، دواتـر لـە پرمـەی گریانـی دەدا، دواتـر بێدەنـگ دەبـوو، لەباوەشـی دەکـردم، گوێـم لـە هەناسـە قوڵەکانـی دەبـوو. ئـەو دۆخـە بـەردەوام بـوو تـا ڕۆژێکیـان پێکـەوە دەرچـوون، بـاران دەبـاری و مـن لەبـەر پەنجەرەکـەوە بیـری نەوازشـەکانیم دەکـرد. دوای ماوەیـەک گەڕانـەوە، هەردووکیـان بـە تـەواوی تـەڕ بووبـوون. دەسـتیان لەنـاو دەسـتی یەکتـردا بـوو، جارجـار سـەیری یەکتریـان دەکـرد، بـێ ئـەوەی خۆیـان ویشـکبکەنەوە خەریکـی پڕکردنـی چەنـد جانتایـەک بـوون لـە جلوبـەرگ و کەلوپـەل. لێکدا لێکدا ئـەو قسـەی بـۆ دەکـرد و ئەمیـش بـە شـەوقەوە گوێـی بـۆ گرتبـوو و پێدەکەنـی. دواتـر ئـەوەی تریـان قسـەی دەکـرد و ئەمیـان خەنـدەی بـۆ دەکـرد. تێنەدەگەیشـتم چ شـتێک گـۆڕاوە، بـەڵام بـە گۆڕانەکـە دڵخۆشـبووم. منیشـیان لەگـەڵ خۆیـان سـواری سـەیارە کـرد.
دەنگـم یـاری بـە شـەپۆلی گیراوەکـە دەکـرد و پرچـی خـاوی بەسـەریەوە

شەپۆلی دەدا. خۆرگیرا و بانگ و سەڵا و با لە گەڵای دار چنارەکان دەخشا. خۆرکوژایەوە؟ یان ڕۆحی مانگی من بوو لە تاقی ئاسمان پێشی خۆری گرتبوو؟ تاقی ئەبرۆی یار بە ئاسمانەوە دڕی بە تاریکی شەوەزەنگەوە دەنا. چاوم لە چاوی ئاسمان بڕی بوو، برۆی زیوینی یارم لە ئاسمان بزوا و خۆی لەو دیویەوە تیشکێکی پرتەقاڵی پەخش دەکرد و وردە وردە دونیا ڕوونتر و ڕوونتر دەبووەوە. لێوم بە شووشەی حەوزەکەوە و بە لێوتەوە نا، هیچ تامێکی نەدەدا. گوریسی حەوزەکەم لەسەر شانم دانا و ڕامکێشا و ڕامکێشا. بەسەر گردەکەدا ڕامدەکێشا و نقەنقم تەنانەت گوێی زیکزیکەکانی کاس دەکرد و تایە بچووکەکانی حەوزەکە چەند خەتێکی شێواویان لەسەر سینگی زەویەکەدا نەخشاندبوو... ئیستێکم کرد و بە هەموو هێزی خۆم گوریسەکەم ڕاگرت، خۆمم بینی یاری نازەنین بە کۆڵەوە بەسەر گردەکەدا هەڵدەگەڕام و مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی عاشقان بوو(٨)، سێزدە ئێواران لەدوای یەک، یار بەکۆڵەوە بە سەر گردەکە هەڵدە گەڕام، کە هەناسەم لێدەبڕا گوێم لە دەنگێکی ناسک و بەهەشتی دەبوو دەیگوت: ماندووبوویت؟ وزەی نوێم تێدەگەڕا و چۆکم توند دەکرد و دیسانەوە هەنگاوم دەنا.

با یاری بەو پارچە قوماشە ڕەشە دەکرد کە بە حەوزەکەم دادابوو. خۆم بۆ نەگیرا و کەمێک لامدا، تیشکی خۆر لەسەر جەستەی زیوینی دڵمی هێنایە سەما. هەر ئەو دەمە بڕیارمدا، هەتا هەتا یار بە کۆڵ و ڕوو لە حەوا هەتا دەگەم بە ترۆپکی گردی ئاشقان کە هەرتکمان ئەو ناوەمان لێنا، گەر بۆ هەمیشە ببمە عارفی زیارەتی کەعبەی موحەبەتی، عەلامەتی ڕێ هەر داغ و شوێنی داغ(٩).

هەموو ڕۆژێ ڕامدەکێشا و ڕامدەکێشا، ژیانم لە نێو ئەو حەوزەدا بە کۆڵمەوە تا سەرمدەخست، لە هێوارەوە تا درەنگانی شەو بە دیار یاری نازەنینم دادەنیشتم و نیگام لە شەپۆلە نەرمەکانی گیراوەکە دەدا چۆن لە باوەشیان گرتبووی و پێستتیان نەوازشدەکرد. کە خۆم بۆ نەدەگیرا دەستەکانم شۆڕدەکردەوە و جەستەی زیوینتم هەڵدەکێشا و لە تەک خۆم لەسەر پارچەیەک

ڕایەخی تایبەتدا درێژم دەکرد و بە پەنجەکانم یاریم بە پرچی تەرت دەکرد، لێوم بە لێوتەوە دانا، دەمپرسی: هێشتاش خۆشتدەوێم؟ سەرم دەخستە نێو مەمکەکانتەوە و گوێم بۆ وەڵامی دڵت ڕادەدێرا، هیچ تەپەتەپێک گوێمی ئازار نەدەدا، لە قوڵایی بێدەنگییەکی تۆقێنەردا بە حاڵ گوێم لێبوو، دەنگێک لە سینگتەوە وەڵامی دەدایەوە: ئا ئا، ئەی چۆن دەتوانم بڵێم نا؟ لە کاتێکدا تۆ هەموو بوونی خۆت لە پێناوی مندا دانا و هەمیشە و تا بێکۆتا خەریکی ڕاکێشانی منی بەسەر جەستەی زەویدا...

لە پێش دەرگاکە هەڵدەکوڕمێم تا هێوارە دا دێت و سندقە شووشەکە ڕادەکێشێتە دەرەوە، جارجار پارچە گۆشتێکم بۆ هەڵدەدا، جارجار جامیلکەیەکم بۆ پڕ دەکا لە خۆراک، بەڵام من دەمیان لێنادەم، نەکا هەمان پاودەری بۆ من کردبێتە ناوییەوە. خۆم بینیم پاودەرەکەی لە شەربەتەکە کرد، دوای ئەوەی خۆشەویستەکەم خواردییەوە سەری خستە سەر شانەکانی و گوێی بۆ ئەو ڕادێرا کە شیعری بۆ دەخوێندەوە، بەرەبەرە سەری شل بوو، دواتر بە دەستێکی پشتی گرت و لەسەر زەویەکەدا درێژیکرد. لەدیار لاشەکەدا ڕەقهەڵگەڕابوو، بێ چاوتروکاندن لێی ڕامابوو.

منیش خۆم گەیاندە کن لاشەکە و بە ددانەکانم چەند جارێک قۆڵیم جووڵاند، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو. سەرم لە پێستی خشاند، ساردو سڕ و بێ وەڵام بوو. چەندجارێکی تریش بە چنگم پێستیم خوراند و هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو. ئەویش تا دونیا ڕووناکبووەوە بە دیارییەوە دۆش دامابوو. چەندجارێک بە توندی میاواندم و قەڵمبازم بۆی برد، بەڵام وەک جەستەیەکی بێ گیان وابوو. لە لاشەکە ڕامابوو، هەست و خوستی نەبوو. جەستەکە بۆنێکی ناخۆشی لێوە دەردەچوو، زۆر جیاواز بوو لەو بۆنە دڵڕفێنەی پێشتر هەیبوو. قەترەیەک فرمێسک لە چاوی پەیکەری پیاوەکەوە خزییە سەر ڕوومەتی، وەک ئەوەی گیانی بەبەردا کرابێتەوە لەرزەیەکی کرد، تەماشایەکی منی کرد، نزیکبووەوە، منیش پاشەوپاش کشامەوە. بە سەری پەنجەکانی سەر سنگی لاشەکەی فشاردەدا. بەپەلە جلەکانی لەبەر داکەند و بە ڕاکێش ڕاکێش بەرەو

لای گەرماوەکە ڕایکێشا.

ماوەیەک لە ژوورەوە مانەوە و دواتر بە پەلە هاتە دەرەوە و سندوقە شووشەکەی ڕاکێشایە لای دەرگای گەرماوەکە و پڕی کرد لە ئاو و گەڵای ڕەیحان و پونگە و گوڵەباخی ڕەنگاوڕەنگ. گەڕایەوە ناو حەمامەکە و هاتە دەرەوە جەستەی شۆردراوی ئەوی بە سەر شانی دادابوو، بە نەرمی شۆڕی کردەوە ناو سندوقە شووشەکە و لە ناو ئاوەکەدا درێژی کرد. دواتر سەری بە سەردا کرد و ڕایکێشایە ناوەڕاستی هۆڵەکەوە و لە تەنیشت حەوزی ماسییەکەوە داینا. هەموو ڕۆژێ لە بەیانییەوە بە دیار سندوقەکەوە دادەنیشت و لێی ڕادەما تا خۆرئاوابوون، هەر بە دیار ئەوەوە نانی دەخوارد، دادەنیشت، پاڵدەکەوت و ڕادەکشا و خەو دەیبردەوە. بە سەعات چوار مەشقی دادەنیشت و لە جەستەی ژنەکەی ڕادەما، بەرەبەری خۆر ئاوابوون سەرچەفێکی ڕەشی پێدا دەدا و بە گوریسێک ڕایدەکێشا دەرەوە و بە گردەکەی بەرانبەری هەڵدەگێڕا، تا دەگەیشتە سەر گردەکە بڕستی لێدەبڕا و خۆریش لەو سەرەوە بەتەواوی سەری لاردەکردەوە و بەرەبەرە لەنێو تیشکە پرتەقاڵییە کزەکەیدا وندەبوو، تاریکی وردەوردە دەبووە جێنشین. ئەویش بە دەم قسەکردن و شیعر خوێندنەوە، جارجار گۆرانی وتنەوە بەرامبەر سندوقەکە دادەنیشت، جارجار بە حەسرەتێکەوە لەمنی دەڕوانی کە لەو بەری حەوزەکەوە منیش لە خۆشەویستەکەم ڕامابووم و جارجار نەمدەتوانی بەر بە فرمێسکەکانم بگرم. وەک وێردێکی غەمگین لەبەرخۆیەوە دووبارەی دەکردەوە: دە یەک وشە بڵێ و من ئەسیر بکە هەتا هەتا! دە دەی دە دەی، دە دەی ئەی ئەزیزی من ئەی دڵی دونیا. منیش دەگریام و دەممیاواند و چەمەڵۆکم لە جامەکە دەخشاند..

من ڕازیم، بەس شتێک لە لێوتەوە دەرچێ و گوێم بکا بە گوڵستان، گوڵ لە گوێمەوە بڕژێ و لەسەر گردی عاشقان چرۆ بکا. چۆن دەتوانم لەو بەهەشتەدا بۆ ئەبەد بە کۆڵی خۆمەوە ڕاتنەکێشم و تا ئەبەد چیرۆکی خۆم و خۆت بە هەزاران شێوە دانەڕێژمەوە و تا نیوە شەو بە دیارتەوە لەبەر گەرما، لەناو گیزەگیزی وەڕسکەری مێشوولاندا، لە بەر سەرما لەبەر ڕەهێڵەی

باراندا، لەبەر کرێوە و لەسەر فەرشی سپی و ساردی بەفردا پیاوێکی تەنیا لە ڕوانگەی ئەوانی دیدا بەڵام پیاوێک و لەبەرانبەریدا هەموو دونیا لە نێو حەوزێکی شووشەییدا بریقە بدا و تیشکی زیوینی دونیا شەڕ لەگەڵ سپێتی بەفردا بکا، چلۆن من نابمە شیعر و نابمە سەما؟ بیری بۆنی پێست و قژی خاوتم دەکرد، لووتم بە لاملتەوە نا و هەڵممژی، بۆنێکی تیژ کە هی تۆ نەبوو بە لووتدا چووە ژوورەوە و سەرم سووڕا. بیری سەوزایی چاوانتم دەکرد، بە پەنجەم پێڵووەکانتم لادا، گوڵەبەڕۆژەیەک لە نێو دەریایەکی سەوزدا، ملیۆنان ملوولەی بچووکی خوێن لە نێویدا درێژ دەبوونەوە و سەوزایی لە نێو گۆمێکی خوێندا ڕەنگی نەدەما. بیری دەنگت دەکەم بیرا! دە یەک وشە بڵێ و من ئەسیر بکە هەتا هەتا! دە دەی دە دەی، دە دەی ئەی ئەزیزی من ئەی دڵی دونیا.

**پەراوێزەکان:**

(١) دیوانی نالی

(٢) دیوانی مەحوی

(٣) AcetylCholinesterase(ACHE)

(٤) Sodium Channel Blocker

(٥) Rigor mortis

(٦) liquid nitrogen

(٧) Plastination

(٨) مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو(دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی)

(٩) دیوانی مەحوی بەدەستکارییەوە

# ٢٥ی ئابی ١٩٨٣



هەواڵنامەی کتێب

خۆرخی لویس بۆرخیس
وەرگێڕانی: بەهزاد حەوێزی

کاتژمێرە چکۆڵانەکەی وێستگەکە ئاگاداری کردمەوە ئیتر کات یازدەی شەوی ڕەتداوە، منیش بەرەو ئوتێلەکە هەنگاوم نا، هەروەک ئانوساتی پێشتر هەستونەستم ئامێتەیەک بوو لە ملکەچدان و ئارامیی بە هۆی ئەو شوێنانەی بە باشی شارەزایانین.

دەروازە بەرینەکە والآ بوو، هۆڵی پێشوازی تاریکونووتەک، پێمنایە ژوورەوە، کە ئاوێنە تەڵخاوییەکان ئینجانەکانی ئەملاوئەولای هۆڵەکەی ڕەنگدەدایەوە، نەمزانی لەبەرچی خاوەنەکەی نەیناسیمەوە و دەفتەری تۆمارەکەی خستە بەردەمم، دەستمدایە ئەو پەڕەمووچەی لەسەر مێزەکە بوو، ئینجا خستمە

نـاو مەرەکەبندانـە مەسـەینەکە، کاتێـک بەسـەر دەفتـەرە کراوەکـە دادەهاتمـەوە ڕێکەوتـی یەکێـک لـەو سـپڕایزانەم کـرد، کـە ئەمشـەو دەوروخولـم دەدات، نـاوم، (خۆرخـی لویـس بۆرخیـس) لـەوێ نووسـرابوو، هێشـتاکەش مەرەکەبەکـە وشـک نەبـۆوە.

خاوەن ئوتێلەکە پێیوتم (وامزانی تۆ پێش کەمەک چوویتەوە ژوورەکەت).

ئینجا چـاوی لـێ زەقکردمـەوە بەرلـەوەی قسـە بکاتەوە (قوربـان داوای لێبـوردن دەکـەم، ئاخـر ئـەوەی تریشـیان زۆر بـە تـۆ دەچێـت، وەلـی تـۆ لـە ئـەو بچوکتری).

لێمپرسی (لە کام ژوورە؟).

لە وەڵامدا وتی (داوای ژووری ژمارە ١٩ی کرد).

(ئەوەی لێی دەترسام ئەمە بوو).

پەڕەمووچەکەم دانا و بە هەڵەداوان بەسەر پلیکانەکە سەرکەوتم.

ژووری ژمـارە ١٩ لـە نهۆمـی دووەم بـوو و بەسـەر گۆڕاییـەک دەیڕوانـی و محەجـەرەی تێدابـوو لەگـەڵ لاتەختێکـی پانـو بەریـن، یەکێـک بـوو لـە ژوورە هـەرە بەرزەکانـی ئوتێلەکـە.

بـە سـانایی دەرگاکـەم کـردەوە، چـراکان داگیرسـا بـوون و لـە بـن ڕۆشـناییە ناحـەز و نابووتەکـەدا خۆمـم ناسـی، مـن لـەوێ بـووم، بینیمـی، لـە دواوە، لەسـەر قەرەوێڵـە تەسـکە کانزاییەکـە ڕاکشـابوو، پیروکەنەفـت، شـەکەت و داهێـزراو و ڕەنگهەڵبـزڕکاو، چاومدایـە باقوبریقـی بنمیچـە قوڕینەکـە ڕێشکەوپێشـکەیان کـرد، دەنگێـک بـەر گوێـم کـەوت، خـودی دەنگـی مـن نەبـوو، بەڵکـە ئـەو دەنگـە بـوو، کـە هەمیشـە لـە قسەوباسـە تۆمارکراوەکانمـا دەمبیسـت، دەنگێکـی زبـر و ڕەوان.

دەنگەکـە وتی (سـەیرە ئێمـە هەردووکمـان، بـەڵام یەکێـک نیـن، وەلـی لـە ڕاسـتیدا، هیـچ شـتێک لـە خەونـدا سـەیر نییـە).

بە ترسەوە پرسیم (کەواتە، ئەمە هەمووی هەر خەونە؟).

- گومانم لەمەدا نییە ئەمە دوا خەونی منە.

دەستی بۆ سوراحییە قوڕینەکەی سەر مێزەکەی نزیک قەرەوێڵەکە درێژ کرد.

(پێـش ئـەوەی بگـەی بـەو شـەوە، هـەر دەبـێ تـۆ گەلـەک خـەون ببینـی، لـە

چ رۆژێکدای؟).

مەدهۆش وەڵامم دایەوە (بە تەواوەتی نازانم، تەنیا ئەوەندە نەبێ دوێنێ بووم بە شەستویەک).

-کاتێک ئەمشەوە خەوت لێدەزرێ، ئەوە دوێنێکە بووی بە هەشتاو چوار، ئەمڕۆکە ٢٥ی ئابی ١٩٨٣یە.

بە چپەوە دوام (کەواتە دەبێت ئەو هەموو ساڵانە چاوەڕوان بم).

بە تۆزێک توورەییەوە وتی (ئێستاکەش هیچم بۆ نەماوەتەوە، ئیتر لەهەر ساتێکدا بێ دەمرم، لە داخی ئەوەی نایزانم حەجمینم نییە، هێشتاکەش خەون بە مێردەکەم دەبینم، ئەو خەونە وەڕسکەرەی لە ئاوێنەکانی ستیڤنسنەوە بۆم بە جێماوە).

وام هەستکرد ناوهێنانی ستیڤنسن تەنیا زانین و ناسین نییە ، بگرە ماڵئاواییشە، ئاخر من ئەو بووم چاکیش درک بەمە دەکەم، ئەو ئانوساتە کاریگەرانەش بەس نین تاکو یەکێکمان شکسپیر بێت یا بۆ ئەوەی بکەوێتە بەر گوزارە باوەکان و شیاوەکان، ماتەمدارانە پێم وت (دەمزانی ئەمە بەشت دەبێت، لێرە، لە خودی ئەو ئوتێلە، لە ژوورێکی نهۆمی خوارەوە، پێکەوەش دەستمان بە نووسینی رەشنووسی ئەو خۆکوشتنە کرد).

بە دەنگێکی سستەوە وەکو بڵێی بیرەوەریەکانی خڕدەکاتەوە وتی (بەڵێ، بەڵام من لەو رەشنووسەدا هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئەو دوو کارە نابینم، پیتاکی چوونت بۆ ئادرۆگییە کڕی و گەیشتیتە ئوتێلی لاس دیلیسیاس و چوویتە ژووری ١٩ کە دوورترین ژوورە و لەوێس خۆت کوشت).

پێم وت (هەر لەبەر ئەوەشە وا ئێستا لێرە دەمبینی).

-لێرە؟ بەڵام ئێمە لێرە نەڕۆیشتووین، لێرەوە خەونت پێوە دەبینم، لەو ناوە لە شەقامی مایبو، لێرەش رۆح دەدەم، لەو ژوورەی هی لمار بوو.

دوودڵ وتم (هی لمار بوو، نامەوێ تێبگەم، من لەو خەونما تۆم دەوێ لە ژووری ١٩ ژوورە هەرە بڵندەکە).

-کێ خەون بە کێوە دەبینێ؟ دەزانم تۆ لە خەونمدای، منیش لە خەونتام،

ئوتێلی حادرۆگیێ دەمێکە تێکدراوە، بیست ساڵ رەنگە سی ساڵیش بێت، کێ دەزانی؟.

بە دەنگێکی ئیستیفزازانە وەڵامم دایەوە: ئەوە منم خەون دەبینم.

-پێتوانییە گرنگ ئەوەیە، لەوە بکۆڵینەوە داخوا یەکێکمان خەون دەبینێت بەتەنیا، یاخود هەردووکمان لەیەککاتدا خەون دە بینین.

(من ناوم بۆرخیسە، ناوی تۆم لە دەفتەرەکە بینی و بە پەلەپرووزێ بۆ لای تۆ رامکرد).

- بۆرخیس منم، ئەوە منم ئێستاکێ لە فولکەی شەمی مایبو رۆحدەدات.

بێدەنگی باڵی کێشا، ئینجا ئەویتر پێی وتم: ئەوەش دەسەلمێنین، کام ساتی هەرەناخۆش، کە لەژیانماندا بینیمان؟.

بەسەریا دانەویمەوە و لە کاتێکا بەیەکەوە دواین، دەشمزانی هەردووکمان درۆ دەکەین.

زەردەخەنەیەکی بەرچاو رووخساری پیری نەخشاند، هەستمکرد ئەو زەردەخەنەیە بە جۆرێک زەردەخەنەی من رەنگپێدەداتەوە.

پێی وتم: درۆمان لەگەڵ یەککرد، لەبەرئەوەی ئێمە پێمانوابوو ئێمە یەکێکین نەک دووان، لە راستیشدا ئێمە دوانین نەک یەک.

ئەو گفتوگۆیە تووڕەی دەکردم و پێشموت، ئینجا دیسان وتی: تۆش وا لە ساڵی ١٩٨٣دا، ناتوانی پەردە لەسەر ساڵانی داهاتووی تەمەنم هەڵبدەیتەوە؟.

-جا چ بڵێم، ئەو برادەری کلۆڵم بۆرخیس؟ ئەو دەردەسەرییانەی لەسەری راهاتووی بەردەوام دەبن، لێرەش لەو گۆشەگیرییەدا دەیگوزەرێنی، دەست لە کتێبە بێ پیتەکان دەدەی، میداڵی سویدنبرگ و سینی داریـن لەگەڵ خاچی فیدراڵی، کوێریی، جیهانی تاریکایی نییە، شێوەیەکە لە شێوەکانی گۆشەگیریی و بۆ ئیسلەنداش دەگەڕێیەوە.

- ئیسلەندا، مەبەستت ئیسلەندای دەریاوانە!.

+لە رۆماش دێڕەکانی کیتس دەوترێنەوە، کە بە ناوی ئەوەوە نووسراونەتەوە، چەشنی ئەو ناوانەی سەر ئاو.

-من نەچوومەتە رۆما.

-ئینجا باشترین هەڵبەستەکانمان دەنووسرێنەوە و لاواندنەوەیە.

وتم (لاواندنەوە، بەڵام جەسارەتم نەکردووە ناو بهێنم).

-نەخێر، پاش ساڵانێکی زۆریش هەر دەژی.

بێدەنگ بووین، ئینجا وتی: ئەو کتێبە دەنووسییەوە، کە هەردەم خەونمان پێوە دەبینی، ساڵی ١٩٧٩، درک بەوە دەکەی، ئەوانەی پێت کاری ئەدەبی بوو تەنیا دەستنووسی هەمەجۆر بوون، دواتر رووەو حەزوئارەزوویەکی پڕوپووچ و شوم ملدەنرێی تاکو کارە هەرەگرنگەکانت بخەیتەڕوو بە هۆی ئەو هەڵفڕینەی فاوستەکەی گۆتە، کە تیایای رواندین یا سالامبۆ یا عۆلیس، بێشوومار لاپەڕەت رەشکردەوە.

- دواجاریش درکت بەوە کرد تۆ رێگاکەت ونکرد.

+نەخێر لەوەش خراپتر، واتزانی (شاکارێکی ئەدەبییە)بە واتا زێدە شپرزەییەکەی وشەکە، چوون نیەتە باشەکانم هەوەڵین لاپەڕەکانیشی رەتنەدا، لە لاپەڕەکانی دواتریش بێسەروبەریی و چەقۆکان، ئەو پیاوەی وەک وێنە وایە و ئەو وێنەیەی بە هەقیقەت لە قەڵەم دەدرێ، پڵنگی شەوان و ئەو جەنگانەی دووبارە دەبنەوە لە گۆمێک خوێندا و خوان مۆرانای نابینای هەڵفڕیوو، دەنگی ماسیدۆنیا و ئەو یەختەی بە نینۆکی مردووان بینا کرا و ئەو نەبرە ئینگلیزییەی ئێوارە گەڕێندراوەتەوە.

بە نەبرەیەکی گاڵتەجاڕانە وتم: واپێدەچێت بەو مۆزەیە نابەڵەد نەبم.

-ئینجا لەوێ بیرەوەریی قەڵپ و دووانەی سیمبوول و سەرژمێریی بێڕادەش هەبێت، هەروەها باش بەکارهێنانی داشۆرین و مونازەرەی ناتەواو، کە رەخنەگران بە خۆشییەوە دەیدۆزنەوە و ئەو شایەتانەی هەمیشە لەڕولاواز نین.

-ئەو کتێبەت بڵاوکردۆتەوە؟.

+بە بڕوایەکی کەمەوە بە خەیاڵم داهات، بیرۆکەی باوی میلۆدراما بۆ لەناوبردنی، رەنگە بیسووتێنم، بەڵام دواجار لە مەدرید بە ناوی خوازراوەوە بڵاومکردەوە، ئەوسا وتیان نووسەرەکەی لاساکەرەوەیەکی کتومتی بۆرخیسە،

هەواڵنامەی کتێب

هەروەهـا لـە شـتە هـەرە خراپەکانیشـی ئـەوەی بۆرخیـس نییـە و تەنیـا فۆرمـە دەرەکییەکانـی نموونـەی ئـەو دەڵێتـەوە.

پێمـوت: ئەمـە وانـاکا رەتیبکەمـەوە و رقـم لێـی بێـت، هـەر نووسـەرێک دەگاتـە ئـەوەی ببێتـە قوتابییەکـەی کەمژیریـی خـودی خـۆی.

-داخـوا ئـەو کتێبـە رێچکەیـەک بـوو منـی خسـتە سـەر رێـگای ئەمشـەوە یـا رێچکەکانـی تر...زەلیلـی پیریـی و یەقینـی ئـەوەی مـن هەمـوو رۆژێ وەک جـاران ژیـاوم...

پێموت: ئەم کتێبە نانووسم.

- بەڵـێ دەینووسـی، ئـەو قسـەیەی ئێسـتایە، ئەمـڕۆ، دواتـر دەبێـت بـە زاکیـرەی خەونێک.

نەبـرە دەنگـە ناحەزەکـەی بێـزاری کـردم، دەنگێـک لـە مامۆسـتایی بـەکاری هێنـاوە، ئـەو وێکچوونـەی زۆرەی نێوانمـان تـۆزێ سـەغڵەتی کـردم، دڵتەنگیـی، هەروەهـا بـەو دۆخەیشـی قۆسـتیەوە منـی بەهەنـد هەڵگـرت، کـە وا لـە مـردن نزیـک دەبێتـەوە، جـا بـۆ ئـەوەی تۆڵـەی خـودی خـۆم بکەمـەوە، پێمـوت: تـۆ متمانـەت بـەوە هەیـە دەمریـت؟.

وەڵامـی دامـەوە: بەڵـێ، ئیتـر هەسـت بـەو نازوکـی و ئاسـودەییەش دەکـەم کـە پێشـتر پێمنەزانیـون، ناتوانـم ئەمەشـت بـۆ شـیبکەمەوە، هەمـوو وشـەیەک گوزارشـت لـە ئەزموونگەلـی دوولایەنـە دەکات، بـەڵام لەبەرچـی بـە قسـەکانم سـەغڵەت دەبیـت؟.

لەبەرئـەوەی ئێمـە زۆر بەیـەک دەچیـن، تووڕەیی رووخسـارت نیـگاری پێکەنیناوی دەموچاومە، رەفتاریشـت هەمـان رەفتارمە.

ئەویتر وتی: منیش، بۆیە ویستم خۆم بکوژم.

چۆلەکەیەک لە دەرەوە جریواندی.

ئەویتر وتی (ئەمە دواهەمینیانە)

دەسـتی هەڵبـڕی تـا لێـی نزیـک ببمـەوە، ویسـتی دەسـتم بگـرێ، کەمێـک دوورکەوتـەوە نەبـادا دەسـتمان ئامێتـەی یەکتـر ببـن.

پێی وتم: رواقییەکان پیمان دەڵێن پێویستە شکایەتمان لە ژیاندا بخەینەڕوو، دەرگای زیندان ئاوەڵایە، هەرچەندە درکیشت بەمە کرد، بەڵام تەمەڵی و ترسنۆکی پەلبەستیان کردووم، بەر لە چەند رۆژێک لە لابلاتا وانەیەکم دەوتەوە لەبارەی شەشەمین کتێبی ئەلیادە، لە ناکاو، کاتێک بەیتە شعرێکی شەش برگەییم دەخوێندەوە، رێگاکەم دەرک پێکرد، بڕیاری خۆشمدا، ئیتر لەو ساتەوە وام هەستدەکرد، کە من بوونەوەرێکم ئازاری پێ ناگات، چارەنووسیشم هەمان چارەنووستە، لە ناکاو وەحیت بۆ دادەبەزی، لە نێوەڕاستی وانەی لاتینی و ڤیرجیل، تۆش ئەو دیالۆگە سەیرە پێشبینیکەرەی لە دوو زەمەندا و لە دوو کاتدا بەڕێوە دەچێت، لە بیر دەکەیت، جا کاتێک سەرلەنوێ خەونی پێوەد ەبینیەوە، ئیتر ئەوسا منیش وەک ئێستا دەبم و دەبێت بە خەونی من.

هەرگیز ئەمە لەبیر ناکەم و بەیانی دەینووسمەوە.

-لە بن چەتری خەونەکانا لە قووڵایی بیرەوەریت خۆی متەق دەکات، کاتێکیش دەینووسیەوە پێت وایە هەقایەتێکی خورافی دەخەیتەوە، بەڵام ئەمە سەبەی نییە، هێشتا ساڵانێکی زۆرت لە بەردەمدایە.

ئیتر بێدەنگ بوو، زانیم مردووە، بە جۆرێک، منیش لەگەڵیا دەمردم، بە نیگەرانییەوە لە سەرینەک نزیک بوومەوە، وەلی کەسم نەبینی.

بە راکردن ژوورەکەم بە جێهێشت، لە دەرەوە نە هۆڵەکەم بینیەوە نە پلیکانە کەرپووچەکە و نە بازنە گەورەکەش، هەروەها نە رووەکە کالیپتۆسەکانیش نە پەیکەرەکان نە لانەوهێلانەکان نە ئاوپژێنەکان نە تەمانەی دەوری بازنەکە لە شاری ئادرۆغیێ.

لە دەرەوەدا خەونگەلی تر چاوەڕێی دەکردم.

سەرچاوە:

الوقت لاينقضي(قصص قصيرة من العالم) ترجمة: بسام حجار، المركز الثقافي العربي، ط١ ٢٠٠٧، بيروت – لبنان، ص٤٥-٥٢.

تەوەر

# ئەزموونی نووسینی
# (هایکۆ) لە شیعری کوردیدا

سازدانی تەوەر: حەمە ئەحمەد جاف

کورتیلە شیعر (هایکۆ) جۆرێکی شیعری کوردیی کورت و چڕە کە لە ڕووی پێکهاتەو هەستەوە هاوشێوەی هایکۆی ژاپۆنیە. ئەم جۆرە شیعرە لە رووی پێکهاتە و فۆڕمەوە لە سێ دێڕی کورتی حەڤدە بڕگەیی (٥/ ٧/ ٥) پێکهاتووەو پەیامێکی شیعریی جوان لە ڕێگەی کەم وشەوە بۆ خوێنەرو هەوادارانی هایکۆ دەگوازێتەوە.

هەربۆیە ، گۆڤاری (نووسەری کورد) لە ڕێگای ئەم تەوەرەوە ، ئەو شێوازە شیعرییە دەورووژێنێت و بەپێویستی دەزانێت، کۆمەڵێک شاعیرو هایکۆنووس بدوێنێ سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری (ئەزموونی نووسینی کورتیلەشیعر (هایکۆ) لە ئەدەبی کوردیدا، تا چەند سەرکەوتووە؟؟

* لەدەسپێکی تەوەرەکەماندا بەڕێز (**سەردار نۆڕێ**) هایکۆنووس و بەڕێوەبەری یانەی هایکۆی کوردی سەبارەت بە کورتیلە شیعر ( هایکۆ) گوتی :

– سەرەتا، من دەمەوێت ڕاستکردنەوەیەک بۆ وشەکە بکەم، کە لە زمانی کوردیدا دەربڕینی وشەکە بە (هایکوو) Haiku دروستترە لە (هایکۆ ) و (هایکو). بۆیەش گرنگە لەمەولا گشتمان هەوڵبدەین بە (هایکوو) بینووسین، تاکوو هەر کاتێک بۆ هایکووی کوردی و نووسین لە بارەیەوە « گەڕان/سێرچ « لەناو ئینتەرنێتدا بکەین، ئەوا یەکسەر هایکووی کوردیمان بۆ بهێنێت کە بە دوو (واو) نووسراوە و تۆمار کراوە. چونکە فارس و عەرەب بە یەک (واو) دەنووسن (هایکو). لەبەر ئەوەیشی کە پیتی u لە (Haiku)دا دەبێتە دوو (واو) بۆ زمانی کوردی. با ئەم قسەیەشم لەم گۆڤارەوە بۆ گشت خوێنەران و توێژەران بمێنێتەوە و ببێتە سەرچاوە. هەروەها لە سەرەتای کتێبە تازەکەشمدا (کرۆکی تیشک) کە دیوانێکی گەورەی




هایکووەکانمە و بەرهەمی شەش ساڵ نووسینمە، زیاتر لە ١٢٠٠ دەقی هایکووی تێدایە و بەمزووانە چاپ و بڵاو دەبێتەوە، بەجوانی و بەوردی، زیاتر باسی گرنگیی ئەمەم کردووە، کە (هایکوو) درووستترە.

ئێمە لە یانەی هایکووی کوردی (پەیجێکە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک)، کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ەوە (لەگەڵ دکتۆر ملکۆ ئەحمەد سەرۆکی یانە) دەستمان کرد بە بزووتنەوەی هایکووی کوردی، هەر لە سەرەتاوە هەوڵماندا و وشەی (هایکو)مان جێگیر کرد لە بری (هایکۆ)، کە پێشتر لێرەولەوێ دەنووسرا (هایکۆ). بە ئێستاشەوە بەداخەوە هەندێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش، هەر وا

بە هەڵە دەینووسن (هایکۆ). بەڵام ئێمە لە (یانەی هایکووی کوردی)یەوە ڕایدەگەیەنین و داوا دەکەین لە هایکوونووسان و توێژەران و سەرنووسەران و بەڕێوەبەرانی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، کە هەموان وشەکە بە دوو (واو) بنووسن (هایکوو).

ئێمە ئاگادارین، ئێستاش هەندێ کەس لێرەولەوێ قسە دەکەن و شت دەڵێن، کە گوایە هایکوو بۆ زمانی کوردی ناشێت و ناگونجێت و...هتد، بەڵام ئەوانە وەکئەوەی نەزانن، کە هەموو زمانێک بەپێی تایبەتمەندیی دەنگیی خۆی، پێکدێتەوە لەگەڵ هەر ژانر و فۆرمێکی ئەدەبییدا و دەستوپەنجەی لەگەڵدا نەرم دەکات. هەروەک چۆن شیعرە نوێ و ڕۆمان و چیرۆک و شانۆنامەش، ماوەیەکی کەمە (سەدەیەک نابێت) لە ئەوروپاوە هاتوونەتە ناو زمان و ئەدەبی کوردییەوە، وا ئێستاش دەقی زۆر باشی لە گشت ژانرەکان، لەلایەن شاعیران و نووسەرانمانەوە لێ بەرهەم هاتوون. بێگومان ئەمە بۆ هایکوویش بە هەمانشێوەیە، بۆ هایکوونووسانێک کە بە عیشق و تامەزرۆییەوە بچنە




دەمییەوە. سروشتی شیرینیی زمانی کوردی، وەهایکردووە زوو پێکبێتەوە لەگەڵ هەر فۆرم و ژانرێکی ئەدەبییدا، کە دێتە ناو زمانەکەوە، بۆ هایکوویش هەروەها، تەنها سەلیقە و شارەزایی دەوێ، لەوەی چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت و تەکنیکییانە بنووسیت و هونەرییانە دەقی لێبەرهەم بهێنیت.

ئەوەی زۆر گرنگە ئاماژەی پێبدەم، ئەوەیە کە لەسەردەمی خێراییدا دەژین و زەمەنی مینیماڵ و کورتبڕییە. بەم دەرئەنجامەش، داهاتووش بۆ دەقی کورت و هایکووە، چونکە بە دەیان هۆکار، خەڵکی تا دێ

حەوسەڵەی کەمتر دەبێتەوە و تاقەتی لەگەڵ درێژدادڕییدا نامێنێت. خاڵێکی سەرکەوتنی هایکوویش لە ئێستادا، بۆ سەردەمەکە دەگەڕێتەوە، کە سەردەمی ئینتەرنێت بۆ هەموانەیە بۆ بڵاوکردبەوەی بەرهەمەکان و دەمی بەدەستهێنانی خێرایی زانیاری و ئاگاییە لە جیهان و گۆڕانکاری و دەرکەوتەکان، دەستکەوتنی هەرچی لە کەمترین ماوەدا، بۆ هەر کەسێک کە هەرچیی بوێت دەتوانێت شارەزایی بەدەستبهێنێت. جا باوەڕم وایە ئەم بزووتنەوە بەرفراوانەی ئێستای هایکوو کە هەیە و سەرکەوتووانە لە ماوەیەکی کەمدا گەشەی زۆر و خێرای کردووە، گەر لە ساڵانی نەوەدەکان یان سەرەتاکانی دوو هەزارەکان بوایە، قەت وەک ئێستا بەم خێراییە تەشەنەی نەدەکرد. ئەمە نەک هەر لەناو کورد و زمان و ئەدەبی کوردییدا، بەڵکو من ئاگادارم کە لەم چەند ساڵەدا، لەناو عەرەبەکاندا بزووتنەوەکە زۆر گەورەتر و فراوانترە. هەر وڵاتەی چەند یانە و گۆڤار و سایت و پەیجی تایبەت بە هایکوویان دامەزراندووە. هەروەها لای فارسەکان و لە ئەمریکا و ئەورووپا و بەتایبەت ئەسکەندنافیاش. جا ئیتر ئێمەی کورد و زمانی شیرینی کوردی، چییمان کەمترە لەوانە!؟ کە زمانەکەمان لە ڕووی وشەوە، لە ڕیزی زمانە دەوڵەمەندەکانی جیهاندایە

سەبارەت بە گەشەکردنی هایکوو؛ لە هیچ سەردەمێکی ئەدەبی کوردییدا، وەک ئەم حەوت-هەشت ساڵە نەبووە، لە ڕووی خێرایی بڵاوبوونەوەی هایکوو و بەرهەمی هایکوونووسانی کورد. گەرچی هایکوو نوێیە بۆ ئەدەبی کوردی، بەڵام بە هەوڵە بەردەوامەکانمان و بە عیشقەوە کارکردنمان و نووسینی هایکوو و چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکانمان، وە هامانکرد هایکوو بکەین بە ئەمری واقیع و هاوشانی ناوەندە ئەدەبییەکەش. جا لە هەمووی دڵخۆشیهێنەرتر ئەوەیە، کە هەر لەم ساڵانەدا ماستەرنامەی لەسەر نووسراوە و تێیدا بەراووردی هایکووی کوردی و فارسی کراوە. لەمڕووەوە مامۆستا (هەڵمەت عوسمان) بوو بە یەکەمین کورد بۆ کارکردنی (وەک ماستەرنامە) لەسەر هایکوو. هەروەها

هەوڵـی گـەورە و گرنگمـان هەبـووە و هەیـە، لـە وەرگێڕانـی هایکووی کوردی بـۆ زمانەکانـی تـر و بڵاوبوونەوەیـان لـە گۆڤـاری هایکـووی جیهانـی، کـە بـە چەنـد زمانێـک دەردەچێـت، بـە زمانـی کوردییشــەوە تێیــدا.

جـا گشـت ئەمانـەش کـە باسـمکردن، پێماندەڵێـت: بەڵـێ، ئەزموونەکـە فـرە سـەرکەوتووانە بەرێـوە دەچێـت و لای کۆمەڵێـک لـە هایکوونووسانیشـەوە زۆر کاری بـاش بـۆ هایکـوو کـراوە.

شـایانی باسە کتێبی (کەوتنەخوارەوەی مـەراق) یەکـەم کتێبـی هایکووی بەندەیە کـە ٦٠٠دەقـی هایکووی لەخـۆ گرتـووە. ناواخنـی ئـەو کتێبـەش لـە سێ کتێبـی هایکـوو پێکدێـت، لەگـەڵ ١٠٠ لاپــەڕە نووسـین لەسـەر هایکـوو. لـە دووتوێـی ٤٦٤ لاپـەڕەدا سـاڵی ٢٠١٩ لـە لایـەن «وەشـانخانەی نووسـیار» چـاپ و بـڵاو کرایـەوە .

هەروەهـا دووهەمیـن دیوانـی هایکـووم ، بەناونیشـانی (کرۆکـی تیشـک) کـە لـە ناواخنـدا چـوار کتێـب لەخـۆ دەگرێـت و ١٢٧٠ی تێدایـە، لـە دووتوێـی ٧٠٠ لاپەڕەدایـە، سـەرەتای پاییـزی ٢٠٢٥ لـە لایـەن (وەشـانخانەی نووسـیار)ەوە چاپدەکرێـت و بـڵاو دەبێتـەوە.

- ئەوەش چەند نموونەیەک لە ( شـیعری هایکـوو) لـە کتێبـی (کەوتنەخـوارەوەی مـەراق) دا:

**جوانی و دەنگی خۆش،**
**باجی تاوانی باڵندەیە**
**قەفەز!**

******

**خۆر ئاوادەبێ،**
**هەناسەی سێبەرێ ماندوو**
**ڕووخسەتی دەرچوون دەخوازێ!**

***

* **لەیـلا ڕەزایـی / هایکۆنـووس / (سـنە) ڕۆژهـەڵات:**



- هایکـو بەرزتـر لـە ژاپـۆن ڕاگیـراوە و لـە هـەر وڵاتێـک بـە زمـان و

کولتووری ئەو وڵاتە دەنووسرێت و لەئەدەبیاتی کوردیشیدا جێگەی خۆی کردۆتەوە. ئەوە ڕێک جیهانیبوونی هایکویە و ئەگەر بەربڵاو بڕوانین بۆمان دەردەکەوێت کە هایکو ئێستا سنوورەکانی تێپەڕاندووەو تایبەت بە هیچ ناوچەیەکی دیاریکراو نییە و ئەمڕۆ تەواوی خەڵکی جیهان هایکو وەکوو شیعری جیهانی دەناسن وخوێندنی ئەدەبیاتی مێژوویی و فەرهەنگی ئەو میللەتە جۆراوجۆرە دەخرێتە ژێر زەڕەبین و هەر ئەوە دەبێتە هۆی ئافراندنی کارێکی نوێی ئەدەبی و سەبکێکی نوێ لەنێوان میللەتاندا، بوونی ڕەگی ئەم نوێهێنانە لە پێکهاتی فەرهەنگی و مێژوویی ئەدەبی ئەو نەتەوانە و فەرهەنگەکانیاندایە. لە ئێراندا لە ئاخری دەیەی هەشتاکان (ساڵی کۆچی) بەو لاوە بەهیمەت و تێکۆشانی مامۆستا مەسیح تاڵبیان لە بابەتی پێناسین و ناساندنی ئەم تەکنیک و تیۆرییە جوانناسییەکانی هایکو هەنگاوی نوێ خوڵقاندبوو ئاشنابوونی هەرچی زورتر و باشتر لە بابەتی هایکو لە چوارچێوە تایبەت لە بواری ئەدەبیات و فەرهەنگی

باشتر ئەوەیە ئاماژە بکەم کەهایکو ئێستا لە تەواوی میللەتەکاندا وەکو ژانری جیهانی ژانرێکی ناسراوە و تەواوی جیهان لەسەر هایکو دەنووسن وەکوو ئێران کە ئاماژەم کرد وەکو میللەتانی ئەوروپایی، عەرەبی و میللەتی کوردیش لەم کارە و بابەتە هونەرییە بێبەش نییە و نووسەران و شاعیرانی زۆرمان هەیەکە لەسەر هایکو دەنووسن بیردەکەنەوە و دەقی ئەدەبی و کتێبیان نووسیوەو کتێب دەنووسن. ئەدەبیاتی کوردی زۆر دەوڵەمەندە لەبواری فەرهەنگ و ئەدەبیات و هەر لە سەرەتا شیعری کوردی شیعری هیجایی بووە و یا ئەتوانین ئاماژە بە سێخشتییەکیان بکەین لەناو ئەدەبیاتی کوردی و هایکویش وەکو ژانری هونەری شیعری هیجایە ٥/٧/٥ هیجا گرینگ لەوەدایە کە بە هۆکاری ڕۆح و فۆرمی تایبەتی هونەر و وتار بنەما و ڕوانینی جیا هایکوو لە هەر چەشنە تێکستێکی دیکە بەتایبەت شیعری کورت جیا دەکاتەوەو نابێت هەر شیعری کورت یا برووسکە تەنها لەبەر کورتبوون بە ناوی هایکوو بناسین بە داخەوە

ئـەم تایبەتمەندییـە لـە زمانـی کوردیـدا شـرۆڤە و شـیکاری تایبەتی بۆ نەکراوە. ئەمـە لـە کاتێکدایەکەلەزمانـی فارسـی و زمانەکانـی دیکـە لەبەرچـاو گیـراوە هـەر ئـەم هۆکارەیـە کـە بـە بـێ ئـەم شـیکار وشـرۆڤە یـا ناتوانیـن هایکـو بنووسـین.

هەلێـک کـە زۆربـەی شـاعیران و نووسـەران دەیکـەن و شـیعری کورتیلـە بـە هایکـو پێناسـە دەکـەن

لێـرەدا پرسـیارێک دێتەئـاراوە کـە ئایـا هایکـوو لـە ئەدەبیاتـی کوردسـتان جێگـەی دەبێتـەوە؟

مێـژووی ئەدەبـی کوردسـتان شـرۆڤە دەکەیـن بـەم بنەمایـە دەگەیـن کـە کێشـی بنەڕەتـی شـیعری کـوردی لـە سـەرەتای سـەدەی یەکـەم و دووهەمـی زایینـی تـا ئەمـڕۆ بەهیجایـی بـووە و ئەمشـێوە کێشـە لەگـەڵ ژینگـەو زمانـی کـوردی مێژوویـی کـۆن و دێرینەیـان هەبـووە لەوانەیەلەفارسـیش کۆنتـر بێـت و دەتوانیـن بڵێیـن بنەمـا وبنەڕەتـی شـیعری کـوردی کێشـی هیجاییـە و هەروەهـا زۆربەی شـیعرە نووسـراوەکانی زمانـی کـوردی (شـیعری هیجایی)یـە.

شـیعری هیجایـی چـی شـیعرێکە؟ شـیعری هیجایـی بـەو شـیعرانە دەوترێت کـە هـەر میسـرەحیکی لـە هەشـت یـان حـەوت هیجـا پێکهاتبێـت.

باشـترە بزانیـن هایکـو خـۆی لـە هـەر جـۆرە دەق و نووسـراوێکی تـر وەکـو شـکڵ و قـەوارە، یـان بڕووسـکە یـان هەروەهـا تـەواوی کورتەشـیعرکان جیـا دەکاتـەوە.

جیـا لـە پێکهاتـە و فـۆڕم دەروونـی بە لێکۆڵینـەوە لـە ناوەڕۆکـی هایکـو جیـا لـە وەسـفی ژیانـی کەسـایەتییەکان، ئەویـن و ئـازار ودڵپەشـێوییەکانی مرۆڤ وتێکەڵکردنـی ئـەم بەسـەرهاتانە لەگـەڵ جۆرێـک ڕەنـگ و ڕواڵەتـی سـۆفیانە.

ئامادەبوونـی ژینگـەی کولتـووری، بنەمـا هاوبەشـەکان و.. بێگومـان هـۆکار و دەلیلـن بـۆ گەشـەی هـرز و گەشـەی ڕۆشـنبیری هەرچـی زیاتـر لـە داهاتـوو بـە دڵنیاییـەوە هایکویـش لەئەدەبیـات و شـیعری کوردیـدا جێـگا و شـوێنی شـیاوی خـۆی ئەدوزێتـەوە

ئەمـڕۆ هایکـو تەنهـا شـیعری خەڵکـی وڵاتـی ژاپـۆن نییـە بەڵکـو شـیعرێکی جیهانییـە و لـە زمـان و ئەدەبیاتـی کوردیشـدا لـە لایـان ئەدەبدۆسـتان و شـاعیرانی کـورد پێشـوازی گـەرم وگـوڕی لێدەکرێـت

لە کوتاییدا بە کورتی پرسیار ئەوەیە کەشیعری هایکو لە داهاتوودا دەتوانێت لەنێو ئەدەبی سەردەمی شیعری کوردی جێگە و پێگەیەکی هەبێت؟بۆ وەڵامێکی ڕوون و مەنتقی بە پرسیاری هەموو هۆگران و بیرمەندانی خاوەن ئەزموون و هەڵسووڕاوی ئەدەبی لە کوردستان وەڵام ئەوەیە کە هەر ئێستا زۆرێک لە شاعیران و نووسەران دەستیان داوەتە نووسینی شیعر بە شێواز و فۆرمی هایکو.

- ئەوەش چەند شیعرێکی (هایکو) وەک نموونە:

١

**چاو ئەڕێژێ**
**بە پەلە بۆ گەورەبوون**
**کچی پێنەگەیوو**

٢

**دەنگی گۆرانی**
**بۆ گوڵە گەزیزە ئەگەڕێ**
**ژنی تەنیا**

٣

**هەژاری دەلەرزێ**
**شاڵ و کڵاوەکانمان لەبەر**
**بووکەبەفرینە**

***

*** ئیبراهیم هەورامانی / شاعیر / هەڵەبجە:**



- شیعری هایکۆ کە بەلای خوێنەرانی ئێمەوە زیاتر بە کورتیلە شیعر ناسراوە،هەرچەندە ئەم ناسینەی کە خوێنەرانی ئێمە شێوازە شیعرییەکەی پێدەناسنەوە،ناساندێکی هەڵەیە.بە بڕوای من کورتیلە شیعر و شیعری هایکۆ دوو شێواز و دوو قوتابخانەی شیعریی جیاوازن،شیعری هایکۆ سەرەتا و بەر لەچەند سەدەیەک لەمەوبەر لەلای شاعیرانی ژاپۆنییەوە سەریهەڵداوە بۆیە شێوازێکی شیعری

نـوێ لەنێـو ئەدەبیاتـی شـیعریی جیهانیدا،ئەمشـێوازە بۆخـۆی یاسـاو ڕێسـای تایبـەت بەخـۆی هەیـەو هـەر بـەم یاساو ڕێسایە لـە شـیعریی عمومی جیـا دەکرێتەوە،ئەویـش پێویسـتە شـیعری هایکـۆ لـە چوارچێـوەی سـێ دێـڕی حەڤـدە بڕگەییـدا لـە ڕوانگـەی سرووشـتەوە شـاعیر پەیامەکانـی خـۆی بگەیەنێـت.

لـە ژاپۆنــەوە ئەمشـێوازە شـیعرییە نوێیە (هایکـۆ) گوازرایـەوە بـۆ نێـو ئەدەبیاتـی وڵاتانـی تـری دونیـا کـە خۆشبەختانە لە ئێستادا لەسەر ئاستی جیهـان لـە ویلایەتـە یەکگرتوەکانـی ئەمەریـکا و بەشـێک لەوڵاتانـی ئاسـیا و ئەفەریقـاو ئەورووپـا شـاعیرەکانی وێ ئەزموونـی هایکـۆ دەکـەن.

ئێمـەش وەک گەلـی کـورد و لـە هەرێمـی کوردسـتان لـە سـەرەتای ٢٠٠٠ەوە لـە سـەر دەسـتی ژمارەیـەک شـاعیری گەنـج و لێهاتوو،بەمشـێوازە شـیعریە ئاشـنا بوون.

ئەوەی پێویستە لـەم چەند دێڕە دا بخرێتـە ڕوو شـاعیرانی ئێمـە ئەوانـەی ئەزموونی هایکـۆ دەکەن،بە شـێوەیەک لـە شـێوەکان توانیویانـە لـەدەرەوەی یاساو ڕێسای هایکۆی ژاپۆنـی مامەڵـە لەگـەڵ ئەمشـێوازە نوێیـەدا بکـەن کـە دەتوانیـن بڵێیـن تـا ئەندازەیـەک هایکـۆی کوردین،کـە لـە چوارچێـوەی هایکـۆدا چوونەتـە دەرەوە،وە ناتوانیـن وەک کورتـە شـیعر پێناسـەیان بـۆ بکەیـن

بـە بـڕوای مـن ئـەو شـاعیرانەی کـە لـەم چەنـد سـاڵەدا ئەزموونـی هایکـۆ دەکـەن توانیویانـە تـا ڕادەیەکـی بـاش مامەڵەیەکـی ئەدەبـی و بەسـەلیقەیەکی جـوان و شـاعیرانە هایکـۆی کوردیـش بـە خوێنـەران بناسـن و لەمڕووەشـەوە چەنـد شـاعیرێکی هەڵکەوتـوو مـان هەیـە

لەلایەکـی تـرەوە بەتایبـەت ئـەم شـێوازە شـیعرییە بـۆ خوێنـەری ئەمـڕۆ ئەدەبیاتـی تازەیـە و مامەڵەکـردن لەتەکییـدا خوێنـەر هەسـت بـە غەریبـی و نامۆیـی دەکات،تـا ڕادەیـەک دەتوانـم بڵێـم زۆربـەی خوێنـەران ناتوانـن هۆگـرو دەسـتەمۆی بن.بـەڵام ئـەم سـەرەتای مامەڵەکردنـەی خوێنـەر هەسـتدەکەم دواجـار ئاسـایی دەبێتـەوە و ئێمـەش وەک گەلانـی تـری دونیـا گرنگـی زیاتـر و باشـتر بەهایکـۆ بدەین.بۆیـە مـن

پێموایە پاشەڕۆژی هایکۆ پاشەڕۆژێکی دیار و پرشنگداری دەبێت. لەنێو دنیای ئەدەبیاتی گەلەکەماندا،و ئەم شێوازەش شانبەشانی کورتیلە شیعرو قوتابخانە ئەدەبییەکانی دیکە تادێت لە برەو دایە و جێی خۆی کردۆتەوە ودەکاتەوە.

- چەند نموونەیک لە کورتیلە شیعر ( هایکۆ) :

به ئاسمانەوە ،
سەرگەردانە مانگ
کە دەرکەوتیت!!
***

کە ناوت دێنم،
دەمم،
پڕ دەبێت لە شیرینی
***

من دڵم شکاو،
خۆر ئاوا بوو،
مانگیش هەڵنەهات!
***


باوکم،
تا عاشق نەبووبوو،
دەیووت:
شیعر،
سوودی نان و دۆیەکی نییە!!
بەڵام،
کە عاشق بوو،
تامرد هەر شاعیر بوو!
***

* نادیە کەریم کۆیی / هایکۆنووس:



- هایکوو فۆرمێکی کورتە لە شیعری ژاپۆنی بە مانای خۆڵەمێش دێت، کاری ڕاگەیاندن دەکات و ڕێگایەکە بۆ تۆمارکردنی ئێستا، خوێنەر تووشی واق ورمان و سەرنجڕاکێشان دەکات لە کۆتایی دەیەی دووەمی دووهەزارەکان وەک ژانرێک پێینایە سەر

هەواڵنامەی کتێب




خاکی ئەدەبی کوردی، پێش ئەوەش لەسەرەتای هەشتاکان شاعیری گەورە (لەتیف هەڵمەت) هەوڵێکی نووسینی ئەم فۆرمە شیعریەی دابوو.

دامەزراندنی یانەی هایکووی کوردی لە ساڵی ٢٠١٧ دا لەسەر دەستی د. ملکۆ ئەحمەد ئەو کوێرە کانیە بوو کە تەقیەوە و لەماوەیەکی زۆر کەم توانی چەندەها هایکیست لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و پێیان بگەیەنێت و چەندەها کتێبی هایکوو لەم یانەوە بە چاپ بگەیەنرێت و منیش پشکی ئەوەم بەربکەوێت کە لەیانەی هایکووی کوردی ببم بە هایکیست و ئاشنابم بە دەستەخوشکەکانی هایکوو کە چەند فۆرمێکی تری شیعری ژاپۆنین، تاوەکو ئێستا پێنج کتێبم لەسەر هایکوو بە زمانی کوردی بە چاپگەیاندووە

دەکرێ بڵێم وەک یەکەم ژن لە باشووری کوردستان لەساڵی ٢٠١٨ کتێبم لەسەر هایکوو چاپکردووە.

ئەزموونی نووسینی هایکوو لە ئەدەبی کوردیدا تا ڕادەیەک سەرکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە، لەسەر دەستی چەند هایکیستێکی بەتوانا، کە بەردەوام لە هەوڵی نووسین و وەرگێڕان وچاپکردنی بەرهەمەکانیانن.

ئیمساڵ چوارەمین ساڵە چەند هایکوویەکم بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و ژاپۆنی لە وڵاتی ژاپۆن لە گۆڤاری ساڵانەی هایکووی جیهانی بڵاوبۆتەوە. شەپۆلی هایکووی کوردی سنووری هەموو وڵاتەکانی بڕیوە و دەمێکە پێی ناوەتە قۆناخێکی تازەوە لە پێشکەوتندا، وەک ئەزموونی خۆم لە بواری خوێندنەوەی هایکووی هایکیستی وڵاتانی تر دەمەوێ بڵێم کە هایکووی کوردی جوانترینیانن.

ــ بڵاوبوونــەوەی ســێ هایکــووم بــە زمانــی کــوردی و ئینگلیــزی و ژاپۆنــی لــە گۆڤــاری ژمــارە ٢١ی ( هایکــوی جیهانــی ) ســاڵی ٢٠٢٥، لــە ژاپــۆن .. ئەمساڵ چوارساڵە هایکووم لـە ژاپـۆن بڵاودەبێتــەوە.

١

دێت و دەڕوا
سەرلەنوێ لەدایکبوونەوە
ئاوی نافوورە

٢

لە ژێر دارە تینووەکاندا
سەمای ئاو دەگۆڕێ
گەڵا چرپە دەخواتەوە

٣

نهێنیەکانی دەریا
چیرۆک لە قووڵاییدا هەڵدەگرێ
شەپۆل و گۆرانی خەوتن

ـ ئەمانەش چەپکێ لە (هەڵبژاردەی هایکوکانم) پێشکەشە:

ـ ١ ـ

ماندووی بەر هەتاوە،
دەم بۆ قەترەیەک شەونم دەکاتەوە
گوڵ

ـ ٢ ـ

هەموو تەمەنی خۆی،
بە گوڵ دەبەخشێ
پەپوولە

ـ ٣ ـ

بەدەستێ شیری منداڵ،
دەستەکەی تری تاڵیی ژیان
دەهۆنێتەوە
ژن

ـ ٤ ـ

سەری بەفرە و،
باوەشی ئاگر
پیاو

ـ ٥ ـ

هەور فریو دەدا،
لە پەناوە نیگا دەبڕێتە زەوی
خۆر

***

هەواڵنامەی کتێب

*** مـوراد ئەعزەمـی/ هایکۆنـووس/ شـنۆ/ رۆژهـەڵات :**



- هـەر هایکویـەک، کورتیلە شیعرێکە، بـەڵام هــەر کورتیلــە شـیعرێک هایکــو نییـە. واتـا رێکەوەنـدی کورتیلـە شـیعر، زاراوە (تێرم)ێکـی گشـتییە و چەندیــن لقـی لێجـودا دەبێتــەوە، کــە یــەک لــەوان هایکویــە. کــە وابــوو ناتوانیــن کورتیلــە شـیعر و هایکــو وەک یــەک و هاومانـا دابنێیـن. پێوەندیـان، پێوەنـدی گشــت و پــاژە. زاراوەی کورتیلــە شـیعر ئـەو دەقانــە لــە ژێــر ســاباتی خۆیـدا کـۆ دەکاتــەوە کــە لــە بــاری فـۆڕم و قاڵبــەوە لێکنزیکـن. واتـا ئــەو شـیعرانەی بـە کەمتریـن واژە مەبەسـتی خۆیـان دەردەبـڕن وەک عـەرەب دەڵـێ: (قەللــە و دەللــە) و لــە چەنـد دێڕێـک پتــر تێناپــەڕن، دەتوانــن کورتیلــە شـیعری نێـو بنێیـن. لێـرە پرسـیارێک لــە زەینــدا لەوانەیــە چەقــەرە بــکات: ئەگـەر فـۆڕم بـە تەنـێ ناتوانیـت ببێتـە پێناســەی شــیعری هایکــو، ئــەدی چ توخمێکــی دی پێویســتە دەقێــک بــە هایکـو بناسـین؟ بـەر لـە وەڵامدانـەوەی ئــەو پرســیارە، بــۆ ئــەوەی بەرهەســت تـر بچینـە دە باسـەکەوە، سـەرنج بدەنـە ئـەو هایکۆیـەی ماتسـۆئۆ ( ناسـراو بـە باشــوو) هایکونووســی بــە نــاو بانگــی ژاپۆنــی ســەدەی شــازدە:

**ماسیگر لەنێوان**
**شەپۆلانی دەریادا**
**ماسی دەگرێت**

گێڕانەوەیەکــی ڕووت و عەینیــی واقیعـی سرووشـت، بـە بـێ ڕەنگدانەوەی هەسـت و سـۆزی شـاعیرو، ڕەهـا لـە هــەر جــۆرە قــەزاوەت و داوەرییــەک، بــە کەمتریـن تەمهیـدو تەکنیـک و فـرت و فێڵـی جوانـکاری زمانـی. ئـەو شـیعرە لـە واقیعـدا فرێیـم (وێنەپاژ)ێکـە کـە کامێــرای بــێ لایەنــی چــاوی شــاعیر نێچیـر و تۆماریکـردووە. ئەوە بە گشـتی تایبەتمەندییـە دەلالەتییەکانـی هایکۆن.

ئەو نەریتە شیعرییە، ڕێک هەڵقوڵاوی ژیان و بیرو باوەڕو کەلتوورو مێژوو ئوستوورەکانی مرۆڤی ژاپۆنییە. دوو سەرینچاوەی ئەمشێوازە، نەریتی (زێن ) و میراتی ژینی (سامۆڕایی)یە. زێن، نە مەکتەبێکی قورس و سەختی فەلسەفییەو نە ئایین و باوەڕێکی تایبەت. زێن بە کورتی، شێوە فێرکارییەکە بۆ بینینی سادەو بێ لایەن و دوانی کەمتر و بوون (بودن)ی پتر و، دابڕان لە ڕابردوو و داهاتوو و هەناسە کێشان لە هەنووکەدا. کەلتوورو شێوە ژیانی سامۆڕایی، کە ڕیشەی دە هەزاران ساڵ مێژووی مرۆڤی ژاپۆنی دایە، خاوەن هەندێک پرەنسیپە کە هاوشێوەی شێوازی زێنن. وەک کەمتر دوان، پتر گوێدان و بینین، ژیانی سادەو بێ تەکەللوف و بێ ئامرازی ناپێویست و، دوورەپەرێزی لە داوەری و قەزاوەت.

لە پانتایی ئەدەبی کوردی و، بە درێژایی مێژووی ئەدەبی ئەو پانتایە، چەندین شاعیرو، تەنانەت شەپۆلی سەربە کورتیلە شیعر سەریانهەلداوە، وەک کورتە شیعری نەستەقی عەبدوڵڵا پەشێو، کورتیلە چیرۆکە شیعری شێرکۆ بێکەس، کورتیلە شیعری فەرەیدوون ئەرشەدی، مارف ئاغایی، قوبادی جەلی زادە، شیعری چرکانە، برووسکە شیعر و... . تاقمێک شیعریش لە ژێر سەردێڕی مینیمال بەرهەم هاتوون، کە هەمان کورتیلە شیعرن. شێوازی مینیماڵ، لە تایبەتمەندی قەللە و دەللە و دەکار کردنی کەمترین تەمهیدی بەلاغی و کەلامی وئیماژی دا، لەگەڵ هایکو کەم تا کورت هاوبەشە، بەڵام لە خەسڵەتەکانی سەر بە مەعریفەی (زێن و نەریتی سامۆڕایی) دا لە هایکو دوور دەبێتەوە. بە گشتی، لە ئەدەبی کوردیدا، هایکو تاک و تەراو لێرەو لەوێ بەرهەمهاتووە، بەڵام ڕەوت و جووڵە و بەرەی لێ بەرهەم نەهاتووە.

- لە کۆتاییدا دوو کورتیلە شیعر (هایکو) تان پێشکەش دەکەم:

١

**نە ڕادەکاو نە شەڕ**
**هێدی و نەرم**
**پەنا دەباتەوە بەر خۆی**
**کیسەڵ**

٢

**ڕەشترین فڕین**

هەوراز نامەی کتێب

**لە شینترین بەستێندا**
**قەلە ڕەشە**

***

*** ڕۆژ هەڵەبجەیی / شاعیر / سلێمانی :**




- کورتیلە شیعری (هایکو) چەند ساڵانێکە هاتۆتە نێو ژانری شیعری کوردی ،ئەڵبەت هایکوش وەک شیعر گۆرانی بەسەرا هاتووە، زۆربەی شاعیرانی کوردیش تا ڕادەیەک ئەزموونیان کردووە، کەم تا زۆر لەو ئەزموونەدا جێدەستییان دیارە ، هەر یەک بە شێوازی خۆی توانیویەتی ئەزموونی بکات...بە نیسبەت منەوە منیش تا ڕادەیەکی باش ئەو ئەزموونە دەستم بۆ برد ، بە تایبەتی لە کتێبی (دێڕێک دارستان و تاڵێک چۆلەکە) جێدەستم دیارە زۆربەی شیعرەکانی ئەو کتێبە هایکون، بەڵام نووسینی هایکو وەک وتم گۆرانی بەسەرا هاتووە دەبێت لەسێ دێڕ زیاتر نەبێت، دەبێت لەو سێ دێڕەدا پەیام بگەیەنی بە خوێنەر، ئەگەر لە سێ دێڕ زیاتر بوو دەچێتە قاڵبی پۆستەرەوە،

بەڵام هایکوی من جیاوازە وەک شیعرەکانم کە جیاوازن و تەقلیدی پێش ئەوانەی خۆمانمان نەکردۆتەوە .

لەلای من هایکو دەبێت زمانێکی چڕی هەبێت ، شیعرییەت لە ناوییدا هەڵقوڵابێت، وێنەی شیعری جوڵاو لە ناویا ڕەنگکرا بێت و کراوە بێت..دواتر دەبێت فکرو فەلسەفە و مەعریفە لە دوایەوەوە چاو بکاتەوە.

من ئەم ئەزموونەم کرد تێیدا سەرکەوتووش بووم، بەڵام دواتر بۆمدەرکەوت هایکو چەندە جوانیش بێت، خەیاڵی شاعیر دەکوژێت فێری دەکات خەیاڵ فراوانی بخاتە لاوە، بۆیە بڕیارمدا دوای کتێبی دێڕێک دارستان و تاڵێک چۆلەکە ئیتر هایکو نەنووسم ئەوەندە هەیە دەڵێم ئەزموونی




هایکـو نازانـم چەنـد سـەرکەوتووە لـەلای شـاعیرانی هایکسـت..من پێموایـە ئەوانـەی هایکسـتن واجوانـە هـەر هایکـو بنووسـن جوانترە لـەوەی شـیعر بنووسـن..چونکە شـیعری قەسـیدە و پۆسـتەر دەبێـت خەیاڵێکـی کراوەیـان هەبێت..ئەوەندەیـش بزانـم هایکـو خەیـاڵ دەکوژێـت..

- چەنـد هایکویـەک بەناونیشـانی (کەڤاڵـی ئەگـەرەکان)، کـە لـە کتێبـی چاپکراومـدا بەناونیشـانی (دێڕێـک دارسـتان و تاڵێـک چۆلەکـە) بڵاوکراونەتـەوە:

(١)

ئەگەر کەوشەکانی نەکاتە پێی،تاریکی
بەسەر شەقامەکانەوە دەنیشێتەوە
چرا

(٢)

ئەگەر کەوتنی نەبوایە،
گوڵ نەدەبووە دۆستی باخچە
باران

(٣)

ئەگەر پێڵاو نەبوایە،لە چاڵ وچۆڵی
جادەکان دەبورانەوە
پێیەکان

(٤)

ئەگەر لە پلانی فڕین شارەزا دەبوو،
نوچی نەدەدا لە باڵایا
فوارە

(٥)

ئەگەر ژمارەکان دەموچاوی نەدەکێڵا،
گەنجی ژەنگی نەدەگرت
تەمەن

***

*** ئـالان ڕەحمانـی / نووسـەرو هایکۆنـووس/ پـاوە/ ڕۆژهـەڵات:**



- گـەر بمـەوێ کـورت وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بدەمـەوە، ئەشـێ بڵێـم: ئەمجـۆرە شـیعرە بـە نـاوی هایکـۆ، کـە هـی ڕۆژهەڵاتـی دوورە و لـە ڕێـی ڕۆژئـاواوە ناسـیومانە، هێشـتا لـە نـاو ئەدەبـی کوردیـدا تەمەنێکـی منداڵیـی هەیـە و هەنووکـەش هـەن کەسـانێک وا ئەمجـۆرە شـیعرەیان بـۆ زمـان و ئەدەبی کـوردی پـێ شـیاو نییـە. بۆیـە سـەبارەت بـە سـەرکەوتوو بوونـی، بـە ڕەچاوگرتنـی تەمەنـی و ڕەخنەگەلێک وا لەسـەریە، ئەتوانیـن بڵێیـن تـا ڕادەیـە سـەرکەوتووە کـە نووسـەر و هـەوادارى تایبـەت بـە خـۆی دۆزیوەتـەوە. وە ئەگـەر بـە جۆرێکـی گشـتیی سـەیری کەیـن و لەگـەڵ جۆرەکانـی تـری شـیعر هەڵیسـەنگێنین، ئەبینیـن کـە سـەرکەوتنێکی وا بەرچـاوی لـە نـاو ئـەدەب و زمانـی کوردیـدا نەبـووە.

گرینگـە، کـە بزانیـن خوێنـەری بەرهـەم کێیـە!؟ ئێمـەی کـورد، وە بـە گشـتی ئێمـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی، چـەن هـەزار سـاڵە لەگـەڵ (شـیعر) یەکێتییەکـی سـەیر و سـەمەرەمان هەیـە و چەندیـن جـۆری جیـاوازی شـیعرمان بـووە و هەیـە و خاوەنـی جوانیناسـی و فەرهەنگی خۆمانین؛ لەم بارودۆخەشدا، سـەرکەوتن و جێکەوتـن بـۆ قاڵـب و جۆرێکـی شـیعریی وڵاتێکـی دوور، بـە جوانیناسـی و تایبەتمەنـدی خـۆی لـە نـاو ئەدەبی ئێمـەدا ئاسـان نییـە. ئـەم شیعرە شیعرێکە بـە چوارچێوەگەلێکی دیاریکـراو، وەکـو ئـەوەی کـە: نابێـت شیعرەکە لـە ١٧ برگـە و ٣ دێڕ زۆرتـر بێـت، وێنـە بـەس یـەک دیمەنـی تـەواو کـراو نەبێـت .

ئاساییە، کە شیعر چوارچێوەگەلێکی وا تونـد و تۆڵـی هەبـوو، سـەرکەوتن و نووسـینی بەرهەمـی باشـی لێـدژوارە. بـە تایبـەت کە مووجـەزە و هەمووکـەس

ڕەنگە توانایی جێبەجێکردنی نەبێت.

هەروا کە وتمان، کەسانێک هەن، کە دژی هایکۆن بۆ زمانی کوردی. کەسێک ئەیوت: (هایکۆی کوردی وەکو ئەوەیە بڵێی حەیرانی ژاپۆنی!)، کە لەبەرامبەری ئەم تێڕوانینانەش ئەتوانین ئەم پرسیارە بکەین، کە ئەیچۆن هایکۆی ئاڵمانی و ئیسپانی و ئینگلیزی و... هیچ کێشەیەکی نەبووە و سەرکەوتووش بووە، بەڵام هایکۆی کوردی نابێ؟!

چاپی یەکەمین دیوانە شیعری هایکۆی کوردی ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی واتا ١٥ ساڵ لەمەوپێش، بۆیە من پێموایە هێشتا لە ناو زمان و ئەدەبی ئێمەدا تەمەنێکی منداڵیی هەیە و بە پێی ئەو تەمەنەی، توانیویە هەوادار و نووسەری باشی خۆی بدۆزێتەوە، ئەگەر بە گشتگیری و ڕەخنەگرانەتر سەیری بکەین، دەشێ بڵێین هێشتا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستنەهێناوە و تا ئێستا لە ناو ئەدەبی کوردیدا شیعرێکی سەرکەوتوو نەبووە؛ بەڵام جێی هەیە بە هەوڵ و کۆششی ئەهلی هایکۆ، سەرکەوتن و جێکەوتنی باشتر و بەرچاوتر بەدەست بێنێت.

- فەرموون لەگەڵ دوو کورتە شیعری هایکۆ:

**نوسیی ژیان**
**بە جێی ژان**
**هێشتا جوان فێری نووسین نەبووە**

***

**فەرامۆشت ئەکەم**
**وەڵڵا!**
**حەتتا ئەگەر**
**تاتۆیەک بی لە سەر تەوێڵم**
**ئاوێنە جاڕت بدا هەموو جارێ**
**فەرامۆشت ئەکەم**
**وەڵڵا!**

***

هەواڵنامەی کتێب

**د. شادان عەلی/ شاعیر و هایکۆنووس/ سلێمانی:**



- ئەدەبی کوردی لە دوای سەردەمی نوێبوونەوە و نوێخوازی، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهانی سەردەم، بەردەوام لە تاقیکردنەوەی ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی دنیای ئەدەبدا بووە.

هایکو و دەرکەوتنی لە ئەدەبی کوردیدا، یەکێکە لە بەرهەمەکانی بەیەکگەیشتنی کولتووری کوردو ژاپۆن، نزیکەی دوو دەیەیە بە هێنانەئارای هایکو بۆ نێو ئەدەب و وێژەی کوردی، سەرنجی گشتیی دەخاتە سەر تواناو شێوازی زمانی کوردی تا جیهانێکی بەرفراوانتر و نوێتر لە دنیای مەعریفی و ئەندێشەیی ئەدەبی کوردی دەستەبەر بکات، دوور لە درێژدادڕی.

نووسینی کورتیلە شیعر.. (هایکۆ) لە ئەدەبی کوردیدا، تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتووە، هەم پەیامەکەت جوانتر دەگەیەنێت، هەمیش لەدرێژدادڕی دووردەبیتەوە، جوانییەکی تایبەت بە نووسینەکە دەدات، دنیایەکی چڕو پوخت و جوانە دەتوانین بەشێوازێکی جوان لەناو نووسینەکاندا تێکەڵ بکرێت.

من، بەکاریدەهێنم لەو کاتەدا چیرۆکێک یان دەقێ دەنووسم،کە پێویست بوو لە نووسینەکەمدا بنووسم، دەینووسم و بەکاریدەهێنم.

- ئەمانەش چەند کورتە شیعرێک بەتامی هایکوو:

١

**لە تاریکی شەودا هاوار مەکەن**
**گوێت لەهیچ دەنگێک نابێت**
**جگە لە قیرەی بۆق و**
**دەنگی گریانی منداڵێکی برسی!**

٢

**تۆ بڵێی سەبری ئەیوب بێت و**
**وەکو کراسە دڕاوەکەی یووسف**
**حەق سەر بکەوێت؟!**

٣

با دانیشین و
چاوەڕوانی کۆتایی یاری بین
خۆ لەمێژە یاری بە ئێمەی کورد
دەکرێت
ئیتر ئەمەش یارییە..
بەردانەوەی تۆپ!

٤

هەر دێیت و جوان دەبیت،
وەک ئەوەی زەمەن نەیەوێت
ئەو جەنگەت لەگەڵ سازدا،
کە یەخەی هەموانی گرتووە!

***

* بۆتان جەلال / شاعیر / هەولێر:



(هایکو) لە ژاپۆنەوە بۆ (مانتۆ پاشۆ)ی شاعیر دەگەڕێتەوە ، کە لەنێوان ساڵانی (١٦٤٤ - ١٦٩٤ ) ژیاوە، ئەمجۆرە شیعرەلە بنچینەدا لەجۆری شیعری (واکا) و (نێردراو) دروستبووە ، پاشتر بۆتە رەگەزیکی نوێی شیعر و بەهۆی گونجاوی ستایلەهونەریی و ئیستاتیکای زمانی لەنێو زوربەی شیعری میللەتانی دنیادا بڵاوبۆتەوە، شاعیر هەیەتەنیا بەو جۆرەشیعر دەنووسێ و پێیدەناسرێتەوە.

ئەمرۆ (هایکو) لەقاوغی ناوخۆی ژاپۆنەوەچۆتەدەرەوە بەرەو هەموو جیهان پەرەیسەندووە، بەڵام لەنێو هەر میللەتێکدا جۆرە گۆڕانکارییەکی لاوەکی بەسەرداهاتووە،

(هایکو) بریتییە لەشیعرێکی کورتی چەند وشەیی کەمانایەکی قووڵ و گوزارشتکردنێکی روحیی و هەستیی و نەستیی لێ بەرجەستەدەبێت و پابەندە بەیاسا و رئیسایەکی ریتمی تایبەت.. شاعیرانی نوێخوازی کوردیش بەناونیشانی جیاجیای وەک ( تابلۆ شیعر ، برووسکەشیعر ، پرتەوە شیعر ، هتدد ) شیعری(هایکو) دەنووسن

- مێژووی سەرهەڵدانی شیعری و ئەمجۆرە شیعرە وەک شیعرێکی

ئاسایی لێها تووەو بەربڵاوە، رەنگبێ چ لەشیعری کوردی ، یان لەشیعری میللەتانی غەیرە ژاپۆنی وەک یاسا و رێسا زمانیی و جۆرەکانی ریتم و ئەو تایبەتییە هونەریانەی کەشیعری (هایکو) ی لەسەر دامەزراوە، لەرووی کرداریییەوە جێبەجی نەکرابێت ، بەڵام وەک

شێوەزاری دەرەوەی و مانااداری لە وێنەشیعرییەکاندا بەردەستەو زۆر لەمەبەستەسەرەکییەکانی دوور نەکەوتۆتەوە. بەڵام کانگای (هایکو) لەژاپۆنەو لوتکەی نووسینی ئەم شیعرە هەر لەوێیە. نەوە دوای نەوە ، شاعیران لەژاپۆن شانازی پێوەدەکەن و پێی دەنووسن و دەوڵەمەندی دەکەن ، ئەوەتا شاعیریکی وەک (بانیا ناتسووبیشی) بەیەکێک لەشاعیرە هەرە دیارەکانی شیعری (هایکو) لەژاپۆن و جیهاندا لەقەڵەم دەدرێت، کەتوانیویەتی تێکەڵییەک لەنێوان شیعری رەسەنی (هایکو) و روحی سەردەمی ئەمڕۆی پێشکەوتن و دیاردە

خێرا وسەرنجڕاکێشەکانی تەکنەلۆژیا دروستبکات و سەرکەوتنی تێدا بەدەستبهێنێت.

***

ـ دوو کورتە شیعر وەک نموونە:

١

**وەک رامبۆ**
**وەک بۆدلێر**
**وەک حوسێن مەردان**
**وەک گۆران و دیلان**
**منیش مەستی مەیی و عەشقم**
**بەڵام تۆزێک لەوان بێدەنگتر و**
**تۆزێک لەوان شەرمنترم !!**

٢

**ئەو**
**درەختە ژنێکە**
**بێ بارانیش**
**لەناو دڵمدا**
**سەوز دەبێ و چرۆدەکا !**

***

*** سەردار قادر / هایکۆنووس/ سلێمانی:**



- کورد ئەدەبیاتی خۆی هەیە، کە بە یەکێک لە هەرە ئەدەبە کۆنەکانی جیهان دادەندرێت.،هەموو دەزانین مێژووی کورد پڕپووە لەشاعیری تەسەوف و سۆفیگەری وعیرفانی ، کلاسیک، پاشان شانبەشانی گەلانی دونیا هەموو ڕێبازەئەدەبیەکانی تاقیکردۆتەوە بەشانازیەوە تیایدا سەرکەوتووبووە بەڵام لە ئەزموونی نووسینی (هایکو)دا هێشتا لە سەرەتادایە ئەوەشی کە هەیە بەپەنجەی دەست دەژمێرێن

بەشێکی زۆری خوێنەرانیش هایکو بەزەوق سزی و گێژی لەقەڵەمدەدەن پێیانوایە هایکو نە شیعرە نەڕەوانبێژی تێدایە، بەڵکو هایکوغەدرێکە لەئەدەبی کوردی کراوە.

یاخود بەجۆرێکی تردەڵێن، هایکو، شیعرنیە و وڕێنەیە بەڕاستی ئەم عەقڵییەتە، تەواو بێبەرییە لە شاعیری پێشکەوتووخواز و خاوەن مەعریفە، بەتایبەتی شاعیرانێک کە توانای بیرکردنەوەیەکی باش باشیان هەیە، لەهەمانکاتیشدا خاوەن باکگراوندێکی زۆرباش ڕۆشنبیرییان هەیە، بەڵام بۆ جۆرە کەسانێک ئاساییە کە عەقڵیەتی خێڵگەرایی زاڵە بەسەریاندا هیچ کتێبێکیان نەخوێندۆتەوە، یاخود کەسێک پیشەی ڕۆژنامەنوسە یاخود پەیامنێرێکی پاسیڤە،ئەوا هیچ گلەییەک لەمانە ناکرێ چونکە ئەمانە هیچ فریان بەسەر ئەو ژانرەوە نییە ، بۆیە زۆرئاساییە ئەگەرگاڵتە بەو ژانرە بکەن یاخود بەشاعیرەکەشی ڕابوێرن ،لەڕاستیدا (هایکو) خۆی ژانرێکی ئەدەبییە و زمانێکی شیعریی فەلسفەیی خۆی هەیە، بەڵام چیبکەین لای خۆمان بەوجۆرە نامۆیە، تەنانەت لای گەلێ شاعیرو نووسەریش وەک فۆرمێکی شیعریی دەیناسن و

پێناسەی دەکەن ئەمەو بێئەوەی هیچ یاساورێسای هایکویان خوێندبێتەوە بەردەوام دژایەتی دەکەن، بەڵام دڵنیام بیست ساڵی تر،یاخود پەنجا ساڵی ترياخود لەهەرکاتێکی تردابێ درەنگ یازوو، مێژوو پێماندەڵێت کەوا چ شاعیرێک کاریکردووە بۆ مێژووی ئەدەبیاتی کوردی چ قۆناغێکیان دروستکردووەبۆی ،وەک وتم رۆژێ دێ نەوەکانمان ماستەرنامە و دکتۆراکانیان لەسەر ئیشوکار و بەرهەم و دەق و نووسینەکانی ئەوکەسانە بەدەستدەهێنن کەشاعیری هایکو بوون، چونکە ئەمرۆبمانەوێ و نەمانەوێ سەردەم سەردەمی گلۆبال و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە، کورد دەتوانێ پەرە بەبوارەکانی وەک هایکو، ستریو، رۆمان، سینەما و مۆسیقا بدات و جوانیەکانی خۆی روونتر بگەیەنێتە جیهان.

بۆ شۆڕشێکی ئەدەبی هاوچەرخی وەک (هایکو)ش، دەبێت شاعیرانی کورد چیتر لە جیهانی شیعر نووسیندا، قۆناغە چەقبەستووەکانی وەک لاواندنەوە و کروزاندنەوە تێپەڕێنن و هەوڵبدەن بەیەک قەڵمباز برۆنە نێو گۆڕەپانی ڕێبازێکی داهێنەرانەوە بە شرۆڤەی زانستیەوە دەستخەنە سەر ئەو برینانەی ، کە ساڵەهایە کراونەتە نێوجەستەی گەلەکەیانەوە، ئەوسا لە رێگەی دەزگا و دامەزراوە زانستیەکاندا، کار بۆ بەرپابوونی شۆڕشێک بکەن، کە هاوکات ببێتە ڕزگارکەری عەقڵ و ئەوینی گشت مرۆڤایەتی ، نەک سوڕانەوە لەناویەک بازنەدا

من وەکو خۆم لێرەوە سوپاسی ئەوانە دەکەم، کە زۆر بە نەرمی و بەهێمنیی و بە وردی بەردەوام خەریکی هۆنینەوەی هایکون هەمیشە سەرقاڵی پرۆژە جوانەکانی هایکون، ئەمەش بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی بۆ هەتاهەتا دەمێنێتەوە، کە چییانکردوە.

لەکۆتاییدا دواقسەی منیش ئەمەیە، کەسانێک هەن، کە ئاستی هۆشیارییان هێندە نزمە بەکەڵک نایەت کۆمێنت بۆپۆستەکانیان بنووسیت، چونکە مەحاڵە ئەوانە تێبگەن و بکرێنەوە لەگەڵ داهێنانی نوێدا، ئەوان جگە لە پۆستی بێ ماناو واتا هیچ شتێکی تریان پێ نییە بینووسن!

- چەند نموونەیەک لە کورتە شیعری هایکوو لە کتێبی (سەبەتەیەک ئەستێرە)دا:

١

من
پێویستم بەوەرزش نیە،
هەموو ڕۆژێ چنگ لەسەرشان،
نان ڕاومدەنێ

٢

ئەگەر
نان باڵی هەبوایە
بەرد قاتی دەبوو
لە برسییەکان

٣

پارە
شێخ نییە ،
ئەمما دەروێشی زۆرە!!

***

* عیسا حسێن / شاعیر/ هەولێر:



زۆر جار لەئەدەبیاتدا دیاردەیەک یاخود جۆرە ئەدەبێک بۆ ماوەیەک دەبێتە باو. زۆر لەنووسەران و شاعیرانیش پەیڕەوی دەکەن ئەمە لەئەدەبیاتی دنیا بەگشتی و لەئەدەبیاتی کوردیش بەتایبەتی نموونەشمان بۆ ئەمە هایکۆیە، کە من پێموایە ئەمە سەرەتا لەئەدەبیاتی ژاپۆنییەوە هاتووە ... من بەشبەحاڵی خۆم کەمتر پەیڕەوم کردووەو کەمتریش زانیاریم دەربارەی هەیە.

ئەوەی لای من گرنگ بێ کورتیلەشیعرە، پێشموایە جیاوازییان هەیە کورتیلەشیعر بەبەراوورد لەگەڵ هایکۆ، بۆیە من باسی کورتیلەشیعر دەکەم ... ئەمە مێژوویەکی درێژی هەیە لە ئەدەبیاتی ئێمەدا، بەدەیان و بگرە بەسەدان لەشاعیرانی ئێمە پەیڕەویان کردووە، بەڵام ئێستا لەسەردەمی ئەنتەرنێت و سۆشیال میدیا زیاتر بووەو زیاتر مومارەسە کراوە بەمنیشەوە، چونکە خوێنەر کەمتر سەلیقە یان کاتی هەیە بۆ قەسیدە یان شیعرێکی درێژ بۆیە ئێستا ئەم کورتەشیعرانەمان زیاتر

هەواڵنامەی کتێب

بەرچاو دەکەوێ. لەهەمانکاتیشدا چەمکە شیعرییەکە زووتر و ئاسانتر دەگەیەنێ و خوێنەر ماندوو ناکا، ئەوەشمان بیرنەچێت نووسینی ئەم کورتیلەشیعرانە ئاسان نییەو شیعر هیلاک دەکا، بەڵام قودرەت و توانای شاعیربوونی دەرناخا بە بەراورد بەقەسیدەیەکی درێژ کە وەکو دەریا وایەو شاعیر ئاسانتر مەلەی تێدا دەکاو وێنەو خەیاڵی زیاتر بەکاردێنێ و فەزای بیرو هزریی و گەمەکردن بەوشە لە قەسیدە ئاسانترە، بەڵام کورتیلەشیعریش بەشێکە لەئەدەبیاتی ئێمە و بەپێویستی دەزانم، کە هەبێ و مومارەسە بکرێ..

- ئەوەش هایکۆیانە .. چەند کورتیلە شیعرێک:

١

مەمکە شیعر ..
بمکە بە نیشتیمانی خۆت !

٢

هێندە لەگەڵ تۆدا بووم و پێکەنیم
تا چاوەکانم
عەشقی تەنیایی و
فێری گریان بوون !

٣

خۆزگە مۆبایلەکەت
بە رۆح کاریدەکرد
هەرئێستا هەموو ژیانم
بە مەسجێک بۆ دەناردی !

٤

کە بینیتان
شەقامێک جوان بووە
دڵنیابن کەمێک پێش ئێوە
شۆخە ژنێک پێیدا تێپەڕیوە !

٥

لە بەرامبەر سەنگەری مەمدا
من هەمیشە
ئاڵای سپیم هەڵداوە !

٦

لەو پاییزەی جەستەتا
پەنجەکانم
چەند حەزیان لە هەنارە
رووخسەتیان بدە
با پیاسەیەک
بە ڕەزوباخی سینەتا بکەن !

***

# لێکدانەوەی شیعری
# (مەنزڵی نوێم)ی فازیل شەورۆ



د. هاوژین صلیوە

هەواڵنامەی کتێب

**((مەنزڵی نوێم))**

**دایە...**
**هیچ خەم مەخۆ،**
**لە هەر کوێیەکم دەنێژن بمنێژن:**
**لە خوار گۆڕستان!**
**لەپاڵ گابەردێک!**

لەدەم جۆبارێک!
لە ڕۆخ ڕووبارێک!
لە چۆڵەوانی!
لە سارا و بیابان!
لە کەژ و کێوان!
هیچ خەمت نەبێ،
لە هەر کوێیەک بم
چۆلەکە
هەر دێنە سەر شانی کێلەکانم
کەسیش
لە گۆڕ دەرم ناهێنێ و
ئەتکم ناکا.
لە هەر کوێیەکم دەنێژن بمنێژن.

دەقی (مەنزڵی نوێم) شیعرێکی مامۆستا فازیل شەوڕۆیە لە ٦-١١-٢٠٢٠ لە فەیس بوکەکەی خۆی بڵاوی کردبووەوە، سەرنجی ڕاکێشام و ئەم نووسینەی لێهاتە وجود. ئەم دەقە دەچێتە خانەی شیعری کورتەوە، بەستایل و فۆڕمی نوێ نووسراوە و سەرنجی خوێنەر زنجیرەیی بەچەند وێنەییێکەوە پەیوەست دەکات.

دەقێکە ئاوێتەی ناخەکان دەبێ، ئاخر باسی شتێکی کردووە پەیوەستە بەژیانی هەموو کەسێک، لە هەڵێنجانێکی سادەوە بەوێنەی واقعی و پرمانا، لەڕووی لایەنی مۆسیقاوە لە زۆربەی لەتەکان گرینگی بە کێشی پێنج بڕگەیی داوە، وردتر سەیری شیعرەکە بکەین، ناونیشنەکە (مەنزڵی نوێم) خواستراوە بۆگۆڕ، چونکە لەکوردەواری (دوامەنزڵ و مەنزڵی نوێ و ماڵی نوێ و ماڵی هەمیشەیی...) بۆگۆڕ بەکار هاتووە. لەدەست پێکەوە ڕوودەکاتە دایکی: داوای لێدەکات هیچ خەم نەخوات لە هەر کوێیەکی دەنێژن با بینێژن،لەم ڕۆژگارە ڤایرۆساوییەدا مرۆڤەکان هێندە دوورە پەرێز و لێکدابڕاون، تەنانەت بۆمەرگی کەسانی زۆر ئازیز ناتوانن ئامادەبن، کەسێکیش لە غوربەت و تاراوگە بژی زیاتر بیری ئازیزانی دەکاتەوە، بەتایبەتی دایک، کە چەند درەخت پەیوەستە بە خاکەوە، مرۆڤیش ئەوەندە پەیوەستە بەداکییەوە. مرۆڤ خەونە کابووسی وا دەبینێ... کە ڕەنگە دایک تەرمی

ڕۆڵەکەی خۆشی نەبینێتەوە، چەند دالێکی تێدایە، ئێمە مەدلوولەکانیان دەخەینەڕوو، هەرچەندە شیعرەکە ئاراستەی دایکی دەکات، بەڵام هیچ ڕێگرییەک لەوە نییە کە مەدلوولی دایک خاکیش بگرێتەوە و گۆڕغەریب بێت. شاعیر لە کەلتووری خۆماڵییەوە داواکارییەکەی دەخاتە ڕوو، لەنەست و لاشعوری جەمعی کۆمەڵگای کوردەواری واهاتووە، کە دوای مردن مرۆڤ بەخاک دەسپێردرێ، خۆ ئەگەر بۆکەلتووری ولاتانی دیکە بچین، دوای مردن، سوتاندن و شێوازی دیکەش هەیە.

شاعیر هەر پەیوەست دەبێتەوە بەزەوی (خاک)، کەوتە دایک هەم دایکی خۆیی و هەم خاکیش دەگرێتەوە. ئەو باکی بەوە نییە لەگوێی دەنێژن، هەرچەندە حەوت شوێنی ژماردووە، مەبەستییەتی بڵێ بەدەر لەو حەوت شوێنەش لە هەر شوێنێکی دیکەش دەمنێژن باکم نییە، و ئاساییە.

لەگوتەی (چۆلەکە هەر دێنە



فازیل شەوڕۆ

سەرشانەکانم) (کەس لەگۆڕ دەرمناهێنێ و ئەتکم ناکا). دالەکان ئەوشتانەن لەدەقەکە هەن، کە بەسرووشتی لەسەر کێلی قەبرەکان تەیر و توار دەنیشنەوە. کەسی خراپیش ئەوەندە خەڵک لێی ناڕازییە زۆر جار دوای مردنیش گۆڕەکەیان هەڵداوەتەوەو لەکفن دایان ماڵیوەو دەم و چاویان شێواندووە و ئەتکیان پێکردووە.

مەدلوولەکانی ئەم دوو دالە ئەوەیە: چۆلەکەکان مەبەست لە فریشتەکانی خودا و لایەنی خێر

و ڕازی بوونی خوداشە لەپاکی ئەم مرۆڤە. لە گۆر دەرنەهێنانیش مانای وایە، دوای مەرگیشی ئەوا لەلایەن خەڵکەوە هەر ڕەحمەتی بۆدەنێردرێت و بەباشە باسی دەکرێ. واتا گرەوی خۆی بردۆتەوە هەم خودا و هەم خەڵک لەو ڕازین، چونکە پەرێزی پاکە و ڕابردووی خاوێنە و بێ لەکەیە و زەمیری مورتاحە و رزقی حەڵاڵی خواردووە و دەروونی ئاسوودەیە و مەعدەنی خۆی دەناسێ و باکی لەمردنیش نییە، داوای جوانکاری قەبر ناکات لەدوای مردن. بەلای ئەو ئەوە گرینگە کە ڕازیبوونی خوداو و خەڵک بەدەست بهێنێ.

گوتەی (لە هەر گوێیەکم دەنێژن بمنێژن) دووجار پات بۆتەوە، لە دەست پێکی شیعرەکە و لە کۆتایی شیعرەکەش هەمان شت دووبارە بۆتەوە، ئەمەش دەبێتە وێنەیەکی بازنەیی و شیعرەکە بەناشتن دەست پێدەکا و بە ناشتنیش کۆتایی پێدێ. لەڕووی دەروونییەوە دەربڕینی ئەو خەم و خەفتەیە کە لەلای شاعیر کەڵەگەی کردووە، لەوانە: دووری لە ئازیزان، بوونی ڤایرۆسی کوشندە، ژێردەستی خاکی کوردستان، نەخۆش کەوتنی خۆیی و هەست کردن بەڕەش بینی و بێهودەیی و هەست کردن بە هەڵکشانی تەمەن...

ئەمانە وایان کردووە بیرلەوبابەتە بکاتەوەو تەواو بچێتە ناوخەیاڵێکی چڕ و تەنانەت گۆڕەکەی خۆشی هێناوەتە بەرچاوی و ئەو باڵندە و تەیرەشی لەزەینی خۆی کێشاوە کە چۆن دێت و چریکەو ناڵەی خۆی بەیان دەکات، دواتر خوێنەریش ئاوێتەی جیهانی شیعرەکە دەکات، چونکە لەبارەی بابەتێک دواوە کە گشتییە. کێشەی مەرگ خاڵی تێڕامانی هەموو مرۆڤێکە، بەتایبەتی ئەدەیب و شاعیران زیاتر بەرەو ناخی ئەو بابەتە ڕووچووین

BRIEF GRAMMAR AND VOCABULARY

## OF THE KURDISH LANGUAGE

**.OF THE HAKARI DISTRICT**

,BY THE LATE REV. SAMUEL A. RHEA

.MISSIONARY OF THE A. B. C. F. M. IN KURDISTAN

Presented to the Society Oct. 21st, 1869

# کورتەیەکی ڕێزمان و وشەسازیی زمانی کوردی

# لە ناوچەی هەکاری

**قەشە سامۆیڵ ئە. ئارییا**

**لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق**

هەواڵنامەی کتێب



لەلایەن کۆچکردوو قەشە سامۆیڵ ئە. ئارییا
میسیۆنەر (مژدەدەر) لە کوردستان
لە ٢١ی ئۆکتۆبەری ١٨٦٩دا پێشکەش بە کۆمەڵەی میسیۆنێری کراوە

INTRODUCTORY NOTE BY THE COMMITTEE OF PUBLICATION

تێبینی و پێشەکی لەلایەن لیژنەی بڵاوکردنەوەوە

بەڕێز قەشە ڕییا لە هاوینی ساڵی ١٨٥١دا گەیشتە بواری کاری میسیۆنێریی خۆی و لە نێو نەستۆرییەکانی چیاکانی کورددا، لە گوندی مێمیکان جێگیر بوو، کە گوندێکی پێدەشتی شاخەکانی ناوچەی گەوەرە، پێش کۆتایی هەمان ساڵ. ئەمە بوو بە بنکەی مانەوەی و زیاتر لە هەشت ساڵی خایاند (تا نیسانی ساڵی ١٨٥٩)، تا ئەو کاتەی کە بەهۆی نەخۆشییەوە بەرەو ئەمریکا دەگەڕێتەوە. دواجار لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ وڵاتی نەستۆرییەکان (ئۆکتۆبەری ١٨٦٠)، بارودۆخ وایکرد کە لە ئورومیە (ورمێ) بمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی کە لە ئەیلوولی ساڵی ١٨٦٥دا کۆچی دوایی کرد. لەو ماوەیەدا کە لە گەوەر بوو، لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا بوو لەگەڵ کورددا و بایەخی زۆری بە زمانەکەیان دەدا و ڕاست و دروست قسە و گفتوگۆی پێدەکرد، هەرچەندە هەرگیز هەوڵی بەکارهێنانی نەدەدا بۆ مەبەستی وەعزدادان و بانگەشەی ئایینی و بووبوو بە خاوەنی بەهرە و سەلیقەیەکی فیلۆلۆژیی نائاسایی و بە جۆرێک دەسەڵاتی بەسەر زمانی سریانیی مۆدێرندا دەشکا و بەکاریدەهێنا کە بەزەحمەت هیچ میسیۆنێرێکی تر لە عۆدەی دەهات. لەو کاتەدا کە ئەو لەناکاو دابڕا، لە سەرەتای ژیان و ترۆپکی سوود گەیاندن بوو، کەچی ئەو خۆی بۆ تورکیی ڕۆژهەڵاتی یان تاتاری تەرخانکرد، بە نیازی وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بۆ ئەو دیالێکتە. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ژیان و زەحمەتەکانی ئەم پیاوە سەرنجڕاکێشەوە، ڕەنگە وا باشتر بێت بۆ ژیاننامەکەی بگەڕێینەوە بۆ کتێبەکەی قەشە دی. دەبلیو. مارش، بە ناونیشانی «کەسێکی خەڵکی تەنەسی لە وڵاتی فارس و کوردستاندا» (فیلادلفیا، ١٨٦٩).

ئەو نەخشە یان سکێچە ڕێزمانییەی لێرەدا هاتووە، پێدەچێت لە ماوەی زستانێکدا گەڵاڵە بووبێت کە نووسەر لە چیای سێیر، سەرووی ئورومیە بەسەری بردووە، پێش ئەوەی بۆ دواجار گەوەر بەجێبهێڵێت. دیارە وشەسازییەکە ماوەیەک لە لای مابووەوە و وردە وردە پێویستی بە زیادکردن و ڕاستکردنەوە دەبوو، هەرچەندە تا ڕادەیەکی زۆریش نەبوو،

لـە دوای یەکـەم نەخشەکێشـانی. بـێ گومـان هـەردوو بابەتەکـە تەواوتـر و وردتـر دەبـوون، ئەگـەر کارەکانـی بەڕێـز ڕییـا، دوای گەڕانـەوەی بـۆ وڵاتـی فـارس، وەک پێشـتر لـە نـاو کوردەکانـدا بمابایەتـەوە، یـان ئەگـەر خـودی خـۆی سـەروبەری بگرتایـە و ئامـادەی بکردایـە بـۆ بڵاوکردنـەوە. بـەڵام، لـەو فۆرمەیانـدا وەک ئـەوەی لەلایـەن خۆیـەوە بەجێمابـوو، ئـەوە پێویسـتیان بـە زیادکردنێکـی گرنگـە بـۆ زانیارییەکانمـان لەبـارەی ئـەم زمانـە سەرنجڕاکێشە، بـە تایبـەت وەک ئەوەی لـە ناوچـە و دیالێکتێکـەوە هاتووە، وەک بزانرێت و تـا ئـەو جێگایـەی کـە ئێمـە ئاگاداریـن، هیـچ زانیارییەکـی لەبـارەوە تۆمـار نەکـراوە.

بـە ڕێزگرتـن لـەو ناوچەیـە و شـێوەزارەکەی، قەشـە جـەی. ئێـج. شـێدی جێنشـینی بەڕێـز ڕییـا لـە گەوەر (ئێسـتا شـارۆچکەیە)، بـەم شـێوەیە بۆمـان دەنووسـێت:

«ئـەو ناوچەیـەی کـە خەڵکەکـەی بـە تایبەتـی بـەم شێوەزارە دەئاخڤن سـەر بـە هەکارییـە، یـان سـەر بـەو تیـرە و هۆزانەیـە کـە میرنشـینی ئـەم دواییـەی جولەمێرگیـان پێکهێنابـوو، کـەوا بەشـی باشـووری پاشـالکی ئێسـتای وانـە و سـنووری وڵاتـی فـارس (واتـە ئێـران- و) دەکەوێتـە ڕۆژهەڵاتیـەوە و ناوچـەی بۆتانیـش دەکەوێتـە ڕۆژئاوایـەوە. ناوچـە سـنوورییەکانی باشـوور بریتیـن لـە تیـاری، پینیانیـش، داسـتیگان و شـەمدین (یـان شـەمزینان- و) و لـە باکـوورەوە بـەرەو سـەرەوە دەڕوات تـا بەرانبـەر خۆی، لـە باکووری کۆتوورەوە. هـۆزە سـەرەکییەکانی دێهاتـی هـەکاری بریتیـن لـە: هارتوشـی، کـە هۆزێکی زۆر بەهێـزە و ژمارەیـان زۆرە، کـە زسـتان لـە دەشـتەکانی میزۆپۆتامیا و هاوین لە نێـوان جولەمێـرگ و بۆتانـدان، لەگـەڵ لقێکـی بچووکتـر کـە هاویـن لـە نزیکـی تێخۆمایـە و پینیانیـش، بەشـێکی لـە باشـووری تێخۆما و بەشـێکی لە گەوەرە و داسـتیگانی، دوورتـر لـە ڕۆژهـەڵات و لـە ڕۆژهەڵاتـی جەلـوە. هێشـتا لـە ڕۆژهەڵاتـی دوورتـر، کوردەکانـی شـەمدین یـان نۆچیـان و بێجگـە لـە هـۆزە جێگیـرەکان، هۆزێکـی کۆچـەری بەهێـز هەیـە کـە هەرکییـە و دوورتـر لـە باکـوور، لـە گـەوەر و لەسـەر سـنووری فـارس، هـۆزی دیرینییـە لـە نێـوان گـەوەر و جولەمێرگـدان، بیلیجانییـەکان لـە نێوان گەوەر و ئەلباغدان، سۆرانی

لـە ئەلباغـە، نزیـک باشـقەڵا، ئەلباغـی لـە باکـووری دوورتـرە، سـوخمانی دەکەوێتـە ڕۆژئـاوای جولەمێرگـەوە، لێوانی لـە باکـووری دوورتـرە، هۆرامنـی و تـاری و ئەلواجێکـی لـە دەوروبـەر و ئەودیـوی کۆتـورن. ڕەنگـە ئـەم ناوانـە، هەموویـان، بـە تـەواوی ڕاسـت نەبـن، بـەڵام بیرۆکەیـەک دەدەن لەبـارەی جۆراوجۆریـی ئـەو هۆزانـەی کـە لـە نـاو ئـەوەی لـە میرنشـینی جولەمێرگـی سـەربەخۆدا بـووە . دیالێکتـی هـەر هۆزێـک تایبەتمەندیـی خـۆی هەیـە. ژمارەیەکی بەرچاو لـە کـورد لـە ناوچـە سـەربەخۆکانی نەسـتۆریدان وەک بـاز و تێخۆمـا و تیـاری و نزیکـەی هەمـوو نەسـتۆرییەکان زمانەکـە دەزانـن. کـوردەکان ئەوانـەی لـە سـەرەوە باسـمان کـردن ڕەنگـە ژمارەیـان ٢٠٠ هـەزار بێـت. لەودیـو وڵاتـی هـەکاری لەوانەیـە بـە شـێوەیەکی بنەڕەتـی هەمـان ئـەو زمانـە قسـە بکـەن کە لـەم کتێبـی ڕێزمانـەدا هاتـووە، هەمـوو کورد لـە دیـوی سـنووری وڵاتـی فـارس، لـە نێـوان چیـای ئـارارات و سـاوجبلاخدا، لـە دیـوی تورکیـاش، هەموویـان لـە ڕۆژهەڵاتـی دەریاچـەی وان و هەروەهـا لـە باشـووری ناوچـەی هەکارییشـەوە تـا ڕەوانـدز. کوردەکانـی بۆتان کە بیسـت و پێنـج سـاڵ لەمەوبـەر لـە ژێر دەسـەڵاتی بەدرخـان بەگدا بـوون، کەوتوونـە خاڵی نێـوان کـوردی هـەکاری و ئەوانـەی کـە نزیکـی خەرپووتـن - پێموایـە، تـا ڕادەیـەک نزیکتـرن لـە یەکەمـەوە. ئـەو دیالێکتـە کوردییـە لـە سـابڵاخەوە بـەرەو باشـوور، بـە ناوچەکانـی سلێمانی و سنەشـەوە، تـەواو جیـاوازە لـە دیالێکتـی هـەکاری. دیالێکتـی خەرپـووت ڕۆژئاواییـە و سنە باشـووری ڕۆژهەڵاتـە و ئـەوەی هـەکاری ناوەڕاسـتە و ڕەنگـە ئەمیـان کەمتریـن تێکەڵـی هەبێـت لەگـەڵ توخمـە بیانییەکانـدا.»

خاتـوو ڕییـا دەنووسـێت: «لـە ئێسـتادا، لـە گـەوەر، بـە دانانـی دیاکۆن تەمـۆی میسـیۆنێرمان، دراوسـێ و یاریدەدەری بەڕێـز ڕییـا بـوو، سـەرقاڵی وەرگێڕانـی کتێبـی پیـرۆزە بـۆ زمانـی کـوردی. دیاکـۆن تەمـۆ، زمانەکانـی سـریانی، تورکـی، کـوردی دەزانێـت و ڕەنگـە زمانـی عەرەبییـش بزانێـت و لەلایـەن بەڕێـز ڕییـاوە زمانەکانـی عیبـری و ئینگلیزییـش فێربـووە». کتێبێکـی سـەرەتایی کـوردی، بـە پیتـی ئەرمەنـی، لـەم دواییانـەدا (١٨٦٨) ئامـادە کـراوە و لەلایـەن دەزگای

مسیۆنێریی ئەمریکییەوە لە خەرپووت بڵاوکراوەتەوە. ڤێرژنێکی تەواو لە پەیمانی نوێ (ئینجیل- و) کە لە ژێر چاودێری هەمان مسیۆنێریدا ئامادە کراوە، ئێستا یان دەبێت بەم زووانە چاپ بکرێت. چەندین ساڵ پێشتر (١٨٥٦)، وەرگێڕانێکی کوردی لە ئینجیلەکان، «لەلایەن یارمەتیدەرێکی خۆوڵاتیی مسیۆنێریی ئاشوورییەکان» لە قوستەنتینییە چاپکراوە، کە ئەمیشیان بە پیتی ئەرمەنییە. ئەمانە تاکە کارن بە کوردی یان پەیوەندیدار بە کوردییەوە، کە وا زانراوە لەلایەن مسیۆنێرییە ئەمریکییەکانەوە بەرهەم هێنرابێت تا ئێستا.

لە ئامادەکردنی کارەکەی بەڕێز ریپا بۆ رۆژنامەگەری، ئێمە بە سادەیی رێزمانەکەمان دارشتووەتەوە، دەستکاریکردنی تا رادەیەک رێکخستن و فۆرمەکانی راگەیاندن و لێدوانەکەی، بەڵام بەبێ گۆڕانکاری یان زیادکردنی بنەڕەتی. وشەسازی تەنها بە رێکخستن گۆڕاوە، بەپێی شێوازی جیاوازی رێنووسی بزوێن کە ئێمە وەرمانگرتووە.

نووسەر هاتووە رێزمانەکەی لە رووی رێنووس، ڤاوڵ، پیتی بێدەنگ، وتار، ناو، راناو، ژمارە، فەرمان (کردار)، کرداری نارێک، کرداری پاسیڤ، کرداری لێکدراو (کۆمپاوند)، ئاوەڵناو (ظرف)، حرف جر (پریپۆزیشن)، عرف عطف (کۆنجانکشن) رێکخستووە.

لە کۆتاییدا، زیاد لە نیوەی کتێبی رێزمان (گرامەر)ەکەی، کە ٣٨ لاپەڕەیە بۆ وشەسازیی زمانی کوردیی Vocabulary of the Kurdish Language تەرخانکردووە، بە ریزبەندیی ئەلفبێ، کە دەیان و سەدان وشە لەخۆدەگرێت و وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی، بێجگە لە جیاکردنەوەیان و ناو و فەرمان و راناو و ئاوەڵناو .. تاد.

**تێبینیی وەرگێڕ:** «ئەم کتێبی رێزمانە و گەلێ کتێبی رێزمان و فەرهەنگ و قامووسی تری زمانی کوردی، کە مسیۆنێرە (مژدەدەرە) کریستیانەکان لە رابوردوودا ئەنجامیانداوە، زۆر سوودی بە زمانی کوردی و دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی گەیاندووە. هەرچەندە ئەوانە بە مەبەستی ئایینی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆیان هاتوونە کوردستان، بەڵام بەم کارانەیان خزمەت و سوودێکی زۆر باشیان گەیاندۆتە خەڵکی کورد. بێگومان ئەمە بۆ رۆژهەڵاتناسەکانیش هەروایە».

ئەرشیفی کتێب